# حەمە جەزای هونەرمەند و پێشمەرگە بۆ خۆی نەژیا، بۆ کوردستان ژیا

**ژمارەی تایبەت بە هونەرمەندی نەمر حەمە جەزا**

ئەم ژمارەیەی هەفتەنامەی بەدرخان تایبەتە بە هونەرمەند و پێشمەرگە حەمە جەزا، خۆی لە خۆیدا گەورەییە بۆ گیانی پاکی ڕەوانشاد (حەمە جەزا)، چونکە ئەو موڵکی هەموان بوو، بۆ هەموانیش ژیا. ئەو تەنیا لە بنەماڵەکەی ماڵئاوایی نەکرد، بەڵکو ماڵئاوایی لە تێکڕای هونەرمەندان و پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان کرد. سەرەڕای سەرەخۆشیمان لە بنەماڵەکەیان و تەواوی هونەردۆستان و هونەرمەندان و پێشمەرگە کۆڵنەدەرەکانی کوردستان، ئەم ژمارەیەی هەفتەنامەی (بەدرخان)مان تایبەت کرد بەم کۆستە ناوادەیەی ئەم کەڵە هونەرمەندە.

**دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی "بەدرخان"**





www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com

بەدرخان
Bedirxan

بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهاڕن وەکو ئاش

هەفتەنامەیەکی ڕۆژنامەوانیی گشتیی ئازادە - دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی "بەدرخان" دەریدەکات

ژمارە (١٤٩)، هەینی، تشرینی یەکەمی ٢٠١٠/١٠/٨ زایینی - بەرانبەر بە ڕەزبەری ٢٧١٠ی کوردی - ساڵی دەیەم

## هۆ کاکی پێشمەرگە

هۆنراوەو ئاوازو وتن : حەمە جەزا
ئامادەکردن : دلێر ئیبراهیم

هـۆ کـاکـی پـێـشـمـەرگـە، شـۆڕشـگـێـڕی قـــارەمـان
نـاوی پـیـرۆزی تـۆیـە بـۆتـە وێردی سـەرزوبـان


لـەنـاو گـیـان و دەروونـی چـەوسـاوەکـــان دەژی
هەمیشە هاوڕێی چەک و بڕوا و سەنگەر و کەژی

برسیەتی و ڕەنجکێشانت بۆتە پیشەی چەند ساڵە
ئـەبـێ هـەڵـکـەی خـەبـاتـکـەی دژی ئـەم ژیـنـە تـاڵـە


ژیـنـی کـۆشـک و تـەلارت بن بـەرد و نـاو چیایە
هەرچی نـاوی سامانە شک نابەی لەم دنیایە

بیر و بڕواو تفەنگت مایەی خۆڕاگرتنە
بەردەوامیت لە خەبات نیشانەی سەرکەوتنە


# حەمە جەزا گوندەکانی لانەی شۆڕش لەبیر ناکات




دوو کتێبی چاپکراوی هونەرمەند و پێشمەرگە حەمە جەزا



کتێبی دووەمی (هۆنراوەکانی هونەرمەند و پێشمەرگە حەمە جەزا) ئامادەکردنی عەبدولواحید ئیدریس شەریف، لە ڕۆژی چلەی ماتەمینی حەمە جەزا بڵاودەکرێتەوە



کتێبی یەکەمی (حەمە جەزا هونەرمەند و پێشمەرگە) ئامادەکردنی عەبدوڵڵا عوسمان، پێش ماڵئاوایی حەمە جەزا چاپکرا



# بروسکەی ماتەمینی مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەند حەمە جەزا

پرسەنامەی سەرۆک مام جەلال بۆ کەسوکاری پێشمەرگەو هونەرمەند محەمەد جەزا
بەبۆنەی کۆچی ناوادەی پێشمەرگەو هونەرمەندی ناسراوی کوردستانەوە محەمەد جەزا، سەرۆک مام جەلال پرسەنامەیەکی ئاراستەی کەسوکاری خوالێخۆشبوو کرد، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:
بۆ بنەماڵەو کەسوکاری پێشمەرگەو هونەرمەندی ناسراو
کاکە حەمە جەزای خوالێخۆشبوو
زۆر بە داخەوەو بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی ناخۆشی کۆچی ناوادەی پێشمەرگەو هونەرمەندی ناسراوی کوردستان کاکە حەمە جەزامان پێگەیشت و لە ناخی دڵەوە خەمباری کردین .
بەم بۆنە خەمناکەوە بە گەرمی سەرەخۆشی لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لە خۆمان و لە ئێوەی بەڕێزو یەکە بەیەکەی خانەوادە سەربەرزەکەتان دەکەین، خۆتان خۆش بن و تەمەنی درێژی بۆ هاوسەرو منداڵەکانی و هەروەها بۆ براو خوشکەکانی و ئێوەی خۆشەویست بەجێهێشتبێت .
کاکە حەمە جەزا هونەرمەندێکی دەنگخۆش و بە ناوبانگ و خاوەن بیروڕای پێشکەوتنخوازانەی ئەوتۆ بوو، کە بە هونەری ڕەسەن و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی توانیبووی بێ وەڕس بوون خزمەتی میللەتەکەی و کێشەی ڕەوای گەلەکەی خۆی بکات و هەموو ژیانی خۆی بۆ تەرخان بکات، هەر لە خەباتی نهێنی ناو شارەوە بیگرە تا دەگاتە تێکۆشانی پێشمەرگانەی شاخ و دواتریش بەخششی هونەریی بەردەوام لە سەردەمی ئازادیدا، کاکە حەمە جەزا بەردەوام بە گیانی پێشمەرگانەو خۆنەویستانە خزمەتی هونەری ڕەسەنی کوردی کردووە و گۆرانی بۆ خۆشەویستی و سرودی بۆ ئازادی و ئاوەدانی و سەرفرازی گەلی کوردستان وتووە، بۆیە بە کۆچی دوایی کاکە حەمە جەزای نەمر خەسارەتێکی گەورە بەر کاروانی هونەرو مۆسیقاو ئەدەبی ڕەسەنی کوردەواری دەکەوێت و ئەم کاروانە نەپساوەیە یەکێک لە ڕێبوارە ماندوونەناسەکانی خۆی لە دەستدەدات.
لەم ساتە خەمبارەدا، لەناخی دڵەوە هاوخەمی خۆمانتان پێڕادەگەیەنین و هاوبەشی خەمتانین، هیواداریین ئەمە دوایین خەمی بنەماڵە کوردپەروەرەکەتان بێت و چیتر ناخۆشی و پەژارە نەبینن .
لە کۆتاییشدا لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە کە ئارامی و ئۆقرەیی بە هەموومان بدات و گیانی هەرگیز نەمری کاکە حەمە جەزاش بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات .
نەمریی بۆ هونەرمەندی پێشمەرگەو پێشمەرگەی هونەرمەند کاکە حەمە جەزای ڕەحمەتی .

**انا لله و انا الیه راجعون**
**برای دڵسۆزتان**
**مام جەلال**

# بروسکەی ماتەمینی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەند حەمە جەزا

سەرۆکی هەرێمی کوردستان: حەمە جەزا توانی لەدڵی گەلەکەماندا جێگای خۆی بکاتەوە، بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەندو پێشمەرگەی گەلەکەمان حەمە جەزا، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بروسکەیەکی سەرەخۆشی بڵاوکردەوەو تیایدا سەرەخۆشی لە کەسوکاری کۆچکردوو و هونەردۆستان دەکاتو هیوا دەخوازێت جێگای بەهەشتی بەرین بێت.
**ئەمەش دەقی بروسکەکەیە:**
بەداخەوە لەم کاتەدا کە لە دەرەوەی وڵاتم هەواڵی کۆچی ناوادەی هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان محەمەد جەزام پێگەیشت و خەمباری کردم، هونەرمەندی کۆچکردوو نموونەی هونەرمەندێکی ڕەسەنی کوردەواری بوو، کە بەدەنگە بەسۆزەکەی‌و هەستە شۆڕشگێڕییەکەی توانی لە دڵو دەروونی گەلەکەماندا جێگای تایبەتی بۆخۆی بکاتەوە، بەڵام بەداخەوە مەرگ دەرفەتی نەدا کە بەکاری هونەری‌و بەرهەمو بەخششی دیکە خزمەتی زیاتر بە هونەری کوردیمان بکات.
کۆچی دوایی هونەرمەند محەمەد جەزا خەسارەتێکی گەورەی بە ڕەوتی هونەری کوردی گەیاند، خودای گەورە سەبووری هاوسەرو منداڵەکانی‌و تێکرای هونەرمەندو دۆستانی بدات. جێگەی خوالێخۆشبووش بەهەشتی بەرین بێت.

**إنا لله وإنا إلیه راجعون**
**مەسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**
**٢٠١٠\١٠\١**

# بروسکەی ماتەمینی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەند حەمە جەزا

**برای زۆر بەڕێزو خۆشەویستم کاک قادری حاجی عەلی**
**خوشکی بەڕێزم دایکی کاک تەها و کاک هونەر**
**چاوەکانم کاک تەها و کاک هونەر، بنەماڵەی خوالێخۆشبوو کاک محەمەد جەزا**
سڵاویکی گەرم:
بە غەم و پەژارەیەکی زۆرەوە، سەرەخۆشی لە بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان دەکەم و بەشداری خەمتانم بۆ کۆچی دوایی هونەرمەندو پێشمەرگەو قارەمانی خەباتی ڕۆژانی سەخت و کەسایەتی بە هەڵوێست و خۆشەویستی کوردستان و شاری سلێمانی.
بە کۆچی دوایی کاک (محەمەد جەزا) زیانێکی گەورە لە هەموو کورد، بە گشتی و (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) بە تایبەتی کەوت.
کاک محەمەد جەزا، چەند کەسایەتییەک بوو لە یەک کەسدا کۆببۆوە،(پێشمەرگە و هونەرمەندو کادری خەباتی ژێر زەمینی و کەسایەتی کۆمەڵایەتی) مێژوویێکی پڕ لە شانازی وسەروەری جێهێشت بۆ خۆی و کەسوکاری و بۆ هەتا هەتایە شانازی پێوە دەکەن. سروودی:
**هۆ کاکی پێشمەرگە شۆڕشگێڕی قارەمان**
**ناوی پیرۆزی تۆیە بۆتە وێردی سەر زەمان**
هەمیشە لە گوێی هەموو کوردێکی بە شەرەف دەزرینگێتەوەو بێگومان ئەم سرووده ڕێک شایستەی قارەمانێتی و ڕۆحی بەرزە فڕی ئەوە.
جارێکی تر هاودەردی و هاوخەمی خۆمان بۆتان دووبارە دەکەینەوە و داواکارم لە خوای گەورە جێگای خوالێخۆشبوو بەهەشتی بەرین بێت.

**انا لله وانا الیه راجعون**
**براتان**
**کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی**
**جێگری سکرتێری گشتی (ی.ن.ک)**
**٢٠١٠/١٠/٢**

# بروسکەی ماتەمینی دکتۆر کەمال کەرکووکی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەند حەمە جەزا

سەرۆکی پەرلەمان سەرەخۆشی لە بنەماڵەی هونەرمەند حەمەجەزا دەکات بەداخو پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەندی بەهەڵوێستی گەلەکەمان حەمەجەزا حاجی عەلی-مان بیست، بەم بۆنە غەمناکەوە بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی کەسوکارو بنەماڵەو دۆستانی خوالێخۆشبوو و گشت هونەرمەندانو تەواوی گەلەکەمان دەکەین، لەخوای گەورە داواکارین هونەرمەندی بەهەڵوێستی گەلەکەمان حەمەجەزا بخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی‌و بەبەهەشتی بەرینی شاد بکاتو سەبوری‌و دڵنەوایی بەکەسوکارو بنەماڵەو دۆستانو هونەرمەندانو هەموو لایەک ببەخشێت.

**انا لله وانا الیه راجعون**
**دکتۆر کەمال کەرکووکی**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**
**٢٠١٠/١٠/١**

# بروسکەی ماتەمینی د. بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەند حەمە جەزا

پرسەنامەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەندو پێشمەرگە کاکە حەمەجەزا
بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەندی گەورەو تێکۆشەری دێرین، کاکە حەمەجەزاوە، بەناوی خۆمو حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پرسەو سەرەخۆشی لە خانەوادەو کەسوکارو هاوڕێیانو هونەرمەندانو شەیدایانی هونەرەکەی دەکەم.
کۆچی دوایی کاکە حەمە جەزای هونەرمەندو پێشمەرگەی دێرین‌و خاوەن هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی سەردەمی شارو شاخ، کەلێنێکی گەورەی لەبواری هونەری کوردی دروست کرد.
حەمە جەزا یەکێک بوو لەو هونەرمەندانەی بەدرێژایی چەندین ساڵ، چەند نەوەیەکی یەک لەدوای یەک گوێگری هونەرەکەی بوون، چونکە هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەو پەیامە هونەرییەکەی خستبووە خزمەتی کێشەی ڕەوای میللەتەکەی‌و بەزمانێکی هونەری گوزارشتی لە خەونو ویستی نەتەوەیەک دەکرد، بۆیە دڵنیام ناو و هونەرەکەی بەدرەوشاوەیی دەمێنێتەوە.
دووبارە پرسەو سەرەخۆشی خۆمتان پێ ڕادەگەیەنم، لەخوای گەورەش داواکارم سەبووری گشت لایەکمان بداتو خوالێخۆشبووش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات.

**انا لله وانا الیه راجعون**
**د. بەرهەم ساڵح**
**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**٢٠١٠/١٠/١**

## فرمێسکێک بۆ پێشمەرگە و هونەرمەند حەمە جەزا

**عەبدولواحید ئیدریس شەریف**



**مەرۆ مەرۆ کاکە حەمە جەزا مەرۆ**
**کەی وادەی کۆچ بوو ، دڵت پڕکردین لە سۆ**
**ئیتر کێ خەمی کوردستان بکاتە کۆڵ ؟**
**پێشمەرگەبێ ، سروود بێژی گەڵ بێ وەکو تۆ**

ئەی چریکە بە سۆزەکەی گوێسەبانەی دڵمان، ئەی هاودەمی ئەنگوستەچاو و ڕۆژە دژوارەکانی نیشتیمان ، کەی کاتی ئەم مەرگە بوو، هێشتا کوردستان پێویستی بە دەنگی تۆ و تفەنگی پێشمەرگە بوو ، هێشتا ( کاکی بچووکی پێخاوس ) چاوەڕێی باوکیەتی بێتەوە ، لە کۆڕی جەنگ و خەباتەوە ، دوای چڵ ساڵ تێکۆشانی بێ وچان ، بە دوانەی چەک و ئاوازی جوان ، هێشتا لەناو دڵتا مابوو زۆر نهێنی و ڕاز، ئەی شاسواری هونەری بەرەنگاری ، هێشتا چێژمان نەدی بوو لە رزگاری ،تازە گەیشتبووینە سەر ترۆپکی ئارەزوو، کەچی زۆر زوو، لەناخماندا سەریهەڵدا خەمێکی تر ، ئەی هەناسەی ئازادی لەم پایزەدا چاوەڕێی هەموو خەزانێک بووم ، گەڵاڕێزانی تەمەنی تۆ نەبێ ، کە دەردێکی ئەوەندە بە ئازار و خەمە، بۆیە پێم وایە( لەسەر کێکی تەمەن هەڵناکرێ تازە شەمێکی تر ) .
چ کۆستێکی ناوەخت بوو، چ زامێکی سەخت بوو ، گەرچی دەمێکە بەناخت ئاشنام ، لەگەڵ سروود و مەقامەکانت دەژیم و لە گەورەیی تۆ دڵنیام ، بەڵام چەندی دەکەم ناتوانم بەو قەڵەمە پەڕپووتەم خۆم بدەم لە چیای هەڵوێستی مەردانەت ، چ لەمەیدانی هونەری شۆڕشگێڕی ،چ لە سەنگەری فیدا کاری ،گەرچی ئەمڕۆ نییە ساڵانێکە تۆ لەلام بەشێکی مێژووی پڕ لەسەروەری شۆڕشی نوێی ، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ لە بە خاک سپاردنی جەستەی تۆ ، بەچاوانی خۆم دیتم بێ ژمار خەڵکی شار و دێ ، بەلێشاو بۆ سەر مەزارەکەت دێ ، بۆ حەمە جەزا فرمێسک دەڕێژێ و دەگرییێ ، ئەو ڕاستییەم وەبیر هاتەوە ، ئەوەی بۆ گەلی خۆی تێبکۆشێ ، هەتا هەتایە ئاوی ژیان دەنۆشێ .
**ئەگەر چی ڕۆیی ، قەت ناچی لەیادم**
**دەکەم یادت ، بەیادی تۆوە شادم**

# خەڵاتی (هۆ کاکی پێشمەرگە) درایە 17 هونەرمەندو دەنگبێژی هەرێمی کوردستان




**تایبەت بە بەدرخان:**
بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی میوزیکەوە بۆ ئەمساڵ ١٧ هونەرمەندو دەنگبێژی شارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکووکو گەرمیان خەڵاتی (هۆ کاکی پێشمەرگە) وەردەگرن.
ڕێوڕەسمی بەخشینی خەڵاتەکە ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/٣ لە هۆڵی پێشەوای شاری هەولێرو بە ئامادەبوونی وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاوە مەحمود، پارێزگاری هەولێر نەوزاد هادیو ژمارەیەک لە هونەرمەندان بەڕێوە چوو. سەرەتای ڕێوڕەسمە کە دا کاوە مەحمود ئاماژەی بەوە کرد، ڕێزلێنانی هونەرمەندانی ئەمساڵ هاوکاتە لەگەڵ مەرگی ناوادەی هونەرمەندی گەورەی کورد حەمەجەزا، هەربۆیە خەڵاتی ئەمساڵیان بەناوی خەڵاتی (هۆ کاکی پێشمەرگە) دەبێت. دواتر لە لایەن ئامادەبوانەوە خەڵاتی ڕێزلێنانی (هۆ کاکی پێشمەرگە) بۆ ئەمساڵ درایە ١٧ هونەرمەندو دەنگبێژی شارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکووکو گەرمیان.
پارێزگاری هەولێر نەوزاد هادی، لە ڕێوڕەسمەکەدا ئامادەبوو، بەناوی شاری هەولێر وەکو وەفایەک پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەی حەمەجەزاو هونەرمەندانی کوردستان کردو ڕۆڵی حەمەجەزای بەرزنرخاند لە شۆڕشەکانی گەلی کورد.
ناوی ئەو ١٧ هونەرمەندو دەنگبێژەی خەڵاتی (هۆ کاکی پێشمەرگە)یان پێ بەخشرا ناوەکانیان بەپێی شارەکان بریتییە: لە شاری هەولێر(مامۆستا باکوری، حەسەن سیساوەیی، محمد ئەربیلی، عەدنان جەمال). لە شاری سلێمانی(عوسمان کێمێنەیی، دلێر ئیبراهیم، ڕزگار محەمەد ڕەئوف، هیوا مستەفا عەبدوڵڵا). لە شاری دهۆک (زاهید بریفکانی، جەمال ئەدیب، محەمەد زەکی عەبدولقادر، هەوار میکائیل). لە شاری کەرکووک و گەرمیان ٥ کەس بە ناوەکانی ( شکور خەیات، محەمەد ڕەئووف کەرکوکی، سابیر کوردستانی، حەسەن

# سوپاسنامەیەک لە بنەماڵەی کۆچکردوو پێشمەرگە و هونەرمەند حەمە جەزاوە

بە ڕێزێکی یەکجار زۆرەوە بەپێویستمانزانی، کە سوپاسی بێ پایانی هەموو خەڵکی بە ئەمەکی کوردستان بکەین، کە بەپەرۆشەوە بەشداری غەم و پەژارەی کۆچی دوایی پێشمەرگەو هونەرمەند حەمە جەزایان کردین، ئەگەر جوامێری و بەوەفایی ئێوە نەبووایە ئەسەری داخ و کۆستەکەی لامان زۆر گەورە دەبوو، ئەوەی تەسەلای بەدڵی ئێمەدا بە ئەمەکی و دڵسۆزی ئێوە بوو هەر لەسەرەتای ئاشکرابوونی نەخۆشییەکەی هەتا تەواوبوونی پرسەی خوالێخۆشبووش، کە هەرواشمان لەئێوەی بەڕێز چاوەڕێ دەکرد، بۆیە ئەگەرچی لە خەباتی گەلەکەشماندا بەشدار بووبین و قوربانیشمان دابێ، ئەوا وەفاداریتان پێمان دەڵێت ڕەنجتان بەزایە نەچووە، بەڵکو ئەم هەڵوێستەتان سوورترمان دەکات لەسەر خزمەتکاری گەلەکەمان لەهەر کات و ساتێکدا، کە پێویستی بەئێمە بێت....
سوپاس و ڕێزمان بۆ هەموو ئەوانەی سەردانیان کردین لەسلێمانی و دانیمارک و ئەمریکا، ئەوانەی بە تەلەفۆن و نامەو ئیمەیل و بروسکەو هەتا ئەوانەش کە بەدڵ بەشداریان کردین، ئەوانەی بەشداربوون لە مەراسیمی بەخاکسپاردن، ئەوانەی بەشداری پرسەی دوو ڕۆژەی سلێمانی و سێیەم ڕۆژی شاری هەولێری خۆشەویستیان کردین، ئەوانەی لەپرسەی وڵات و شارەکانی تردا لەناوەوە و دەرەوەی وڵات بەشداربوون، بۆ ئەوانەی کە دوای پرسەش هاودەم و هاوغەممانن.
سوپاس بۆ هەموو، پارتە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق و ئێران، کە بەگشتی لە سەرکردایەتی تا ئەندامانیان بەشداریان کردین، بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامودەزگاکانی تایبەت بە پۆلیس و پۆلیسی هاتووچۆ، هەموو هونەرمەندان وڕێکخراوەهونەرییەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان، ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان، ڕێکخراوە حکومی و نا حکومییەکان، هەموو هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن، ڕادیۆو گۆڤار و ڕۆژنامەکان، ڕۆژنامەنووسان، سایتە ئەلیکترۆنییەکان، هۆکارەکانی تری ڕاگەیاندن.
بەشداریتان بەو ژمارە زۆرو بێ شومارە لە بەخاکسپاردن و پرسەکاندا نیشانەی دڵسۆزی و وەفاداریتانە بۆ شۆڕشگێڕ و هونەرمەندێک، کە تەواوی ژیانی خۆی و خێزانەکەی بۆ خزمەتکردنی گەل و نیشتیمانەکەی تەرخانکرد و سەبووری بەدڵی ئێمەی بنەماڵەی ئەو پێشمەرگەیەشدا.
بەڕێزان: چاکتر وایە بێ ناوهێنان سوپاسی هەمووتان بکەین، دەنا دەبێ هەزار ناو ریز بکەین لەو جوامێرانەی شایەنی سوپاسی زۆرن، بۆیە لەبری جارێک هەزاران سوپاس بۆ هەمووتان و پێتان دەڵێین منەتبار و قەرزارتان کردین، کە هەرگیز بۆمان جوبران ناکرێتەوە، مەگەر تەنها خوا بەگەورەیی خۆی ئەجرو پیاوەتیتان بداتەوە، چەندیش هەولبدەین ناتوانین وەک خۆی گوزارشت لە خۆشەویستیمان بۆ ئێوەی بەرێز بکەین، تەنها بیرخستنەوەیەکیش ئاسوودەترمان دەکات، کە ئەویش گوزارشەکانی خۆتان کە پێمان دەڵێن: حەمە جەزا تەنها مولکی ئەو بنەماڵەیەی ئێوە نەبووە، بەڵکو مولکی نەتەوەی کوردە، کوڕی هەموومان بووەو بۆ هەموومان ژیاو بۆ هەمووشمان مرد، کەواتە بۆئەوەی ڕۆحی ئەویش ئاسوودە بکەین و ڕۆحیانەتی هەست بەوە بکات، کە قسوری لە خزمەتکردنی ئێوەدا نەکردووە، ئەوا گەردنی ئازا بکەین و بەچاوی ڕێزەوە لە هونەرەکەی و لەخەباتی ناو زیندانەکان و پێشمەرگایەتی بڕوانن، لەکۆتاییدا تەنها ڕێگەمان پێبدەن کە وەک نموونەی وەفاداری سوپاسی:
- سەرۆک کۆمار، جەنابی مام جەلال کە ئەرکی تێچوونی تەواوی نەخۆشخانەی ئەمریکای لە ئەستۆ گرت و بروسکەی ماتەمینی بۆ ناردین و نوێنەری لە پرسەکەدا بەشداری کردین و چەپکە گوڵی خۆی بە نوێنەریدا بۆ سەر مەزاری خوالێخۆشبوو بۆ ناردین.
- سەرۆکی هەرێم کە بە بروسکەی ماتەمینی بەشداری کردین و نوێنەری تایبەتی خۆی کاک سداد بارزانی برای ناردە لای ئێمە لەبری خۆی بۆ سەرەخۆشی و دانانی چەپکەگوڵ لەسەر مەزاری حەمە جەزا.

**جارێکی تر سوپاس بۆ ئەو گەلەی ڕێزی لە تێکۆشەر و هونەرمەندەکانی گرت**

**بنەماڵەی پێشمەرگەو هونەرمەند**
**حەمە جەزای حاجی عەلی بەگ**



# کاکە حەمە جەزا هێشتا زوو بوو



فەخرەدین تاهیر

لە مێژووی کوردایەتی بەگشتی و کولتووری نەتەوایەتی بەتایبەتی، کە هونەر بە هەموو لقەکانییەوە بەشێکی دیار و شایستەی ئەم کولتووره نەتەوایەتییەن زۆر دەگمەنن ئەو مرۆڤانەی کە لە نێوەندی هونەری ڕەسەنی بەرەنگاری کوردیدا (کەم ژیان بەڵام کەڵ ژیان)، یەکێک لەنێو دەستەبژێرانی هونەرمەندانی کورد لە دنیای ستران و مەقام و سروودبێژی شۆڕشگێڕی کوردیماندا ئەستێرەیەکی هەرە دیار و گەشاوەی ئاسمانی کوردستان کاکە حەمە جەزای دەنگخۆش و گۆرانی و مەقام و سروودبێژ و پێشمەرگەی بە هەڵوێست و خۆڕاگر بوو.
ئەوەی جێگەی گوتنە پێشتر کۆمەڵێک هونەرمەندی دیکەی مەزن ئەم کاروانەیان درێژە پێداوە و تا نۆرە گەیشتۆتە کاکە حەمە جەزای هونەرمەند و ئەویش درێژەپێدەری ئەم کاروانە نەپساوە بووە، لەمانە: تاهیر تۆفیق، عەلی مەردان، ڕەفیق چالاک . حەمەساڵح دیلان ، فوئاد ئەحمەد، تەحسین تەها، ئیبراهیم خەیات، حەسەن گەرمیانی، ئەسعەد قەرەداغی، عوسمان عەلی و زۆری دیکە ڕۆڵی دیاریان لەم بوارەدا هەبووە.
مخابن لە بەرەبەیاتی ڕۆژی هەینی یەکی مانگی تشرینی یەکەمدا هەرکە لە خەو هەڵسام تەلەڤزیۆنەکەم داگیرساند و زۆر بەخێرایی بەدوای هەواڵی وڵات وێڵ بووم و لەسەر کەناڵی کوردسات لەنگەری گرت و یەکەمین هەواڵی جەرگبڕ بەم بەیانییە زووە بەرگوێم کەوت و بە چاو بینیم مەرگی ناوادەی هونەرمەندی پێشمەرگە کاکە حەمە جەزای دۆستی دێرینم بوو.
بەهەرحاڵ ئەو ڕۆژە بۆ من ڕۆژێکی ئێجگار ناخۆش و خەماوی بوو، چونکە یادەوەری و دۆستایەتیم لەگەڵ کاکە حەمە جەزای هونەرمەند دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵی ١٩٧٢ی سەدەی ڕابردوو، بێگومان یادەوەرییەکانم ئێجگار زۆرن، بەڵام هەوڵدەدەم لەم باسەمدا بە کورتی هەندێکیان بگێڕمەوە.

### "چەند یادەوەرییەکی تاڵ و شیرین"

• هەموو لایەکمان دەزانین لە ٢٦ی مانگی شەشی ساڵی ١٩٧٢ دا، میری بەستەبێژی گۆرانی ڕەسەنی کورد حەسەن زیرەک ماڵئاوایی کرد. هەندەی پێنەچوو لە مانگی پاییزی هەمان ساڵدا قوتابخانەکانی شاری هەولێر دەرگاکانیان لە ڕووی خوێندکاران کرایەوە، ئەو دەمە خۆم و هاوپۆلەکانم لە قوتابخانەی دواناوەندی سەلاحەدین بووین، لەوانەی لەبیرم ماون بێجگە لە خۆم ئەمانە بوون: شێخ لوقمان بەرزنجی. قاسم عەزیز، کامەران و نیشتمان حەمید، خەلیل زێباری، عەبدولرەحیم ئەلیاس، فەرەیدوون موورادی، قاسم شێروانی و گوشاد حەمەسەعید کۆیی، جەماڵ حەمەد، سەربەست و سەردار ئامێدی و زۆری دیکەی هاوپۆلمان هەبوون، بەڵام ئەو بەڕێزانەی لێرە ئاماژەم بە ناویان داوە زێدەتر لە منەوە نزیک بوون.
دوو مامۆستای هونەری شێوەکاریمان هەبوون لەمانە: عەبدولواحید مەرجان ، جەلیل مستەفا، هەڵبەتە مامۆستا جەلیل لە ژیان نەماوە یادی بەخێر و خوازیارم مامۆستا عەبدولواحید مەرجانیش هەر تەمەن درێژ بێت.
ئەم دوو مامۆستا بەڕێزانەمان ڕۆڵیان لە پەروەردەکردنی چەند کەسێک لەو برادەرانەی، کە لەگەڵ مندا دواتر لە بواری هونەر و نووسیندا خۆمان دۆزییەوە کاریگەری زۆریان بەسەرماندا بەجێهێشت.
بمبوورن تۆزێک ئاقاری نووسینەکەم بە لایەکی تر برد، بەڵام لە ئاماژە کردنی ناوی هەندێک لە هاوپۆلەکانم بۆ ئەوە بوو، کە چەند کەسێکمان لە دنیای هونەر خۆمان دۆزییەوە، لەمانە: بەندە، شێخ لوقمان بەرزنجی، قاسم عەزیز، فەرەیدوون ناوی باوکیم لە بیرنەماوە، بەڵام نازناوێکی بۆ خۆی دانابوو بەسەرناوی ( موورادی) ئەم برادەرە بەڕێزەمان دوای لەناوچوونی شۆڕشی ١٩٧٥ بەدواوە لە ڕێگای ئێرانەوە ڕووی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد و تا هەنووکەش هەر لەوێ دەژیت.
هەر لەو دەمەدابوو پێموایە کاکە حەمە جەزا نزیکەی ساڵ و نیوێک بوو ماڵی هێنابووە شاری هەولێر و بۆ یەکەمین جاریش لەسەر سەکۆی شانۆی قوتابخانەی دواناوەندی زازا، کە دەکەوتە نزیک چایخانەی باییز، نزیک بە منارەی چۆلی کە هەنووکە ئەم قوتابخانەیە ناوی بۆتە دواناوەندی میدیای کچان، ئەو جارەی کە لە سەر شانۆ بینیمان چاکەت و پانتۆڵێکی ڕەنگ قاوەیی لەبەردابوو و وەک گەنجێکی قۆز لەسەر شانۆکەدا بەدەم گۆرانی گوتنەوە خۆی نمایش دەکرد، هەر لەم ئاهەنگەدا کاک جەزا بە گۆرانی :

**ئەی گوڵ ئەی گوڵ**
**تۆم بە گوڵ زانی**
**لەدوای تۆ زیرەک گیان**
**کێ بڵێ گۆرانی و ...تاد**

خۆی بە ئامادەبووانی ئاهەنگەکە و ئەو کۆمەڵە برادەرەی کە لە دواناوەندی سەلاحەدینەوە چووبووین بۆ ئەوێ ناساند. لەو ئاهەنگەدا گرووپی موزیک و ژەنیارەکانی ئەوەی لە زاکیرەمدا مابێ بریتی بوون لەمانە :
١.عەبدولواحید مەرجان: کەمانچە
٢.مستەفا ڕەئوف: عود
٣.عەبدولمونعم مخابن ناوی باوکیم لە بیرنەماوە: کەمانچە
٤.نورەدین ئیبراهیم: کەمانچە
٥.عەدنان مەلا: دەف زنجان
٦.نورەدین :تاقی دمبک
٧. جەودەت شاکر: کەمانچە
بێگومان ئەم جۆرە ئاهەنگانە زوو زوو لەو سەردەمەدا دووبارە دەبوونەوە و ماوەک دواتر بەهۆی هەردوو مامۆستایان عەبدولواحید مەرجان و جەلیل مستەفا توانیمان دۆستایەتی لەگەڵ هەندێک لەو هونەرمەندە دەنگخۆشانەی ئەو دەمە لە شاری هەولێر لە نێوەندە هونەرییەکەدا ئامادەییان هەبوو پەیدا بکەین، لەنێو برادەرانمان بەندە و شێخ لوقمان بەرزنجی و قاسم عەزیز زێدەتر لە دنیای هونەردا ڕۆژ بە ڕۆژ نزیک دەبووینەوە و لەگەڵ ئەو هونەرمەندانەش دۆستایەتیمان گەرم و گوڕ تر دەبوو. دەتوانم بڵێم سەرەتایی دۆستایەتیمان لەگەڵ هونەرمەند حەمە جەزا بۆ کۆتایی ساڵی ١٩٧٢ دەگەڕێتەوە و ڕۆژ و مانگ و ساڵیش تێپەڕ بوون دۆستایەتی نێوانمان فرەوان تربوون و دەیان یادەوەری تاڵ و شیرینیش لە نێوانماندا دروست بوون و سەریان هەڵدا.
• لەسەرەتای مانگی ئاداری ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی بەعس لە بەڵێنەکانی پەشیمان بۆوە و سەرکردایەتی شۆڕشی کوردیش بڕیاری شەڕی دژ بە ڕژێمی بەعس ڕاگەیاند، لە شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا لە هەموو چین و توێژێک ڕوویان لە چیاکانی کوردستان کرد و لە نێویشیاندا بەشی هەرە زۆری هونەرمەندانیشی تێدا بوو، یەکێک لەم هونەرمەندە ناسراوانە کاکە حەمە جەزا بوو، بیرمە بەندە و چەند پێشمەرگەیەک ڕۆژی ١٣ مانگی گوڵانی ساڵی ١٩٧٤ لە دەڤەری گوندی سارتکەی خۆشناوەتی بەرەو دەشتی کۆیە دەچووین و دەمە و ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە گوندی ئەشکەوسەقای دەشتی کۆیە لامان دا و شەو لە بارەگای کاک ئاودەڵ و حەسەن حەیران ماینەوە و دوای نانخواردنی ئێوارە لە دەنگی ئێزگەی کوردستانی عێراق هەواڵی لە سێدارەدانی لەیلا قاسم و هەڤاڵەکانی بڵاوکرایەوە. ئەوەی لە بیرم مابێت تەنیا چەند ڕۆژێکی کەمی پێچوو هونەرمەندی بە هەڵوێست و خۆنەویست و ئازا کاکە حەمە جەزا کاسێتێکی بەناوی لەیلا قاسم تۆمار کردو لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان و گوند و شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا زۆر بە خێراییەکی چاوەڕواننەکراو بڵاوکرایەوە و ناوە ناوەش لە ئێزگەی دەنگی کوردستان پەخش دەکرا.
کاکە حەمە جەزا لەدەستپێکی گۆرانی لەیلا قاسمدا بە مەقامێک تێیدەچریکاند و نرکەی لە گوێی زەمین هەڵدەستاند و دەیگوت:

**گوڵاڵە سوورەی باخی کوردستان**
**ئەی خەباتکەری ڕێی نیشتمان**
**کچە ئازاکەی نەبەرد و دلێر**
**چوویتە بەر پەتی قەنارە وەک شێر**

لە دوا کۆپلەی ئەو گۆرانییەدا کاکە حەمە جەزا بەم شێوەیە گۆرانییەکەی بە کۆتا دەهێنا و دەیگوت:

**ئەوا من ئەڕۆم بەجێتان دێڵم**
**خاکی کوردستان بە ئێوە ئەسپێرم**



هونەرمەندی کۆچ کردوو حەمە جەزا

**بەڵام نەمردووم ناوم هەر ماوە**
**لەمێژووی کوردا بە خوێن نووسراوە**

ئەوەی جێگەی گوتنە کاکە حەمە جەزا پێش لە سێدارەدانی لەیلا قاسم و هەڤاڵەکانی، لە بۆمب بۆردوومانی شاری قەڵادزێ لە ڕۆژی ٢٤ی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٧٤دا بەماوەیەکی ئێجگار کەم سترانێک بۆ شەهیدانی ئەو شارەش تۆمار دەکا و لە کۆپلەیەکیدا دەبێژێت:

**شاری قەڵادزێ کوردستانەکەم**
**مایەی شانازی و جێی ژیانەکەم**
**چوار دەورت باخ و سەرئاو و کانی**
**پڕە لە خۆشی و دیمەنی جوانی**

هونەرمەند کاکە حەمە جەزا بەو گۆرانییە نیشتمانی و سیاسیانەی خۆی هێزێکی لەبن نەهاتووی جەماوەری لە دەوری خۆی کۆکردەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش لە پەرەسەندندابوون.
• دوای هەرەسی شۆڕش لە ٦ ی ئاداری ساڵی ١٩٧٥ دا، کە بە هەزاران خەڵکی خۆڕاگر و خێرنەدیوی کوردستان بە نائومێدی و بەناچاری گەڕانەوە شار و شارۆچکەکانی کوردستان، کاکە حەمە جەزاش خۆی و خانەوادەکەی جارێکی دیکە گەڕانەوە شاری هەولێر، کەوتنەوە نێو ژیانی نۆرماڵی خۆیان و ژیانێکی تازە و قۆناخێکی دیکەی کاکە حەمە جەزا دەستی پێکردەوە.
• کاکە حەمە جەزای هونەرمەند دەستبەرداری هەڵوێستەکانی پێشووی نەبوو و جارێکی دیکە بە دید و باوەڕێکی پۆڵاینەوە تێهەڵچۆوە و زێدەتر خووی دایە هەڵبەستی حەماسی و شۆڕشگێڕی سیاسی و مامەڵەی لەگەڵ شیعری شاعیرانی وەک: هێمن موکریانی و قانیع و شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو و زۆری دیکە کرد.
هەر لەنێوان ساڵی ١٩٧٦- ١٩٧٧ دا بوو شیعری (بووکی ئازادی) شاعیری ناوداری کورد مامۆستا قانیعی تۆمارکردو دەنگدانەوەکی گەورەی دایەوە.
لە بیرمە لە دەستپێکی ساڵی ١٩٧٦ دا بوو ، ڕۆژێک هاتوو پێیگوتم: فەخەی برام جێگەیەکی ئارام و هێمن پەیدا بکە کاسێتێک بەبێ موزیک تۆمار دەکەین و بڵاودەکەینەوە ، منیش لە وەڵامدا پێمگوت: کاکە حەمەی برام تۆ داوا لە کاک جیهانبەخش کۆیی بکە، کە ریکۆردەرێکی گرۆندیکی بەکرەی هەیە و لێی وەربگرە و منیش برادەرێکم لە هۆزی دزەییانە و عاشقی دەنگی تۆیە و ئامادەشە لەسەر تۆ خۆی بەکوشت بدات هەر ئێستاکە تەلەفۆنی بۆ ماڵەوەیان دەکەم جێگەیەکمان بۆ دابین بکات ، تەلەفۆنم بۆ کاک ( ت ، خ دزەیی) کرد ، بۆیەش وا ناوی دەنووسم چونکە ئەو دەمە پێیگوتم هاوکاریتان دەکەم بەس ناوم مەهێنن ، ئەوە بوو ئێمەی بردە ماڵی مامی خۆی و کەسیان لە ماڵەوە نەبوو ، بە بەتانی دەرگا و پەنجەرەکانی ژوورێکمان داخست و کاکە جەزای هونەرمەندیش ریکۆردەرەکەی لەلای کاک جیهانبەخش کۆیی هێناو ماوەی یەک دەمژمێر سترانی حەماسی و شۆڕشگێڕی سیاسی تۆمار کرد. من و ئەو برادەرەم لەگەڵ ئەو دەنگە زوڵاڵ و ئاگرینەی ئەودا دەگریان. دوای بەکرە تۆمارکراوەکەمان لەگەڵ ریکۆردەرەکە بردەوە بۆ کاک جیهانبەخش کۆیی و ئەویش سێ کاسێتی لەسەر ئۆرگیناڵەکە بۆ تۆمار کردین و بەکرەکەش پێموایە تا ئێستاکە لە ئەرشیفی کاک جیهانبەخش کۆییدا ماوە.
• هەر لە ساڵی ١٩٧٦ دا بوو ئاهەنگێک لە دارستانی تەنیشت کارگەی ئەلبان بەرامبەر گەرەکی کوران سازکرا و کۆمەڵێک گۆرانبێژی کورد لەوانە : تاهیر تۆفیق، تەحسین تەها ، فوئاد ئەحمەد ، حەمە جەزا، شەوکەت تۆفیق و یەک دووانێکی تر بوون، کاتێ نۆرەی حەمە جەزای هونەرمەندی ئازا و بە هەڵوێست هات و بەسەر سەکۆی شانۆ کەوت و بە مەقامێک بەسەرناوی (ڕقی پیرۆز) لە شیعری مامۆستا هێمن موکریانی شاعیر بوو و زۆر ئازایانە تێیچریکاند:

**دەمگرێ، ئەمما لە گرتووخانە ڕق ئەستوور ترم**
**لێم دەدا، ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سوور ترم**
**دەمکوژێ، ئەمما بەگژ جەڵڵادەکەم دا دێمەوە**
**کوردم و ناتوێمەوە ، ناتوێمەوە ، ناتوێمەوە**

لەگەڵ هورژم و ژاوە ژاوی هەوادارانی دەنگی زوڵاڵی بووە چەپڵە ڕێزان و داوای دووبارەکردنەوەی ئەم مەقامەیان لێکردەوە و ئەویش بەبێ سڵکردنەوە دووبارەی کردەوە. ئەوێ دەمێ هەڵوێستی ئەو جۆرە هونەرمەندانەی وەک کاکە حەمە جەزا پیاوی مێرخاس و ئازای گەرەک بوو، یەکێک لەو پیاوە دەگمەن و مێرخاسانە کاک حەمە جەزای هونەرمەند بوو.
بەڵام ئەوەی هەردەم لە بیرمدا ماوەتەوە و قەد لە بیرم ناچێتەوە ئەوەیە ؛ دوای بە کۆتاهاتنی ئەو ئاهەنگە بەندە و کاکە حەمە جەزا و کاکە حەمە سەعید ئیبراهیمی شانۆکار، کە ئێستا لە هەولێر دەژیت هەر سێکمان پێکەوە بەرەو ناو بازاڕی هەولێر بە پێیان شۆڕبووینەوە و بەدوای برادەرێکدا دەگەڕاین کەمێک پارەی لێ قەرز بکەین و نانێک بخۆین، چونکە بە هەر سێکمان پارەی نان و کەبابێکمان پێ نەبوو، زۆر گەڕاین کەسمان دەست نەکەوت و برسیەتیش تەنگی بە هەر سێکمان هەڵچنی بوو، منیش داوام لێکردن فەرموو بچین بۆ ماڵی ئێمە و داواکەی منیان قەبوڵ کرد و چووین بۆ ماڵەوە و مخابن ئەو ئێوارەیە جگە لە هێلکە و ڕۆن لە ماڵەوە هیچی دیکەمان نەبوو ، هەر سێکمان دەست و باسکمان لێ هەڵکرت و بە هێلکە و ڕۆن خۆمان تێرکرد.
**بەشی یەکەم**

**سەرچاوە:**
**١.هێمن موکریانی ، دیوانی تاریک و ڕوون ١٩٧٤.**
**٢.عەبدوڵڵا عوسمان عەلی ، حەمە جەزا هونەرمەند و پێشمەرگە ٢٠٠٩ کوردستان.**
**سەرنج : ئەم وێنەیەی هونەرمەند کاکە حەمە جەزا لە ڕۆژی ١٥ی مانگی ئابی ١٩٩٤ دا لە ئاهەنگی زەماوەندی ژنهێنانی خۆمدا لە باخچەی هوتێل هەورەمان لە هەولێر بە کامیرای هونەرمەند نەجات مەلا جەوهەر گیراوە و بۆ یەکەمینجار لە لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەدا بڵاودەکرێتەوە.**

## حەمە جەزا تاکە شۆڕەسواری هونەرمەند و پێشمەرگە

عەبدوڵڵا عوسمان



پێناسەی سەروەری و بوێری هەر کەسێک زۆرێک لە هەڵوێست و مانا هەڵدەگرێت، لەکاتێکدا دەکرێت ئەم هەڵوێستە و سەروەرییە لە بەرەیەکی شەڕدا جا چ بە سروود و گۆرانی نشتیمانی بێت چ بە لولەی تفەنگ و قەڵەم و سووچی بەندیخانە بێت.
ئەو هەموو خەسڵەت و سەروەری و بوێرییە پێویست بەوە دەکات، هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، پلەی زێڕینی یەکەمی پێ ببەخشرێت، ئەو جۆرە بەخشینی پلەیەش هەر وا ئاسان نییە بۆ هەموو کەسێک، بەڵێ تەحەدا کردن و لە خۆبوردەیی و هەڵوێستی مەردانەی ئەو شۆڕەسوارە حەمە جەزا بووە.
چاکم لە بیرە کاتێک کە بەیەکەوە لە ئیعلامی شۆڕش کارمان دەکرد و دوای ئەوەی کە لە لێبووردنی گشتی گەڕاینەوە شاری هەولێر تەنها دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن بە چەند مانگێک و لە ساڵیادی ئەو پارتە کارتۆنییەی بەعس ئیجازەی بەخشیبوو بە چەند سیخوڕ و خۆفرۆشێک کە بە کاری ئەنقەست داوەتنامەیەک ئاراستەی حەمە جەزا کرا بۆ سازدانی ساڵیادی ٢٩ ساڵەی پارتی دیموکراتی عێراق تەنها شەش مانگ بوو چەکی شەرەف لە شانماندا بە زۆری زۆردارو پیلانی دوژمنان نەمابوو، ئەو شەوەی کە ئەو یادەکرا شەوی بەرات بوو، شوێنەکەش سینەما سیروانی هەولێر بوو لەساڵی ١٩٧٥.
کاتێک نۆرەی ئەو هات و چووە سەر شانۆ سەیرێکی دانیشتوانی هۆڵەکە دەکات و دەبینێ حەماس و شۆڕشگێڕی و نەهامەتیان لێ بەدی دەکات و لەچاویاندا دەخوێنێتەوە، هەر لەسەر شانۆ پیرۆزبایی خۆی بە بۆنەی دامەزراندنی ٢٩ ساڵەی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاراستەی جەماوەر دەکات.
ئەو شەوە لە سەر زاری حەمە جەزا ئەو وشە دەبیسترێت و دەڵێت یان دەبێت ئەو شەو من بیسەلمێنم حەمە جەزا کێیە و سەری خۆمی تێدا بفەوتێنم یان ئەوەتا دەبێت بە شان باڵی ئەواندا بڵێم، ئەویش کارێکی مەحاڵە و من سەرم شۆڕبکەم و خۆم بفرۆشم.
ئاهەنگەکە دەست پێدەکات و دەبێتە چەپڵەڕێزان و بەم گۆرانییە دەست پێ دەکات، کە بۆنی بارودی تفەنگێکی لە سەر پێ لێ دەهات، کە ئەمەش دەقەکەی بوو:

**پەیمانم داوە بەم کوردستانە**
**بەخاک و خۆڵی ئەم نشتیمانە**
**ئەبێ بکەوم لە ناو سەنگەردا**
**لەبەینی گوولله و تفەنگ و بەردا**
**هەر پێشمەرگە بم شەرتە تا مردن**
**سەرم شۆڕ نەکەم لە ئاستی دوژمن**
**بەجێ ناهێڵم قەت ئەم سەنگەرە**
**تا گولله نەدرێ لەم جامی سەرە**
**جله خاکییەکەم بە خوێن سوور کراوە**
**با بڕزێت لە ژێر زەردەی خۆر ئاوا**
**هەر پێشمەرگە بم شەرتە تا مردن**
**سەرم شۆڕ نەکەم لە ئاستی دوژمن**

# پانۆرامای ژیننامەی هونەرمەند و پێشمەرگە حەمە جەزا




حەمە جزا - بە کامێرای چەڵەنگ جیهانبەخش

**ئا: بەدرخان**

حەمە جەزا (١٩٤٩-١٠/١/١٠/ ٢٠١٠) هونەرمەندێکی شۆڕشگێڕو پێشمەرگەیەکی کوردە. حەمە جەزا یەکێکە لەو هونەرمەندانەی جگە لە گۆرانییە سۆزدارییەکانی،وەک پێشمەرگەیەکیش لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوودا چەندین گۆرانیی بۆ شۆڕش وتووە،وەک بووکی ئازادی، ئەی گوڵی گەش، شەوێکی قەندیل و هۆکاکی پێشمەرگە. حەمە جەزا بۆ یەکەمین جار دوای ئەوەی لە سلێمانییەوە دێتە هەولێر، لە ساڵی ١٩٧٠ لە شاری هەولێر لەسەر شانۆ گۆرانی وتووەو هەر لە هەولێر وەک هونەرمەندێک ناسراوە.

**خانەوادەی حەمە جەزا**

هونەرمەندی شۆڕشگێڕو پێشمەرگە حەمە جەزا ناوی تەواوی (محەمەد حاجی عەلی بەگ)ەو لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو ئاینی لە ساڵی١٩٤٩ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە. بە حەمە جەزا ناسراوە. بنەماڵەکەی پێشتر لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتوونەتە شاری سلێمانی و لەوێ گیرساونەتەوە.
باوکی حەمە جەزا دوو ژنی هێناوە بە ناوەکانی فاتیمەو ئامینە. لە فاتیمە دوو کچی بووە بە ناوەکانی ( خەدیجە، کەریم) کە لە ژیاندا نەماون. لە فاتیمەش دوای ئەوەی سێ کچی بە ناوەکانی (نەزیرە، نەسرین، حەڵاو) دەبێت کوڕی چوارەمی محەمەد (حەمە جەزا)یەو دواتر دوو کچی دەبێت بە ناوەکانی (مریەم، نازەنین). واتە حەمە جەزا تاقانە بووە.
هەروەها حەمە جەزا لە شاری سلێمانی، لەگەڵ کچێکی گەڕەکەکەی خۆیان بەناوی گولیزار لە کۆتایی ١٩٦٠ ژیانی هاوسەری پێکدێنێ و لە ١٩٦٨ کوڕێکیان دەبێت و باوکی حەمە جەزا ناوی دەنێت (تەها). هونەرمەند حەمە جەزا خاوەنی دوو کوڕو چوار کچە بە ناوەکانی(تەها، بەناز، رۆژگار، رێزان، هۆزیار، هونەر).

**مەقام و گۆرانی شۆڕشگێڕی حەمە جەزا لە شاخ**

حەمە جەزا، دوای ئەوە کەوەک کەسێکی هونەرمەند هەستی بە چەوسانەوەو زەبرو زەنگی رژێمی کۆنەپەرەستی عێراق کرد، لە کۆتاییەکانی ساڵانی ١٩٦٠ دا ڕووی لە شاخ کردو چەکی پێشمەرگایەتی لە شان کردووە. لە نێو ریزەکانی شۆڕشدا بە دەیان سروودو مەقامی شۆڕشگێڕی چڕی بوو. نەمر حەمە جەزا یەکێک لە ئەندامانی تیپی شەهید کارزان بووە. ئەم تیپە لە شاخ و لە پێشمەرگایەتیدا دەیان سروودی شۆڕشگێڕیان بۆ گەل تۆمار کردووەو لە نێو ئەوانەشدا چەندین سروودی شۆڕشگێڕی بە دەنگی نەمر حەمە جەزا تۆمارو بڵاوکراونەوە، کە ئەمەش بووە هۆی زیاتر خۆشەویستی ئەو هونەرمەندە دەنگخۆش و پێشمەرگەیە.

**بەرخۆدانی حەمە جەزا لە شار**

حەمە جەزا وێڕای ئەوە کە وەک پێشمەرگەیەک بۆ ڕزگاری گەلەکەی خەباتی دەکرد هاوکاتیش بە دەنگە ڕەسەن و خۆشەکەی دەیان سروودو مەقامی شۆڕشگێڕی بۆ گەل و نیشتمان گوتووە، جێی ئاماژەیە بە هۆی ئەوەی کە سروودو مەقامەکانی حەمە جەزا هاندەری لاوانی کوردستان بۆ خەبات و بەربەرەکانی بە دژی چەوسانەوەو نابەرابەری بوون، رژێمی بەعسی عێراق گۆرانییەکانی حەمە جەزای قەدەغە کرد بوون، بەڵام بە شێوەی جۆراجۆر دەکەوتە دەست خەڵک و دەنگ و سروودو مەقامەکانی لە دڵی زۆربەی خەڵکدا جێی خۆیان کردبۆوە. تەنانەت لە رۆژانی سەردەمی شاردا چەندین جار حەمە جەزا لە لایەن دامودەزگاکانی رژێم دەستگیرکراوەو ئەشکەنجەدراوە بۆ ئەوەی لە هەلوێستی نیشتمانپەروەری خۆی سارد بێتەوە، بەڵام جەزا هەر کە لە زیندان دەهاتە دەرەوە بەگوڕتر گۆرانی و مەقامی شۆڕشگێڕی و مقاوەمەی دەوت.

**چەند گۆرانییەکی حەمە جەزا**

گۆرانییەکانی (لە کۆڵانی تەنگەبەر، کەژاڵ، هەرمێ، ئەرێ بەناز، ڕانیەو قەڵادزێ و مەقامی خوشکە لەیلا، ساقیاو سروودەکانی هۆکاکی پێشمەرگە،قەندیل،مەڕۆمەڕۆ، پاکانەو گەردەلوول)) لە بەرهەمە هونەرییەکانی ئەو هونەرمەندە نەمرەن و بەگشتی هونەرمەند خاوەنی زیاتر لە ٢٠٠ گۆرانی و مەقامە، کە هەردەم بە زیندوویی لە نێو هزری بەشی زۆری گەلەکەمان دەمێنێتەوە.

**حەمە جەزاو ململانێ لەگەڵ نەخۆشیدا**

هونەرمەند حەمە جەزا ماوەی ساڵێک زیاترە لەگەڵ نەخۆشییەکی درێژخایەن ژیانی بەسەردەبرد، شەش مانگی رابردوو(٢٠١٠) لەژێر چاودێریی وردی پزیشکدا بووە لە وڵاتانی ئەورووپاو ماوەی مانگێک بوو هێنرابۆوە بۆ شاری سلێمانی.

**کۆچی دوایی حەمە جەزا**

هونەرمەندو گۆرانیبێژی بەرگری(مقاوەمە) دوای بەربەرەکانێی زیاتر لەگەڵ نەخۆشییەکی درێژخایەن، شەوی پێنج شەممە لەسەر هەینی ٢٠١٠/١٠/١ کاتژمێر ١:٥٠ی شەو لە شاری سلێمانی بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد. بەداخەوە بە دنیایەک ئاوات و ئارەزووەوە کۆچی دوایی کردو بەم کۆچەش خەم و پەژارەی خستە دڵی هەموو لایەک و بە تایبەت ئەویندارانی دەنگی پڕ لە چریکەی خۆی. دوای کۆچی دوایی کاتژمێر دوو و نیوی پاش نیوەڕۆی ٢٠١٠/١٠/١ تەرمی هونەرمەند لەرێوڕەسمێکدا لەمزگەوتی شێخ قادری چوێسەوە رەوانەی سەرقەبران کراو لە گردی سەیوان بەخاک سپێردرا.

**سەرەخۆشی لە بنەماڵە تێکۆشەرەکەی و گەلی کورد**

هونەرمەندو گۆرانیبێژی گەلەکەمان بەداخەوە بە دنیایەک ئاوات و ئارەزووەوە کۆچی دوایی کردو بەم کۆچەش خەم و پەژارەی خستە دڵی هەموو لایەک و بە تایبەت ئەویندارانی دەنگی پڕ لە چریکەی خۆی. بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لەخۆمان و بنەماڵە تێکۆشەرەکەیو گەلی کوردو بە تایبەت ئەویندارانی دەنگی ئەو نەمرە، دەکەین.







حەمە جەزا - خۆپیشاندانی کوردەکانی دانیمارک


حەمە جەزا لە دەزگای بەدرخان


حەمە جەزا لە نێو ئازیزانیدا



# وریا ئەحمەد حەمە جەزای هانداوە بۆ گوتنی گۆرانی سیاسی

**دیمانە: بەدرخان**

مامۆستای موزیکژەن و بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کەلەپووری کوردی وریا ئەحمەد، لەو دیمانەیە تایبەتە باس لە پەیوەندی خۆی و هونەرمەندی شۆڕشگێڕ و پێشمەرگە حەمە جەزا دەکات. بۆ یەکەمجار باس هۆکاری سەرەتای هاتنی ئەو هونەرمەندە دەکات بۆ شاری هەولێر. ئەو زۆر بە ڕاشکاوییەوە باسی پەیوەندی خۆی و حەمە جەزا دەکات، کە چۆن و بە چ شێوەیەک لەناو جەرگەی دوژمن بەرخۆدانیان کردووە و کاریانکردووە. مامۆستا وریا ئەحمەد باسی پەیوەندی خۆی و حەمە جەزاش دەکات لە ڕۆژانی سەختی سەردەمی شاخدا و گەلێک پرسی تریش دەوروژێنێت:

**حەمە جەزا بۆ هاتە هەولێر؟**

مامۆستای موزیکژەن و بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کەلەپووری کوردی وریا ئەحمەد، سەرەتای ئاخاوتنەکانی تیشکی خستە سەر هاتنی هونەرمەند حەمە جەزا لە سلێمانییەوە بۆ شاری هەولێر و گوتی:" ئەو حەکایەتە هەموو کەس دەیزانێت حەمە جەزا کاتی خۆی لەبەرئەوەی باوکی حاجی عەلی بەگ پیاوێکی ئاینی بووە و هەتا مزگەوتێکی هەیە تا ئەمڕۆش بەناوی خۆیەتی لە سلێمانی. پیاوێکی دیندار بووە، ڕێگای حەمەی نەداوە گۆرانی بڵێت. حەمەش لەبەرئەوەی کە ئەوەندە بەهرەمەند بووە و حەزی لە گۆرانی بووە دواجار پێی وتووە ماڵەکەت بەجێ دەهێڵم ئیدی کوڕی تۆ نابم و دەڕۆم سەری خۆم هەڵدەگرم. بابی بەوە ڕازی بووەو وتوویەتی ئەتۆ هەر کوڕی من مەبە ئەتۆ مادام گۆرانی بڵێیت. واتە باوکی هێندە دەمارگیر(تعسوب)ێکی دینی بووە. ئیدی حەمە جەزا ڕووی لە هەولێر کرد، ئەگەر هەڵە نەبم ساڵی حەفتا هاتۆتە هەولێر و لە هەولێر نیشتەجێ بووە، کە ئەو کات من لە کۆیە بوومە."

**ئەی گوڵ، ئەو گۆرانییەی حەمە جەزا ناوبانگی پێ دەرکرد**

وریا ئەحمەد، ئەوەشی وت:"بەڵام لەبیرمە دوای کۆچی دوایی حەسەن زیرەک حەمە جەزا گۆرانییەکی گوت بە مۆسیقایەکی زۆر کرچ و کاڵ، بەڵام گۆرانییەکە زۆر شوهرەتی دایەوە لەبەر خاتری ڕۆحی حەسەن زیرەک و لەبەر خاتری دەنگی حەمە جەزاش، بە دوو هۆ. لە گۆرانییەکەش دەیگوت (ئەی گوڵ ئەی گوڵ تۆم بەگوڵ زانی، لەدوای تۆ زیرەک گیان کێ بڵێ گۆرانی) ئاوا دەستی پێدەکرد. حەمە جەزا بەو گۆرانییە زۆر ناوبانگی دەرکرد. بەس بە تەلەفزیۆن نەبوو تەنها بە کاسێت بوو."

مامۆستا وریا ئەحمەد، باسی لە پەیوەندی خۆی و حەمە جەزا دەکات لە ڕۆژانی پێشمەرگایەتیان و گوتی:" کاتێک ئێمە چووینە ریزی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٧٤ کە بەعس شەڕی بە کورد فرۆشتەوە، ئەوە بوو ئێمە کەوتینە ناو یەک شوێن لە ناو تیپی مۆسیقای شۆڕش لەگەڵ حەمە جەزا، کە هاوسەرەکەی (خەپە گیان)ی لەگەڵ بوو. ئەگەر هەلە نەبم ئەوکاتی دوو منداڵیان هەبوو، ئەوکات من هەر گەنج بووم. ئێستاش لەبیرمە لە دۆلی بالەییان من جومبوشەکەم لێدەدا خوڕە خوڕی ئەو ئاوەی لە قەندیل دێتە خوارێ، دەنگی باڵندە و پەلەوەر و مەل دێت و جێگایەکی زۆر سازگاریشە و دۆلی بالەییان بەجۆرێکە کە لەبەر چڕی دار و دەوەن زەوییەکەی دیار نییە و کەشێکی زۆر سیحراوی بوو، چ میوەیەکی دنیا هەیە حەزت پێیەتی لەوێ هەیە. من جومبشێکم پێ بوو بەهۆی ئەوەی کە جومبش بە مقاوەمەیە و وەکو عود ناسک نییە، جومبشم لێدەدا و ئەویش (حەمە جەزا)ش گۆرانی دەگوت چریکەی هەڵدەستا، زۆر ماوەیەکی خۆش پێکەوە بووین"

**ئەو ڕۆژەی لێکدابڕاین.. دوایی لە هەولێر یەکمان گرتەوە**

وریا ئەحمەد ئاخاوتنەکانی خۆی وەها بەردەوام کرد:" دوایی بەو پێیەی کە ڕژێمی بەعسی لەناو چوو زۆر هەڕەشەی دەهێنا بە فڕۆکە و ئەوانە منداڵەکان هەموو دەمێک زیڕ و هۆڕیان بوو نەک هەر هی حەمە جەزا، بەڵکو هی هەمووان کە لەوێ بوون. بڕیارێکی شۆڕش دەرچوو دیارە ئێران،یش بەوە ڕازی بوو کە کوردەکان هاوسەر و خێزانەکانیان ببەنە سەر سنوور و نزیک سنووری عێراق- ئێران لەناو خاکی ئێران دایان نا. ئەوە بوو من لەگەڵیان چووم بەڕێم کردن، برادەرێکی تریشم لەگەڵ بوو بەناوی سیامەند کە ئەویش کۆچی دوایی کرد. مامۆستا سیامەند ئەویش هونەرمەند بوو لە تیپی مۆسیقای باواجی و پێشتریش لە سلێمانی لە تیپی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی بوو. لەگەڵ خێزانەکان چووم تا قەسرو ماکۆسان شەوێ قەسفکراین، فڕۆکە هات و بووە زیڕ وهۆڕ ، هەڵبەتە سیامەندیش ژنی هەبوو تەنیا من زگورتی بووم منداڵیانم بۆ هەڵگرتبوون وەکو هاوکاری و برایەتی، لەوێ ئەو شەوە تا سبەینەکەی لەناو قۆرتێک نووستین (ماینەوە) ئەوان دوو خێزان و منیش لەگەڵیان بووم. سبەینێ هەستان و من بە پێیان لە قەسرەو ماکۆسانەوە چوومە گەڵاڵەو سەیارەیەکی پیکابم بۆ هێنان هەردوو خێزانەکە سوار بوون و حەمە جەزا و سیامەندی ڕەحمەتیش لە پێشەوە سوار بوون و دوای خواحافیزی ئەوانم بەڕێکرد. ئیدی نەم دیتنەوەو تا شۆڕش هەرەسی هێنا. کە شۆڕش هەرەسی هێنا هاتینەوە هەولێرێ و من کۆیەم بەجێ هێشت و ئەویش وەک پێشتر وتم هەر لە هەولێر بوو. لێرە لە تیپی هونەری هەولێر یەکترمان دیتەوە."

**تیپی هونەری هەولێر و تۆمارکردنی گۆرانییەکانی حەمە جەزا**

وریا ئەحمەد بەمجۆرە بەردەوامی بەبیرەوەرییەکانی لەگەڵ حەمە جەزا دەدات و دەڵێت:"هەڵبەتە من سەرۆکی تیپەکە(تیپی هونەری هەولێر) بووم. لە چینی یەکەمی ئەو گۆرانیانەی کە لە تەلەفزیۆنی کەرکووک کە تۆمار(تسجیل)مان کرد، کە ئەو کات ڕەش و سپی بوو، حەوت گۆرانی بوو کە ئێستاش لەبیرمە. مامۆستا تایەر تۆفیقی نەمریشی تێدابوو کە گۆرانی (شیرینێ لەیلانێ)ی دەوت، ئیبراهیم سابیری کۆیی، سەلاح محەمەد و (ئازاد کەریم)ێکی گەنجی تێدا بوو بەرەحمەت بێت کەوتە ناو گەلی عەلی بەگ و مرد. حەمە جەزاش ئەوکات دوو گۆرانی هەبوو. کە ئێستا لە گۆڤاری چڵاواز(ژمارە ٥٥) سێ گۆرانیمان بۆ کردۆتە نۆتە بەداخەوە نەی دیت، کە گۆرانی بەنازی کچێ بەنازی و بەنازگیان بوو، کە ئەوە یەکەم بەرهەمی بوو لەگەڵ تیپەکەمان. دوای ئەوەی کە ئەو گۆرانیانەمان تۆمار کرد زۆر دەنگی دایەوە تیپی هونەری هەولێر هەتا دەهات مۆسیقاژەنی ترمان دەهێنا و تیپەکەمان گەورە دەکرد، کە بە ڕاستی مەبەستمان بوو تیپەکە وەکو تیپی مۆسیقای سلێمانی لێ بکەین ئەگەر بەرەو پێشتریشی نەبەین."

وریا ئەحمەد وتیشی:" ئیدی ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٧٨ بوو ٢١ یان ٢٢ گۆرانی بوو، کە لە تەلەفزیۆنی بەغدا بە ڕەنگاوڕەنگ تۆمارمان کرد. لێرەدا حەمە جەزا ٤ گۆرانی هەبوو یەکەم، گۆرانی (چارەنووس)، کە ئاوازی من بوو، دووەم گۆرانی(بەلەنجە و بەلەنجە) ئەویش هەر من بۆم کردبوو. گۆرانییەکی تر (کەژاڵ) ئامادەکردنی مۆسیقای هی من و مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی بوو. گۆرانییەکی تر بە ناوی (لەکۆڵانی تەنگەبەر) مۆسیقای هی من و مامۆستا ڕزگار خۆشناو بوو."

**حەمە جەزا و دوا گۆرانی لەگەڵ وریا ئەحمەد**

وریا ئەحمەد وەها درێژەی بە قسەکانی دا:" هەندێک گۆرانی تریشی لەگەڵ ئێمە هەبووە وەکو (لە خڕنەی خڵخاڵی) و هیتر کە ئێستا لە بیرم نییە. پاش ئەوەی ئیدی ئەو (حەمە جەزا) چوو بووە پێشمەرگە. ئیدی گۆرانی کۆتایی کە من بۆم کرد مامۆستا هێمن هاتە هەولێر حەمە جەزا هاتە دوام و گوتی تۆ وەرە دەزانم تۆش وەکو من هێمن موکریانیت خۆشدەوێت، پرسیم بۆ لەکوێیە گوتی لە هەولێرە. ئەوکات من سەیارەم نەبوو حەمە جەزا لادەیەکی زەردی هەبوو هەستاین چووین لە بن (تەنیشت) قەڵاتی هەولێر شەهید عەبدولخالق مەعروف لەبن قەڵات دوکانی هەبوو مامۆستا هێمن میوانی ئەوبوو، چووینە ئەوێ و یەکەو ڕەسمێکمان لەگەڵی گرت و دوایی داوام لێکرد وتم مامۆستا گۆرانییەکی(شیعر)ی تۆم کردووە بە ئاواز و مامۆستا حەمە جەزا وتویەتی بە ناوی چارەنووس، پێم خۆشە نوێترین شیعری خۆتم بدەیێ ئەوجارەش ئاوازێکی تری بۆ بکەم. مامۆستا هێمن گوتی دەبنووسە کە وەکو ئەوڕۆکەم لەیادە کاغەزێکم هێنا بە قەڵەمێک (تۆ بەڵێنم پێ بدە تا من بەرەو ژوان ببمەوە، بمدەیە ماچێکی تەڕ لەو لێوە با جوان ببمەوە) ئەو شیعرە بە دەستی خۆم دەمنووسی و ئەویش دەیگوت: لە کۆتایی سەیری دەکردەوە بزانی هەڵەم نەکردووە، چونکە ئەوکات من گەنج بووم. ئیدی ئەو ئاوازەشم بۆ کرد، بەڵام حەمە جەزا بەسەردا بووە پێشمەرگە هەتا هاتەوە لە پێشمەرگایەتی ئەو ئاوازەم نەدایە کەسی تر. حەمە جەزای هونەرمەندی پێشمەرگە لە تەلەفزیۆنیش باسی کرد و وتی((مامۆستا وریا زۆر بەوەفایە من دەساڵە یان زیاترە لەشاخم، پێشمەرگە بوو ئەو ئاوازەی نەدایە کەسی تر هەر بۆ منی دانا)). حەمە جەزا کە هاتەوە لە هەولێر لە سەردەمی ڕاپەڕین تۆمارمان کرد."

**" ئەگەر وانەبووایە ئەو کوردستانە بەو ڕۆژە نەدەگەیشت"**

لە وەڵامی پرسی حەمە جەزا بۆچی وا چاونەترس بوو، مامۆستا وریا ئەحمەد وتی:" لە میللەتی کورد زۆر چاونەترس و ئازای وەکو کاک حەمە جەزامان هەبوو با نەڵێین مەدحی کورد دەکەین. من دەپرسم مامە ریشە بۆ وا ئازابوو بە دەیانی تر. هەر لە ناوچەی کۆیە دە کەس ١٥ کەس ناویانت بۆ دێنم وەکو سەربازی ئەحمە کۆری، شەفیق و ڕەفیق کە دوو برابوون کوڕی زایری کەریمە گۆدەیان پێ دەگوتن، کە هەردووک شەهید کران، ئازادی حەمە گەمعانی، شەهرەی مەلا حەمیدی، ئەوانە ئێستا هەمووی لەبیرمن، کە پێشمەرگەی نەبەرد بوونە هەتا هەمووی بە پێوە بە ئازایەتی بە نەبەردی شەهید کراون ئەی ئەوانە بۆ وا ئازا بوون؟ هەندێک کەس هەیە لەناو ئێسکیتی لەناو خوێنیەتی. بە دەیان دایکە پێشمەرگە هەبووە لە کۆیەوە ئاگام لێیە پرێسکەی بردووەو گرێی دایە، نامەی پێشمەرگەی لە کۆیەوە بردووە هی ناوشار کە پێشمەرگەی داخیلی هەبووە، بردیتی لەبۆ دەرێ، هی ئەوانیشی هێناوەتەوە لەبۆ ناوشار، چەندی وا گیران و کوژران. هەبووە کاغەزەکەی قوتداوە تاکو لێی نەگیرێت. واتە خەڵکێک هەیە کە ئەگەر وانەبووایە ئەو کوردستانە بەو ڕۆژە نەدەگەیشت."

**هاوڕێیەتی حەمە جەزا و کابانێتی ئەو**

مامۆستا وریا ئەحمەد لە بارەی هاوڕێیەتی حەمە جەزا لەگەڵ هاوڕێکانی وتی:" تا بڵێی کوڕێکی ڕورخۆش و حەزت دەکرد بەس لەگەڵی دابنیشیت. بە دەستی خۆی خواردنی بۆ دەکردی، باشترین کابان بوو. نوکتەچی وەکو خۆی نەبوو، ئەگەر نوکتەی نەگێڕابوایەوە هەر دەیتوانی لەو دانیشتنەی ئێستای ئێمە شتی وای دروست دەکرد و ئێمەی بە پێکەنین دەهێنا. حەزی لێ بوو دەوروپشتی هەردەم گەشاوەو دەم بە پێکەنین بێت، گاڵتەو نوکتەی حەز لێ بوو. چەند برادەری قسەخۆشی وای لە سلێمانی هەبوو، ئەوانە هەمووی برادەری بوون"

**پەیوەندی حەمە جەزا و مۆسیقاژەنەکان**

وریا ئەحمەد کە خۆشی مامۆستای مۆسیقایە، وەها لەبارەی پەیوەندی حەمە جەزا و مۆسیقاژەنەکان دەدوێت:" حەمە جەزا زۆر ڕێزی مۆسیقاژەنی دەگرت تەقدیری مۆسیقای زۆر لە لابوو، واتە ئێرەو ئاسمان ڕێزی ئێمەی دەگرت. بەس بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ هەموو خەڵکیش وابوو."

**حەمە جەزا و خێرکردنی بە نهێنی**

مامۆستا وریا ئەوەشی وت:"باوەڕناکەم ڕۆژێک لە ڕۆژان حەمە جەزا زەرەری لە کەسێک دابێت. ئەگەر یەکێک داوای یارمەتی بکردبایە، ئەوەندە خێری ئەو دەیکرد بە دزیش، من دەزانم کە نەیدەهێشت کەس بزانێت. هێندە کەسێکی خێرکەر بوو حاتەمێک بوو. لەو دوادوایە کە بارودۆخی باش بوو کە ئەوان پێشتریش بە بنەماڵە بارودۆخیان باش بووە، قەسری هەبوو، مۆنیکای هەبوو وەکو هەموو خەڵکی دەوڵەمەندی ئەو وڵاتەی."

**دڵسافی حەمە جەزا**

وریا ئەحمەد وەها بەردەوام دەبێت:" من لە ئەوروپا تازە هاتبوومەوە، مامۆستا مەزهەری خالقی میهرەجانێکی کردبوو تەنها هی مۆسیقابوو، کە سێ ڕۆژ ماوەکەی بوو، منیش داوەتکرابووم موجتەبای میرزادە بە ڕەحمەت بێت ئەویش لەوێ بوو لە تەنیشت من دانیشتبوو، لەوێ حەمە جەزا وتی دەبێت شەوێکیان میوانی من بیت. منیش وتم حەمە گیان واز بێنە. گوتی بۆ؟ وتم بە منەوە ئێمە یازدە نەفەرین. گووتی بە قورئان مامۆستا نەک یازدە نەفەر، سەد و یازدە نەفەریش بن دەبێ داوەتت بکەم. واتە دڵی وابوو. جا شەو تا نیوەی شەو داوەت و خزمەتی ئێمەی کردووە و گۆرانیشی بۆمان گوتووە."

**وریا ئەحمەدو هاندانی حەمە جەزا بۆ گوتنی گۆرانی سیاسی**

لە وەڵامی پرسی ئایا مامۆستا وریا ئەحمەد، هونەرمەند حەمە جەزای هانداوە بۆ گوتنی گۆرانی سیاسی؟ وتی:" بە دڵنیاییەوە. وەکو مرۆڤێک من ئەوەندەی دەمەوێت پێت بڵێم نەک وەکو مەدحی خۆم، لەکاتێکدا خەڵکێک هەبووە ڕۆژی پارێزگای (یوم المحافظة)ی کردووە، کە ڕەنگە تۆش بزانیت، ڕۆژی کە سەدام حوسێن هاتۆتە ئەو شارە ئەو دیکتاتۆرە کوردکوژە بووە (یوم المحافظة) واتە دەبوو ئەو ڕۆژەی کە گوایە پیاوێکی زۆر شەریف و گرنگ هاتۆتە ئەو شارە هەموو ساڵێک بەو بۆنەیەوە ئاهەنگ بکرێت. هەتا ئێستا تەحەدا دەکەم من لەو حەفلەیە بەشداریم کردبێت، نەک ئاواز دابنێم هەر وەکو مۆسیقاژەنیش بەشداریم تێدا نەکردووە. جا هەڵوێست (موقف)ی من و حەمە جەزا زۆر لێک نزیکبوو، چونکە باوکی من ئەحمەدی حەمە مەلا هەزار ڕەحمەتی لێبێ، بە دەستی حزبی بەعس کوژرا. لەبەر ئەوەی حەمە جەزا دەیزانی من چۆنم و منیش دەمزانی ئەو چۆنە. لەسەرێ لەناو شۆڕشی ئەیلول ئێمە بووینە برادەر لە هەست و نەستی یەکتر گەیشتین. قسەی هەموو دڵی خۆی لای هەموو کەس نەدەکرد، دەهات دڵی خۆی لای من دەکردەوە و ئەوجارە سەعاتێک منیش هی خۆم لەبۆ ئەو دەکردەوە لەتاو کوردایەتی پێکەوە دەگریاین، کە بەعس وەها قەتلوعامی خەڵکی دەکرد و ئەو شتانەی دەکرد. ئێمە لەتاوان دەگریاین و دەمان گوت دەبێت ئەو میللەتەمان چارەنووسی چی لێ بێت."

**بیرەوەرییەکی ناخۆش...!**

وریا ئەحمەد وەها بەردەوامی بە قسەکانی دا:" لە بارەی حەمە جەزا بیرەوەری ناخۆش یەکجار زۆرن یەک بیرەوەری ناخۆش دەگێڕمەوە، کە تا ماوم لەبیرم ناچێتەوە. حەمە جەزا پێشمەرگە بوو، منیش زۆر مشتاقی بووم، حەزم دەکرد بزانم هەواڵی چییە و لەکوێیەو چۆن دەژیێت؟ دەبێت لەبەر تۆپ و تەیارە چ بکات؟ هیچ هەواڵێکم لەبارەیەوە نەدەزانی، ساڵی هەشتاکان بوو ڕۆژێک لەکن باتە (شەقامی باتە) دەڕۆیشتم، لە هەڕەتی دڕندەیی بەعسدا، سەیر دەکەم پیرێژنێک عەبایەکی زەردی پێوەیە بانگم دەکات. منیش بڕوام نەکرد، وتم باشە ئەو پیرەژنە دەرۆزەکەرە چی لەمندایە من بانگ بکات. لەبەرئەوەی سەیریم نەکرد دەمویست بڕۆم، دیسان بانگی کردمەوە جارێکی تریش بانگی کردم و وتم: ئەوە لەگەڵ منێتی. کە ئاوڕم دایەوە و جوان سەیرم کرد دەبینم ئەوە ژنی حەمە جەزایە وەکو حەمە پێی دەوت خەپە، منیش هەر پێم دەوت خەپە، بڕوا بکە نازانم ناوی خۆی چییە. وتم کچێ خەپەگیان ئەی هاوار ئەوە چییە، وەکو خوشکێک دەستی لەملمکرد گریا و منیش گریام، وتم پێم بڵێ حەمە گیان چۆنە هەواڵی چییە؟ وتی چاوت ماچ دەکات هیچ غەمت نەبێت هێندە باشە، ورەی هێندە بەرزە هەزار سڵاوت لێدەکات ڕێزی هەیە، ئاگای لەتۆیە. ئیدی من وتم: پێویستی بە پارە یان هەر شتێک کە بەمن بکرێت، وتی کوڕە بڕۆ ئەمن دەزانم تاقانەی تۆ بێکەسی با نەتناسن با نە تکوژن، بە دەرکردن ئەمنی دەرکرد بیرەوەری ناخۆش لەوە زیاتر چی. زروفێک وات لێ بێت نەتوانی یارمەتی هاوسەری حەمە جەزا بدەی ئەو بۆ خۆی دەرت بکات، چونکە دەیزانی چ دڕندەیەکن."

**بیرەوەرییەکی خۆش!**


وریا ئەحمەد باسی ئەوەی کرد کە یادەوەری خۆش بڵێم ئەوەندە گاڵتەچی بووە، ئەوەندە قسە خۆش و نوکتەچی بووە وەکو پێشتریش باسم کرد، لە هەر مەجلیسێک دانیشتبایە دەبووە گوڵی مەجلیسەکەی. وریا ئەحمەد گوتی:" یەکێک لە بیرەوەرییەکان ساڵی ١٩٧٨ بوو لە تەلەفزیۆنی بەغدا بە ڕەنگاوڕەنگ (ملون) گۆرانیمان تۆمار دەکرد. سێ کامێرامان هەموو بەرامبەرە ئێمە هەموو تیپی هەولێر دانیشتبووین و حەمە جەزاش بەرامبەرمانە، بەحیساب گۆرانی بڵێت. کارمەندانی تەلەفزیۆن لەسەرێ کێشەیەکیان هەبوو، نازانم هی ڕووناکی بوو هی چی بوو. چونکە دەرهێنەر هەبوو جاران لە ژووری سەرێ دادەنیشت و بە ڕێی هێدفۆنەوە قسەی لەگەڵ وێنەگرەکان دەکرد، ئەوانەی ڕاگرت هۆیەکەی چی بوو نازانم. ئێمەش دانیشتووینە تا دەست بەکار بکەین، ئەو وەستانە درێژەی کێشا و حەمە جەزاش چ بکات باشە. مۆنیتەرێک هەیە لە ناوەڕاست هەموومان دەیبینین، حەمە جەزا لەوێوە دیارە لە ئێمە، بەرامبەر کامێراکەی خۆی دەموچاوی خۆی بۆ شێوەیەک گۆڕی بوو وەکو ناشیرینترین دەموچاوی لێکردبوو بە غاردان دەچووە پشتەوەو بەخێرایی دەهات لەبۆ ئەو کامێرایە بەو ناشرینییەش کە جارێک نەبوو دوان نەبوو، خوا شاهێدە هەموومان ئاومان لەچاو دەهاتە خوارێ وەکو گریان، وێنەگرەکانیش هەموو دەستیان بە پێکەنین کرد. شەرم و شتی نەبوو حەزی لێ بوو دەوروپشتەکەی دڵخۆش بکات، ڕووناک بکات، ئەوە ئامانجی بوو."

**٣٦ ساڵ هاوڕێیەتی لەگەڵ حەمە جەزا دا..**

وریا ئەحمەد باسی ئەوەی کرد کە هەرچەند باسی کاکە حەمە جەزا بکەین تەواو نابێت، گوتی:" تەماشاکە لە ١٩٧٤ەوە تا ئەوڕۆ کە زیاتر لە ٣٦ ساڵ دەکات، ئێمە پەیوەندیمان لەو ماوەیە تا ئێستا بەردەوام بووە. لە دانیمارک بووە سەد تەلەفۆنم بۆ کردووە، ئەو بۆی کردوومە."

**سەموونە جۆیەکەی سلێمانی...**

وریا ئەحمەد ئەوەشی وت:" نموونەیەکی سەیرت بۆ باس بکەم لەو ماوەیەی کۆتایی، کە دەهاتە هەولێر میوانی من یان برادەرێکی تر میوانی کاک عەبدوڵڵا دەبوو، جا دەیزانی دایکی منداڵان هی من نەخۆشی شەکرەی هەیە. سەموونی جۆ لە سلێمانی پەیدا ببوو هێشتا جارێ لەهەولێر نەبوو، هەموو جارێک کە بهاتبا تەلەفۆنی بۆ دەکردم و دەیگوت وریا گیان دەزانی لەکوێیم؟ دەمووت لە ماڵی ئێمەی. دەیگوت ئەرێ وەڵڵا، دەزانی بۆ؟ دەمووت هەڵبەتە سەموونەکەت هێناوە. پەنجا سەموونی دەهێنا، یەک گونیە، دەیگوت: خوشکێ ئەوە بیکە زەخیرە بۆ خۆتی دانێ لە شوێنێک، کە خراپ نەبێت، بۆ ئەوەی هەر ڕۆژێ دانەیەک یان چەند دانەی بخۆی لێت نەبڕێت."



هونەرمەندی کۆچ کردوو حەمە جەزا و هونەرمەند وریا ئەحمەد



بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هونەرمەندی پێشمەرگە حەمە جەزا



هونەرمەندی پێشمەرگە حەمە جەزا و کاک کۆسرەت جێگری سکرتێری گشتی (ی.ن.ک)



هونەرمەندی پێشمەرگە حەمە جەزا و هێرۆخان خانمی یەکەمی عێراق

# محەمەد جەزا لە تەیراوەوە بۆ نەوەی نوێ

**ن: عەبدولوەهاب شێخانی**

ئازیزانم من تەیراوەم، گەڕەکێکی گەورەی ڕەنجدەران و تێکۆشەرانی شاری هەولێرم. گەڕەکی خەڵکانێکی بە هەڵوێستم. شاهیدحاڵم لە ژینی بەرخودانی کاکە جەزای هونەروەرم، چۆن هاتەلام و کووی رابواردییە بێ کەم و زیاد لۆت باس دەکەم.

ئێوارە بوو، ساڵ پایز بوو... لە کۆڵانەکی مندا کورێکی زۆر خوێن شیرین و جوان، بە جلی کوردییەوە هاتە لامان، بووە کرێ نشینی خانووەک لە کنە مندا، مرۆڤێکی زۆر داوێنپاک و کوردپەرست هونەروەر و ژیر و عاقل بوو، لەماوەیەکی زۆر کورتدا بووە ئاشنای گشتمان. کات و ساتی دوایی (نسکۆی) شۆڕشی گەلەکەم بوو... من ڕەشپۆش و کۆست کەوتوو تاسا بووم. لە تاو نسکۆی شۆڕشەکەم... ئەو هاتە لام بۆ دیدەنیم و یەکتری ناسین. بەو جۆرە کە منی بینی و هاتە وەڵام و گوتی: ئەوە چییە...؟ بۆ دڵتەنگی و دۆش داماوی بۆ ڕەشپۆشی... لەبەر ئەوەیە کە من بوومەتە ئاشنات و لە ئامێزت دەمەوێ وچان بگرم.

ئەمنیش وتم نا جەزا گیان روحەکەم لەبەر توو نییە من سەربەرزم بە ناسیاری و ناسینت، زۆر دڵخۆشم بە دیتنت. بەڵام دڵتەنگی و نارەحەتیم لەبەر نسکۆی شۆڕشەکەمە. هێزی لەبەردا بڕیمە، جەرگی هەڵا هەڵا کردیمە. کۆشکی ئاواتی رووخاندیمە. دڵ پڕ برین و چاو بەگرینی کردیمە، لەبەر هەندێ پەرێشانم. کاکە حەمە هاتە جواب گۆتی: تەیراوەکەی زەحمەتکێشانم.. مەکۆی خەباتگێڕانم شۆڕشەکەت تووشی نسکۆ کراوە، هومێد و هیوای دوارۆژت خنکێنراوە. بەڵام بڕوابکە گیانە ئەوجارەیان شۆڕشەکەت بەگوڕتر و پڕ جۆش و خەباتتر دەبێ. دوژمن لە بەرامبەر هەڵوێستی رۆڵەکانت سەرسام دەبێ، هەڵوێست لە لوتکەدا دەبێ بەزین و ریسوایی هەر بۆ دوژمنانت دەبێ.

ئا لەو ئان و ساتەدا بەو هەواڵەی کاکە جەزا زۆر دڵخۆشبووم کوڕگەلی گەڕەکەکەم هەموویانم خەبەردار کرد. بوو بە هەرا پێشبڕکێ بوو لە ناسینی (حەمە جەزای هونەرمەند)ی بە هەڵوێستم. بە لەزوبەز لە ماوەیەکی زۆر کەمدا تەواوی گەڕەکی تەیراوە ناسیان. خۆشەویست و ئازیزی نێو دەرو دراوسێ و خەرکی کۆرانی گەڕەکم بوو ئاشنا و ناسیاری هەموویان بوو.

دوای ئەوە بۆ یەکەمجار لەسەر شانۆی (هۆلی گەل)دا یەکەم گۆرانی کە چڕی لەو رۆژگارە تاریکەدا، لەو زەمەنە ناخۆشەدا... بینەر و هەر هەموویان سەرسام بوون لە دەنگی خۆش و لە شیعری بەرزی مام هێمن (شەنگە بێری ساڵی ساڵان لەنێو مەڕی) ئا ئەوەی گۆت، جۆش و خرۆشێکی خولقاند هاوتای نەبوو. دوژمنی ئەوەندە بچووک کردەوە نەبێتەوە. ئەمجارەیان لە تەواوی شاری هەولێر هەواڵی گەڕا. هونەرمەندیش هاتو و گۆرانی کوردایەتی دەڵێ، شیعری بەرخۆدان دەچڕێ زۆر نەترسە، زۆر ئازایەو ورە بەرزە کوردپەروەرە خەڵکی شاری هەڵمەت و چیاو کەژە.

ئەو هەواڵە گەیشتەوە تەیراوەش. تەیراوە و خەڵکی تەیراوەش شادومان و کەیف خۆش بوون. بەرگی بەهاریان پۆشی. هەواڵی رۆیی رۆیی شار بەشار و گوند بەگوند و تەواوی خەڵکی کوردستان دڵشاد و خەیاڵ بەرز بوون بەو هەواڵە. بە چڕینی گۆرانی و شیعری ئەو هەڤاڵە. دوای ئەوە هەر چەند جارێک ئاهەنگێک کە دەکرا (جەزا) شیعری سیاسی دەوروژاند.. لاو و گەنجی دەهەژاند. بە دەنگە بەسۆزەکەی کاری لە دڵ و دەروونی هەموو جەماوەر بە ژن و پیاو و کچ و کوڕ دەکرد. مێشکیانی بە شیعرەکانی (قانع و هێمن و بێ کەس و گۆران) چاک ئاو دەدا. بڕوا بکە گۆرانییەکانی کاکە حەمە بارتەقای شۆڕشێک رۆڵی هەبوو.. هاندەرێک بوو بۆ یەکریزی و هۆشیاری و هەڵوێست نواندنی گەلەکەم بەرامبەر بە دوژمنی کورد و کوردستانم. کاکە جەزا بەو هەڵوێستە شۆڕشگێڕییەی وەک هاندەرێک بەردەوام بوو، لەناو خەڵکی شاری هەولێر زۆر ئازیز و خۆشەویست بوو. هەر هەموو کەس دەیانگوت (حەمە جەزاکەی) کوڕمان. نەواری کاکە جەزا لای هەموو کەس لە بەریەی دابوو. ئەوەندە لەبەر دڵان بوو لە باس نایەت. لەولاوەش دوژمنی ناپاک دوای هەموو ئاهەنگەکان بانگی (دائیرەی ئەمن)ی دەکرد ئەو گۆرانییەت بۆ واگوتووە، ئەو شیعرەت بۆ پەزی زەرەری هەبووە، چەند جارێکیش گەلەک خراپ ئازاریان دا. لەبەر ئەوەی گۆرانی و شیعری بۆ رەنجدەران چڕیوە. بۆ هەڵوێست و بەرخودان نواندن تێی هەڵکردووە.

دەگێراو چەند کەسێک لە خەڵکی ناسراوی هەولێر دەبوونە (دەستەبەری) و بەریان دەدا. دیسان جەزا، کە دەهاتە دەر شیعری حەماسی و دەنگی بە سۆزی تێکەڵ بەیەک دەکردەوە گازی دەکرد بۆ گەلەکەی. پەیمانی بە تەیراوە و هەولێر دابوو بە هونەرەکەی لە خزمەتی گەلەکەی دابێ. قەتیش پەیمان شکێن نەبووە.. لە هیچ شتێکی دوژمن نەترساوە.

جەزا شیعری قانعی گوت: (گرتن و لێدان و کوشتن عاملی ئازادییە) ئەو دێرە شیعرە زۆر بەرزە ئا ئەوکاتی چرای رۆژگاری تاریک بوو. یان دەیچڕی: ( قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە) ئەوی ئەو دەیگوت هاتە جێ.

لە ساڵانی هەشتاکان: وەک هەولێرییەک بەشانازییەوە دەڵێین کاکە جەزا لە هەولێردا ئەوپەڕی خزمەتی لە هونەر و گۆرانیدا دەنواند.

راستە دەڵێن هەندە جاران گۆرانی و شیعری گۆرانیبێژێک هەندێ پەرتوکێکی فەلسەفی کاریگەریی هەیە. گەر بڵێم ئەوە شیعر و گۆرانی کاکە جەزایە موبالەغەم نەکردووە. جگە لەوەش باری ئابووری و گوزەرانی کاکە جەزا گەلێک چاک بووە، بەڵام ژیان و گوزەرانی باش و چاک بۆ هونەرمەندی ژێر حوکمی فاشی




هونەرمەند ئامانج غازی و هونەرمەندی پێشمەرگە حەمە جەزا



هونەرمەند وریا ئەحمەد و هونەرمەندی پێشمەرگە حەمە جەزا



هونەرمەند سەید ئەحمەد رواندزی و هونەرمەندی پێشمەرگە حەمە جەزا و جیهانبەخش کۆیی







هونەرمەندی پێشمەرگە حەمە جەزا و هونەرمەند شێرزاد سەرسپی



هونەرمەندی پێشمەرگە حەمە جەزا و ئیسماعیل گەیلانی



نەمران حەمە جەزا و محەمەدی ماملێ



بەڕێز مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق و هونەرمەندی پێشمەرگە حەمە جەزا



هونەرمەند حەسەن گەرمیانی و هونەرمەندی پێشمەرگە حەمە جەزا



نەمران مامۆستا عەلی مەردان و حەمە جەزا

دژ بە کوردی وەکو (جەزا) ژەهرە مارە. چونکە کۆیلەیەتی و چەوسانەوە (زیندان و کۆتە بەندەوە) بە گوێرەی کاکە جەزا. بۆیە شاخ و پێشمەرگایەتی هەڵبژارد. کۆمەڵەش وەکو موگناتیس رایدەکێشا. ژیانی پەنابەر و کونە ئەشکەوت و ژێر ساچمە و دووکەڵی ناپاڵمی پێ خۆشتر بوو لە ژیانی شار و نێو کۆشک و تەلاری شاری ژێردەستەی دوژمن. ئەو ژیانەی کە ئەو هەڵیبژارد رێک لەگەڵ شیعرە بەرزەکەی هێمن موکریانی هاومانا دەبێت و خۆشی بە دەنگە زوڵاڵەکەی لەگەڵ تیپە هونەرە ئازیزەکەی شەهید کارزان زۆر بەسۆزەوە لە پشت قەندیلەوە تۆماری کردووە و ئەو شیعرە بەرزە پێناسە و تەعبیر لەو ژیانە دەکات، کە بە کردار کاکە جەزا هەڵیبژارد و لەپێناویدا ژیا و ئەرک و ماندوبوونی قورسی خستە سەر شانی خۆی. کەم هونەرمەند هەیە ئەو ئەرکە بخاتە سەر شانی خۆی، چونکە ئەرکی پێشمەرگایەتی نزیکە لە شەهید بوون و نەبوونی و نەنوستن و ماندوبوون و هیلاکی زۆر تیایە، کاکە جەزا بە شانازییەوە لە هەشتاوە ئەو رێبازە پڕ درک و داڵ و هەوراز و نشێوەی هەڵبژارد. بۆیە ژیانی جەزا لەو شیعرەدا بەرجەستە دەبێت و رەنگ دەداتەوە، کە شاعیر دەڵێ:

**لێرەش لەنێو ئەو لێڕو شاخ و بەردە**
**لێرەش لەگەڵ ئەو هەموو داخ و دەردە**
**لێرەش لەنێو شۆڕشی خوێناویدا**
**لێرەش لە سەرکەوتن و تەنگاویدا**
**لێرەش لەنێو زەبروزەنگی زاڵمدا**
**لەنێو ساچمە و دووکەڵی ناپاڵمدا**
**لێرەش لەنێو گڕو ئاگر و ئاسندا**
**لە بەرامبەر تانک و تۆپی دوژمندا**

بەڵێ ئازیزان ژیانی جەزای هونەروەر لە پێشمەرگایەتی لە مانا و شیکردنەوەی ئەو چەند دێرە شیعرە دابووە. خۆی لەگەڵیدا ژیاوە، بۆیە زۆر چاکی گوتووە و تا دنیا دەمێنێ گوتنی ئەو شیعرە نامرن.

بەڵام کاکە جەزا ئەو ژیانە تاڵە بە دەنگە بەسۆزەکەی لەو شیعرەدا دەڵێ: بەڵام ئەوەشی گوتووە، کە ئەو ژیانە تاڵە سەرکەوتنی بەدواوەیە ئاوا نامێنێ. شاعیر گوتوویەتی و جەزاش چڕویەتی.

**هەر بینا دیت رمی کۆشکی زۆرداری گەیشتینە لووتکەی چیای رزگاری**

جەزا لووتکەی چیای رزگاری دیت بە هیواو ئاواتی خۆی گەیشت ئاڵای کوردستانی بە شەکاوەیی بینی لەسەر لوتکەی هەرە بەرزی کوردستان. هەرچەند ناخۆشی و دووبەرەکی زۆر تێدابوو تا راپەڕین سەنگەری بەرخودان و کوردایەتی و هەڵوێستی بەرنەدا و، هەر لە بەرەی بەرگری و مقاوەتدا بوو. ماڵ و منداڵی دەربەدەر بوو. خۆشی لە قەندیلی سەربەرز بوو. ئەوەندە قەندیلی لە لا پیرۆز بوو، چونکە داڵدە و پشت و پەنای کوڕانی تۆڵەئەستێن بووە، بۆیە لە بەشێک لە گۆرانییەکانی شانازی بە کەژی قەندیل دەکات. بەسەربەرزییەوە پێی هەڵدەڵێ و رۆژانی سەختی ژیانی پێشمەرگایەتی لەو گۆرانیانەدا بەرجەستەبووە و لە مەتەرێزی کوردایەتی و شەرەفدا بووە. بۆیە بە شانازییەوە شیعری شاعیری پایەبەرزی کورد مام هێمنی بەناوی مەتەرێزی شەرەف چڕیوە.

دوای راپەڕینیش جەزای مە (ئێمە) پلەو پایەی نەویست، وەک کەسێکی زۆر ئاسایی دەیگوزەراند. تا ئەو ساتەی مردن بووە میوانی و بەربینگی گرت و هەر ئەوها ما:

دەبڕۆ کاکە جەزا بڕۆ ئۆغری یەکجارەکیت پڕخێر.. چەند خۆشە مردنی سەربەرزی و چەند خۆشە مردن لە بەرەی بەرگری و چەوساوەکاندا بێ. ئەوەتا کوڕانی شاخ و شار، هەر هەموویان ئامادەن لە ناشتنی و ئۆغری یەکجارەکی، بەحوزنەوە کۆبوونەوە بۆ ناشتنی.

**تەیراوەش دەڵێ: هۆ سلێمانی دەستە خوشکم من تەیراوەم تۆ نابینی تەلار و منارەی شارەکەم تازیە بارن، تۆ نابینی بەرگی شیوەنم پۆشیوە لەبەر مەرگی کاکە جەزام. تۆ نازانی بۆ یەکەم جار لە هەولێردا من ئەو ئازیزەم لە باوەش گرت.**

**من وا لێرە تازییەدارم و پرسەو ماتەمم داناوە سەراپای خەڵکی شارەکەم لە پرسەدان بۆ جەزاکەم. بە حوزنەوە یادی رۆژانی رابردوو لەگەڵ جەزا دەکەینەوە کاکە جەزا مرۆڤێکی سادە نەبوو پێشمەرگە و شۆڕشگێڕ بوو چەک لە شانی بەرخودان بوو رابەر و رێناسی گەنج لاو و نەوەی نوێ بوو.. گۆرانی و شیعر و سروود مەتەرێزی شەرەف و بابە مەڕۆو دەیانی تر دەست لەسەر سنگ بۆ گەواهی راوەستاون. شیوەنی بۆ دەگێڕن و دەڵێن شیوەنی مە شیوەنی کاکە جەزایە و خۆ تۆ هەر کوڕی سلێمانی نەبووی.. تۆ کوڕی هەولێر و بادینان و هەر چوار پارچەی کوردستان بووی.**

لە یادمان ناچێت کە دەتوت ( **بەو هەوایە دەژیم کە لە لای هەولێرەوە دێ** ).

جەزا گیان کەڵە هونەرمەندی هەرچوار پارچەی کوردستان لە کۆتاییدا دەڵێم: من تەیراوەم. بە هیچ جۆرێک لە یاد ناچی و لە یاد ناکرێی تۆ ئەستێرەیەکی گەشی لە ئاسمانی نێوان قەڵاو منارە لە ئاسمانی سەربەرزی من تەیراوەی هێندە گەشی.. هێندە پڕشنگی رەشایی شەوی تاریک و تنۆکی (یەلدا) رادەماڵی. تۆ پەروانەی دەوری شەمعی تاریکی بووی بە عیشقەوە بۆ رووناکی کورد و کوردستان دەسووتای. عەشقی حەقیقی کوردستان و بۆی دەسوتای، بۆیە دەڵێم: هەر ئەتۆ عاشق بووی و بۆ کوردستان دەسووتای...








هونەرمەندی پێشمەرگە حەمە جەزا و هونەرمەند ئەحمەد سالار



هونەرمەندی پێشمەرگە حەمە جەزا و دلشاد محەمەد سەعید



هونەرمەندی پێشمەرگە حەمە جەزا و هونەرمەند حاجی مەکی




(گوڵیزار) خەپە خان خێزانی حەمە جەزا ، حەمە جەزا ، هونەرمەند ناسر رەزای، ئێران خانی خێزانی ناسر رەزازی



عەبدوڵڵا عوسمان، فەلەکەدین کاکەیی و هونەرمەندی پێشمەرگە حەمە جەزا



حەمە جەزا هونەرمەندی پێشمەرگە و عەبدولواحید ئیدریس شەریف



# جیهانبەخش کۆیی ئەرشیفێست، بۆ بەدرخان:
# ” یەکەم بەرهەمی حەمە جەزا کاسێتی (بی بی خانم) لە سلێمانی تۆمارکراوە.“



جیهانبەخش کۆیی و حەمە جەزا

**دیمانە: سەرباز سیامەند**

جیهانبەخش کۆیی ئەرشیفێست، لەو دیمانەیەدا تیشک دەخاتە سەر بەرهەمە هونەرییەکانی هونەرمەند حەمە جەزا و ئەو هەرایەی کە لە ئاهەنگێکی ١٩٧٧ نایەوە، کە ئەویش بە گوتنی (دەمگرێ ئەمما لە گرتوخانە رق ئەستوور ترم، لێم دە دا ئەمما لەسەر داوا رەواکەم سوورترم) بوو. جیهانبەخش کۆیی وتی:“ حەمە جەزا یەکەم بەرهەمی بەناوی (بی بی خانم) لە سلێمانی بڵاو کردەوە، کە لەگەڵ هەندێک ئەندامانی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە بووە.“

**یەکەم بەرهەمی حەمە جەزا کاسێتی (بی بی خانم) بوو**

جیهانبەخش کۆیی ئەرشیفێست، لە بارەی حەمە جەزاوە وەها دەستی بە ئاخاوتن کرد:“ زیاتر تیشک دەخەمە سەر بەرهەمەکانی حەمە جەزا، لەبەرئەوەی تایبەتمەندی خۆم بووە. پاش هاتنی حەمە جەزا لە سەرەتای ساڵەکانی حەفتا لە ١٩٧١ و ١٩٧٢ من ئەوکات حەمە جەزام ناسی. من تۆمارگایەکم هەبوو بە ناوی (تۆمارگای خەیام). حەمە جەزا یەکەم بەرهەمی بەناوی (بی بی خانم) لە سلێمانی بڵاو کردەوە، کە لەگەڵ هەندێک ئەندامانی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە، لەوانە مەلا ئەنوەری رەحمەتی و مامۆستا سەردار و هی تر بوو. مامۆستا وریا ئەحمەدیان لەگەڵ بوو یان نا ئەوە نازانم.“

**بەرهەمی (عەشق و ئازادی) چاکترین بەرهەمی حەمە جەزایە!**

جیهانبەخش کۆیی باسی ساڵی ١٩٧٧ی کرد، کە حەمە جەزا لەو ساڵە دووەم بەرهەمی بەناوی ( عەشق و ئازادی) بڵاو کردۆتەوە و وەها بەردەوام بوو:“پێشتر مامۆستا گۆرانی هەبوو لەگەڵ تیپی مەولەوی لە بۆنەکان دەر دەچوو. بەڵام دوای ئەوە ساڵی ١٩٧٧ دووەم بەرهەمی ( عەشق و ئازادی) بوو، ئەگەر چی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر، کە شیعرەکەی مامۆستا هێمن بوو لە سەرەتادا زۆر برادەران وا هەستیان دەکرد، کە ئەو شیعرە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت. بەڵام بە پێچەوانەوە چاکترین بووە هەتاکو حەمە جەزاش ئەمری خوای کرد، ئەو شریتەیان چاکترین گۆرانی بوو، ئەو کۆمەلە گۆرانییە، سەرکەوتنی بەدەستهێنا. ئەو کاسێتە لە سلێمانی لەگەڵ یەک عود تۆمار( تسجیل) کرا، ئەوە شێخ عوسمانێک هەبوو لە سلێمانی بە تەسجیلێکی گرۆن لیکی ١٩٤٦ تۆماری کرد لەگەڵ مامۆستا رزگار خۆشناو.“

**رزگار خۆشناو و حەمە جەزا دوو گیان بوون لێک نەدەترازان**

جیهانبەخش کۆیی، باسی ئەوەی کرد مامۆستا رزگار خۆشناو لەبەرئەوەی لەگەڵ حەمە جەزا رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە، بۆیە ئەو پێی باشە باسی مامۆستا رزگار خۆشناو بکات و گوتی:“ لە دوایین چاوپێکەوتنی خۆم لەگەڵ حەمە جەزا کە نزیکەی ساڵێک پێش ئێستا کردم، من زیاتر لە ٤ سەعات و پەنجا دەقیقەم بە دەنگ و رەنگ بۆ تۆمار کرد. ئەوانەم هەموو لە حەمە جەزا پرسیوە کە دەوری رزگار خۆشناو زۆر زۆر گرنگ بوو بە نیسبەت حەمە جەزا. راستە حەمە جەزا دەنگێکی زۆر گرنگ و هەڵبژاردەی مەقام و گۆرانی و هەڵبەست و ئەوانە بووە، کە بە راستی شتی جوانی دەکرد، بەڵام دەوری سەرەکی رزگار خۆشناو یانی کەسایەتییەک بوو بە نیسبەت حەمە جەزا، واتە دوو گیان بوون و لێک نەدەترازان.“

**” لە ماڵی خۆمان کاسێتی (شەنگەبێری)م بۆ حەمە جەزا تۆمار کرد“**

جیهانبەخش کۆیی، هەروەها دەڵێت:“ دوای ئەوە ساڵی ١٩٧٨ بۆ ٧٩ سێ چوار کاسێتمان تۆمار کرد، دوو لەوانە من ئامادەبووم. کە (گلەیی لەکەس ناکەم، کیژی کوردستان و کەی دیتەوە) و دوسێ شتی تر بوو. کاتی خۆی کە کاسێتەکانمان دەفرۆشت بەو ناوانەمان دەفرۆشت، کە هەر کاسێتی کۆمەڵێک گۆرانی بوو. بۆ نموونە کاسێتی حەمە جەزا- کیژی کوردستان. پێش ئەو کۆمەلانە من لە ماڵی خۆمان کاسێتی (شەنگەبێری)م بۆ حەمە جەزا تۆمار کرد بە تۆمارکارێکی گرۆنلیک، کە ئەوکات ئەمیری برام کارە هونەرییەکەی ئەنجامداو تۆماری کرد. ئەوجا ساڵی ١٩٧٨ سێ گۆرانی لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر تۆمار کرد.“

**” لە ١٩٧٩ حەمە جەزا لەگەڵ ناسری رەزازی کۆمەڵێک گۆرانی تۆمار کرد“**

جیهانبەخش کۆیی، وەها بەردەوامی بە قسەکانی خۆی دا:“ ساڵی ١٩٨٠ دوو گۆرانی تری لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر تۆمار کرد. ئەوە بێجگە لە سەدان گۆرانی، کە بە دزی تۆمار دەکرا، لەبەر ئەوەی گۆرانییەکان زۆر سیاسی بوون. هەروەها لە ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ ناسری رەزازی کۆمەڵێک گۆرانی زۆر چاکی تۆمار کرد، کە ئەویش لە بازار زۆر دەفرۆشراو ناسراو (مرغوب) بوو.“

**حەمە جەزا و گۆرانی دەمگرێ ئەمما لە گرتوخانە رق ئەستوورترم..**

جیهانبەخش کۆیی، زیاتر لە بارەی حەمە جەزا و ساڵی ١٩٧٧ەوە ئەو هەرایەی ئەوکات کە جەزا بە گۆرانییە سیاسییەکەی نایەوە، دەدوێت و دەڵێت:“ لە ساڵی١٩٧٧ کە ئەوکات بە (ملعب)ی ئێستایان دەگوت یاریگای خۆجێیەتی، ئەوکات، پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەی کە لایەنگری بەغدا بوو ئەوان لە ١٩٧٧/٣/٢٤ ئەو ئاهەنگەیان سازکرد. بەڵام بەراستی ئەو ئاهەنگە کە لەو رۆژەی روویدا تیپی سلێمانی بەشدار بوو، کۆمەڵێک گۆرانی زۆر چاکیان گوت، مامۆستا کەریم کابان، مامۆستا تایەر تۆفیق، ئیبراهیم محەمەد، عوسمان عەلی ئەوانە هەموو بەشدار بوون. لەوێ حەمە جەزا گۆرانی (دەمگرێ ئەمما لە گرتوخانە رق ئەستور ترم، لێم دەدا ئەمما لەسەر داوا رەواکەم سورترم). ئیتر ئەو ئاهەنگە گەورەترین ئاهەنگ بوو لە مێژووی هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی، ئێستا تۆمارەکە لام مایە کە مامۆستا عومەر فەرهادی بێژەر بوو. بەراستی ئەو یاریگا یە(ملعب) دەخرۆشا. بە مەزەندەی من ١٥ تا ١٦ هەزار کەس دانیشتبوون، قەت نەبووە لە مێژووی هونەری کوردی ئەوکاتی کە ئەوەندە کەس دانیشتبێتن. دوای ئەوە ئینجا چەکی شەرەفی کردە شانی و هەموو ژیان و خۆشی بەجێهێشت و چووە دەرەوە.“ جیهانبەخش کۆیی ئەوەشی بۆ قسەکانی زیادکرد و وتی:“ حەمە جەزا دوای ئەوەی کە چووە دەرێ بە مەزەندەی من لەگەڵ تیپی کارزان، پێنج گۆرانی یان شەش گۆرانی لەوێ گوتووە.“

**حەمە جەزا و تۆمارکردنی گۆرانییەکانی لە تەلەفزیۆنی کەرکووک و بەغدا**

جیهانبەخش کۆیی، تیشک دەخاتە سەر گۆرانییە تۆمار کراوەکانی حەمە جەزا، کە لە تەلەفزیۆنی کەرکووک بە رەش و سپی و لە بەغداش بە رەنگاورەنگ (ملون) گۆرانییەکانی تۆمارکراون. جیهانبەخش کۆیی وتی:“ لە ساڵی ١٩٧٧ تیپی هونەری هەولێر کۆمەڵێک گۆرانی لە هۆلی گەل تۆمار کرد، کە ئەوکات هۆلی گەلمان کردبووە ستۆدیۆ و تۆمارەکە من کردم. هەروەها کە چووینە کەرکووک و لە کەرکووکیش ئیشی دەنگەکە من دەمکرد. حەمە جەزا لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر ئەوکات لە کەرکووک دوو گۆرانی تۆمارکرد، کە (بەناز، ئەرێ هەی بەناز) بوو لەگەڵ ئیبراهیم سابیر، (کچێ خەجێ)ی سەلاح محەمەد، (ئازیزم بەیانی کە گوڵ عەترێ دەرێژێ)ی ئازاد کەریمی رەحمەتی و ئەو کۆمەلانە بوون. لە حوزێرانی ١٩٧٨یش، کە چووینە بەغدا چوار گۆرانی لە تەلەفزیۆن تۆمار کرد. ئەوکات بەرهەمی تیپی هونەری هەولێر زیاتر لە شازدە گۆرانی بوو، کە بە پێی ناوو ژمارەی ئەو گۆرانیانەی بۆیان تۆمار کرا وەهابوو: حەمە جەزا ٤ گۆرانی، قادر زیرەک ٢ گۆرانی، ئیبراهیم سابیر ٢ گۆرانی، جەلال سەعید ١ گۆرانی، جەعفەر شەقڵاوەیی ١ گۆرانی، جەبار ئەحمەد ٢ گۆرانی، کاوە ژاژلەیی١ گۆرانی، سامان کەرکووکی١ گۆرانی، سەلاح محەمەد ٢ گۆرانی، قادر کابانی رەحمەتی٢ گۆرانی و ئیتر دوو پارچە مۆسیقاش تۆمارکرا.“

**لەبەر خۆشەویستی بۆ هەولێر یەکەم ئاهەنگی دوای راپەرینی لە هەولێر کرد**

جیهانبەخش کۆیی، وەها بەردەوام بوو:“ ئەو بەرهەمەی تیپی هونەری هەولێر هی ساڵی ١٩٧٨ کە بڕیار بوو گۆرانی (لەگریانم لەگریانم) تۆمار بکرێت کە شیعرەکە هی جەلال جۆبار بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو گۆرانییە رەفزکرایەوە و تۆمار نەکرا هەمان ئاوازی ئەو گۆرانییە بۆ گۆرانی (بەهار بوو فەسلی زستانم ئەگەر یارم لەگەڵ بایە) بەکار هات.“ جیهانبەخش کۆیی، باسی یەکەم ئاهەنگی حەمە جەزای کرد، کە دوای راپەرینی بەهاری ١٩٩١ کردی، وتی:“ محەمەد جەزا لە خۆشەویستی هەولێر یەکەم ئاهەنگی دوای راپەرینی لە هەولێر ساز کرد. ئاهەنگەکە رۆژی ١٩٩١/١٠/٣ لە یانەی مامۆستایان بەرێوە چوو.“

**رۆژی پرسەی هەولێر، جوانترین مەدالیا**

جیهانبەخش کۆیی، بەمجۆرە کۆتایی بە قسەکانی هێنا:“ لە رۆژی پرسەکەی حەمە جەزا لە(٢٠١٠/١٠/٣) کە لە هەولێر بەرێوەچوو، ئەوە نیشانەی خۆشەویستی، نیشانەی نیشتمانپەروەری و دڵسۆزی و نیشانەی سەرکەوتنی ئەو هونەرمەندە بوو. کە هونەرمەند دەبێت چۆن هەڵسوکەوت بکات لەکارەکەی خۆی، لە ژیانی خۆی، لەناو کۆمەڵی خۆی، کە ئاوا بەو شێوەیە تەقدیر و رێزی دەگیرێت. بە بڕوای من ئەوە جوانترین مەدالیا بوو، کە سێیەمین رۆژی پرسەی لە هەولێرێ ساز کرا، لە ئەوکی حەمە جەزای کرا.“



# رەهەندە گەپەکانی ئاوارەییم

**پێشڕەوی سەید برایمی**

## ددانی گڕو ئاوی سۆدا

لە فڕۆکەخانەی تاران تەشقەڵەکیان پێکردین، هەرچەند ئێمە ڤیزامان هەبوو، بەڵام دوایان خستین، تا ئەو کاتەی هەموو سەرنشینیان سوار بوون چاوەڕێی ئێمەیان دەکرد، تەنها من و هاوسەرەکەم ماینەوە، هەروەها بە بە بڵندگۆ بانگی هەردووکمان دەکرێ. بەهەر حاڵ رزگاریمان بوو، فڕۆکە کە لەبەر ئێمە نیو سعاتێک دواکەوت، کاتێ گەیشتینە ناو فڕۆکەکە خەڵکەکە بەیەکجاری ئاوڕیان دایەوەو تەماشایان کردین، هەندێکیان مۆڕەیان لێدەکردین، ئێمەش خۆمان لە قالبی گێلی دا بە بێ دەنگی لە شوێنی دیاریکراوی خۆمان دانیشتین. رێگای گەشتەکەمان وابوو، کە یەکەم بچین بۆ ئەسینا لەوێشەوە بۆ بەرلینی رۆژهەڵات. کاتێ لە ئەسینا دابەزین، تەماشا دەکەین جانتامان نەهاتووە، تومەز ئێمە دواکەوتووین جانتا شەحن نەکراوە. هەرچۆنێ بێ حاڵیمان کردن، کە جانتامان نەهاتووە، ئەوانیش لە بڵاوکراوەیەکدا چەند نموونەی جانتایان پێشان داین، نموونەیەکمان لە جانتاکانی خۆمان دۆزییەوە داوای ناونیشانییان لێکردین، ئێمەش ناونیشانی د.کەمال فوئادمان دانێ.

کە گەیشتینە بەرلینی رۆژهەڵات لە ئوتێلی فڕۆکەخانە ماینەوە، بۆ ئێوارە د. کەمال ماڵی ئاوەدان بێ هات بۆ لامان و دەعوەتی نانی ئێوارەی کردین، ئاگاداریشی کردین، کە بەیانی ناکرێ بمان پەڕێننەوە بەرلینی رۆژئاوا ئاماژەی بە هۆیەکەش دا، بەڵام لە بیرم نەماوە، بۆیە دووسبەی کوڕێکی کوردستانی رۆژهەڵات بە ناوی کامەران دێ بۆ لاتان. بۆ رۆژی دوایی لە ئوتێل ئاگاداریان کردین، کە دەبێ بڕۆین، چونکە تەنها یەک شەو حەقمان هەیە لێرە بین. بە پرسیار خۆمان گەیاندە ناوەندی شار لە بەرلینی رۆژهەڵات، کە بە ئەلکسەندەر پڵاتس ناسراوە. هەندێ گەڕاین، کە شەو داهات ویستمان بچین بۆ ئوتێلێک، هەر لەوێ لە ئوتێلێکی ٣٧ نهۆمی داوای شوێنمان کرد، کەچی داوای کاغەزی نیشتەجێ بوونیان لێکردین. لە فڕۆکەخانە کۆمەڵێ کاغەزیان داینێ. هاوسەرەکەم زۆر گەڕا کاغەزەکەی خۆی نەدۆزییەوە. ناچار بە خەمباری رۆیشتین، کاتێ لە پلیکانەی ئوتێلەکە دەهاتینە خوارێ، گوێم لە دوو کەس بوو بە عەرەبی قسەیان دەکرد، خەڵکی یەمەنی باشوور بوون قسەم لەگەڵ کردن و حاڵیم کردن، کە مەسەلەکەمان چۆنە، بۆیە گەر بتوانن ئوتێلێکی دیکەمان بۆ بدۆزنەوە، ئاگاداریان کردین، کە بێ ئەو کاغەزە ناتوانن لە ئوتێل بخەون. ناچار تەلەفۆنی بۆ دۆستێکی خۆی کرد، کە ژنێکی ئەڵمان بوو و ژووری بەکرێی هەبوو. هەر کە چووینە ئەوێ دوو کەسی دیکەی لێ بوو، ئەوانیش هەر یەمەنی بوون. پێکەوە دانیشتین بەدەم شەراب خواردنەوە تا درەنگ دانوستانمان کرد. زۆر دۆستی کورد دەرچوون. دەمویست تەلەفۆن بۆ کاک د.کەمال بکەم بۆ مەوعیدی بەیانی، کەچی وەرنەدەگیرا. من پێم سەیر بوو شارێک کراوەتەوە بە دوو لەتەوە، بە پێ بە دوو سێ دەقە دەپەڕییەوە بۆ لایەکەی دی، کەچی تەلەفۆن بە ئامانێ خوای وەرینەدەگرت. زۆریان یارمەتی دام تا نوانیم قسە بکەم لەگەڵ د. کەمال. پێی گوتم کە بەیانی کوڕێکی باڵابەرز دێ بۆ لامان، کە ناوی کامەران، بەڵام لە کوێ بتان بینێ؟

ئەو کاتەی لە زانکۆ بووم گۆڤارێکی هەرزان یان بەلاشم دەخوێندەوە بە ناوی ( المجله)، کە لە وەزارەتی راگەیاندنی ئەڵمانیای رۆژهەڵات دەردەچوو، بێگومان ئەو گۆڤارە تەرخان کرابوو بۆ ناسینی ئەو وڵاتە بۆ ئەوانەی عەرەبی دەخوێننەوە. من لە ئەنجامدا بە بەردەوامی دەمخوێندەوە، چونکە بەشداریم تێدا کردبوو. لەوگۆڤارە زۆرجاران باسی بورجێکی بەرزی دەکرد و بە وێنە نیشانی دەدا، کە چۆن بەرزترین بورجە لە هەموو ئەڵمانیا. چوارەمیشە لە هەموو ئەوروپا، بەرزییەکەی ٣٦٨ مەترە لە ساڵی ١٩٦٥ دەستی بە دروستکردنی کراوە لە ١٠/٧/ ١٩٦٩ لە یادی دامەزراندنی ئەڵمانیای دیموکراتی ئاهەنگی کردنەوەی بۆ کراوە. ساڵانەش نزیکەی یەک ملیۆن کەس سەردانی دەکا. هەر بۆ ئاگاداری خوێنەر ئەو بورجە جگە لەوەی هۆڵێکی هەیە لەو بەرزییە هەموو بەرلین دەبینێ، لە نهۆمێکی سەرتر چێشتخانەیەکی تێدایە، کە شوێنی دانیشتنی سەرنشینەکان دەسوڕێتەوە، بەو واتایە، کاتێ یەکێک دادەنیشێ، بە بەردەوامی دەسوڕێتەوە. بە دانیشتنەوە هەموو بەرلین دەتوانی ببینێ. سەبارەت بەو بورجە زانیاری باشم هەبوو، بۆیە بە کاک کەمال فوئادم گوت: بورجێکی بەرزی لێیە لەوێ یەکتر دەبینینەوە. شوێنەکەی زۆر پێ باش بوو. رێکەوتین سەعات دووی پاش نیوەڕۆ لەوێ یەکتر ببینین، بەڵام بە کاک کەمالم گوت:

- باشە کاک کەمال من چۆن بتوانم ئەو برادەرە بناسمەوە، خۆ من لە ژیانمدا نەمدیوە و نایناسم. یەکسەر بە پێکەنینێکی کورتەوە گوتی:

- کوڕێکی باڵا بەرزە کە قسە دەکا ددانەکانی گڕە، کەواتە ددانەکانی بەدەرەوەیە.

هەرچەند بە باشە وەڵامم دایەوە، بەڵام لە بیری خۆمدا دەمگوت، من چۆن بزانم ئەو برادەرە ددانەکاکی گڕەو چۆن بەدەردەکەوێ. کاتی بەیەک گەیشتن هات لەدەوروبەری ئەم شوێنە تەماشای هەموو سەر رەشێکم دەکرد، بۆ ئەوەی ددانی ناو دەمی ببینم بە تەنیشتییەوە رەت دەبووم قسەیەک یان گۆرانییەکم بە کوردی دەگوت، دەمگوت بەشکو خوایە یەکێک بە جەواب بێ. دەوری سەعاتێک زێتر ئەو بەزمەم کرد. بە چاوی موشتەری تەماشای هەموو ئەوانەم دەکرد، کە شێوەی دەموچاویان لە خۆمان دەچێ. بەڵام بێسوود بوو. هەستم بە ماندوو بوون کرد، چووم لەسەر سەکۆیەکی چیمەنتۆ لای هاوسەرکەم دانیشتم. بێ هیوا ببووم مشوری ئەوەمان دەخوارد ئەمشەو بێ ئەو کاغەزە لەکوێ بحەوێینەوە؟ لەو خەیاڵانەدا بووم سەرم هەڵبڕی لە دوورەوە تارمایەکم بینی، چونکە کاتەکە بەرەو رۆژئاوا بوون دەچوو. سێرەی چاوم لێداگرت، بە شێوەیەک نەمهێشت لە شاشەی چاومدا بزر ببێ، هێشتا چەند هەنگاوێکی زۆری مابوو لە جێگای خۆم رابووم و بەرەو قدومی موبارەکی ئەو تارماییە. حەزم دەکرد یەک بەخۆم هاوار بکەم و بڵێم: اللهم صلي علي سيدنا محمد وعلي ال محمد. وام دەزانی نور بەدیار کەوت. ئەو تارماییەی لە دوورەوە دیار بوو ، ئەوە کاک کامەرانە. براکەم کە مانگ هەڵات حەوجە بە ئەنگوستان نییە. ئەویش هەر لە دوورەوە ددانەکانی دیار بوون، پێویستی بەو ماندووبوون و بەزمەی من نەدەکرد. ماشاالله لە کاری خودا هەر لە دوورەوە هاواری دەکرد، کە من کامەرانم. یەکسەر بەرەو لای چووم و ئێوارەباشێکم تێگرت:

- کاک کامەران ئێوارە باش. ئەو ئاگای لەمن نەبوو، بەڵکو چاوی دەگێڕا بۆ من، جا نازانم کاک کەمال چۆنی بۆ وەسف کردبوو. بەهەر حاڵ گوتم:


- کاک کامەران من پێشڕەوم. ئۆخەی ئۆخەی گرم دا و ناسیمەوە. خۆمان بۆ یەکتر ئاشکرا کرد. بەڵام خوا عەلیم و پێ خەبیرە ئەو ددانانەی نەبوایە، لەوانە بوو بە حەیاتی یەکترمان نەدۆزیباوە. کە ویستمان سێ قۆڵی بپەڕینەوە بۆ بەرلینی رۆژهەڵات، من و هاوسەرەکەمیان نەهێشت، گوتیان شوێنی دیکە هەیە لەوێ دەتوانن بپەڕنەوە. ئێمە ئاگامان لەوە نەبوو، کە چەندین دەروازەی پەڕینەوە هەیە بۆ ئەوبەرو ئەوبەر. ئەڵمان بە جیا، بێگانە هەروەتر، دیبلۆماس و سەرباز و هتد... هەر هەموویان شوێنی تایبەتی خۆیان هەیە. ئەو بەزمە هەر لە بەرلینی رۆژهەڵات وایە، کە هەر هەموویان وەک سەیتەرەیەکی ئاسایشی توند وابوون. لەلای رۆژئاوا چ باس نییە، کەس ناپرسێ بۆ هاتی بۆ دەڕۆی. هەندێ قرەقرەمان کرد، کەچی خۆیان لێتوند کردین. ناچار کاک کامەران ئێمەی گەیاندە ئەو شوێنە پێشی گوتین، کاتی کە دەردەچین بەرامبەر دەروازەکە قاوەخانەیەک هەیە بڕۆنە ئەوێ چاوەڕوانم بکەن. دوای سەعاتێک زێتر لە پشکنین و پرسیار ئەوجا رێگایان داین بپەڕینەوە. لە چایخانەکە چاوەڕێی کاک کامەرانمان کرد، کە هات من داوای قاوەیەکم کرد، دوای قاوەکە بە کاک کامەرانم گوت بەشاگردەکە بڵێ پەرداخێ ئاوم بۆ بهێنێ، چونکە دوای قاوە ئاو خواردنەوە خۆشە. جگە لەوەش هەستم بە تێنوێتییەکی بەهێز کرد، پێم وابوو دوو رۆژە ئاوم نەخواردۆتەوە. وام زانی وەک لای خۆمان وایە بە ئاسایی ئاو دەهێنن. هەر نەهات، ئەوجا دووبارەم کردەوە، کە ئاویان بۆ هێنام لە پەرداخدا بوو، لە تێنوێتیدا حەزم دەکرد، هەر هەموو ئاوەکە بکەم بە یەک قوم بە قەد عەیاری گەدەم ئاودیوی بکەم. هەر واشم کرد، کەچی کاتێ خواردمەوە، هەموو لە دەم و لوتم دەرهاتەوە، تومەز ئاوی گازدار بوو. بە نارەحەتییەوە بە کامەرانم گوت:

- ماڵت بە قوڕ نەگیرێ خۆ من وێسکی ناخۆمەوە تا ئاوی سۆدەم بۆ داوا بکەی؟!

ئەو و خێزانم تێر تێر پێم پێکەنین. دوایی زانیم ، کە خەڵک بە دەگمەن ئاوی بەلووعە دەخواتەوە، یان ئەو ئاوە عەجایبەی من خواردمەوە وخێرم لێ نەدیت، یان ئاوی ئاساییە، وەک ئەوەی ئێستا لە کوردستاندا هەیەو دەیخۆنەوە. بە سەری ئێوە لەو کاتەوە من ئەو ئاوە مەگەر تووش بم دەنا نایخۆمەوە، گەر بیشی خۆمەوە ئەو ساتەم بە بیر دێ، بۆیە زۆر لەسەرەخۆ و بە هۆشیارییەوە عافیێتی دەکەم.



# ((بەدرخان، سێ کاسێتی بڵاونەکراوەی هونەرمەند حەمە جەزا دەدۆزێتەوە))



حەمید رەشاش

**دیمانەو ئا: تایبەت بە بەدرخان**

لەو دیمانەیەدا حەمید رەشاش باس لە سەرەتای چوونی حەمە جەزا بۆ شاخ و بوونی بە پێشمەرگە دەکات. بەدرخان لە ڕێی حەمید رەشاش، سێ کاسێتی بڵاونەکراوەی هونەرمەند حەمە جەزا دەدۆزێتەوەو حەمید رەشاش باس لە مێژوو و کات و شوێنی تۆمارکردنی ئەو سێ کاسێتەو چەند پرسی تر دەکات:

**کاتێک حەمە جەزا بووە پێشمەرگە من پێشوازیم کرد**

حەمید رەشاش کە یەکێک لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆڕش بووەو مێژووی چوونی هونەرمەند حەمە جەزا بۆ شاخ و بوون بە پێشمەرگە بۆ ساڵی ١٩٦٩ دەگێڕێتەوەو باسی ئەوەشی کرد کە ئەو یەکەمین کەس بووە پێشوازی کردووە و گوتی:" لە ساڵی ١٩٦٧ ئێمە هێزێکمان لە بەکرەجۆ بوو بە سەرکردایەتی بەڕێز مام جەلال، هێزەکەمان ناوی هێزی رزگاری بوو. ئەوکات من لە ئیدارەی هێزەکەو لە بەشی تەقەمەنی بووم. خەڵک زۆر دەهات و دەبوونە پێشمەرگە، لە ١٩٦٩ بوو کاک حەمە جەزا یەکێک لەوانە بوو کە هات بووە پێشمەرگە. کە بووە پێشمەرگە من پێشوازیمکرد و لە بەندیخانەمان دانا."

**لە شاخ حەمە جەزا، بەدەم پیاسەوە مەقامی دەوت**


حەمید رەشاش لە بارەی دەنگخۆشی و سەرەتاکانی گۆرانی وتنی جەزا وتی:" ئەوکاتەی هاتە شاخ پێشمەرگەیەکی ڕێکوپێک و قشتیلانەو کوڕێکی ڕێکوپێک و جوانکەلە بوو. ئەوکاتە هیچ گۆرانی نەبوو نە لە ئێزگە نە لە جێیەک، نەم بیستبوو گۆرانی هەبێت. ساڵی ١٩٦٩ بوو هات بووە پێشمەرگە کە دەهات و دەڕۆیی بۆخۆی پیاسەی دەکرد یان بەناو ماڵەکاندا دەچوە بەکرەجۆی کۆن لە ڕێگا بۆخۆی مەقامی دەگوت، خەڵکەکە گوێی لێڕادەگرت، مقامەکەی خۆش بوو، دەنگی زۆر خۆش بوو. لەگەڵ شەفەو رەفەی کۆیە زۆر دۆست بوو، کە دوو برا بوون. مەسولەکەیان لە بەندیخانە ناوی مەجید کوردە بوو."

**بەسەرهاتی دۆزینەوەی سێ کاسێتی بڵاونەرکراوە**

لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکان هونەرمەند حەمە جەزا دەچێتە بەغداو جارێکیان لای مامۆستا مەلا عەبدوڵا ئیسماعیل (عەوڵا ماتۆڕ) کە ئەوکات وەزیری دەولە بوو، شەوێک لە ماڵی ئەو دەبێت و سێ کاسێت تەسجیل دەکەن. لە بەدواداچوونێکی هەفتەنامەکەمان بۆ یەکەمجار ئەو سێ کاسێتە بڵاونەکراوەیە دەدۆزێتەوەو لەو بارەوەش یەکێک لە ئامادەبوانی ئەو شەوە، کە کاسێتەکانی پاراستووە، حەمید رەشاش وەها زانیاری لەوبارەوە رادەگەیەنێت:" حەمە جەزا لە ساڵی ١٩٧٨ هاتە بەغدا، کە هاتە بەغدا لەگەڵ رزگار خۆشناوو غانم عەقراوی بوون، ئەو غانمە دمبکی بۆ لێدەداو کاک رزگاریش عودی لێدەدا. ئێواریَ سەردانی ئێمەیان کردو هاتنە لای مامۆستا مەلا عەوڵا (عەبدوڵڵا ئیسماعیل)، کە منیش لەویَ بووم، مامۆستا نەیهێشت بڕۆن و ئەو شەوە لە لای ئێمە مانەوە. مامۆستا داوای لە حەمە جەزا کرد، کە ئەو شەوە ئاهەنگێکمان لەبۆ بگێڕێت. لە ئاهەنگەکە مامۆستا عەبدوڵڵا بۆ خۆی ئەو گۆرانیانەی تۆمار دەکرد، ئەو شەوە کە حەمە جەزا گۆرانی دەوت سێ کاسێتی بۆ پڕکردینەو، لە گۆرانیەکانی باسی جلە خاکییەکەم و شەستو شەش و هتد... ی کرد. لەو شەوە من حەمید رەشاش، مامۆستا مەلا عەوڵا، رزگار خۆشناو، غانم عەقراوی و کاکە حەمە جەزا بووین، ئەو شەوە جەزا لای ئێمە ماوە، دوایی من لەگەڵ کاک حەمە جەزا لێکدابڕاین."


## بەکۆچی ناوەختەت دڵمان خوێنی لێدەتکێ

ئەیاد عەبدوڵڵا



ئاخ چ کەسەرێکت خستە ناو دڵ و هەستمان خاڵە گیان ، وەی کە مەرگ ترسنۆکانە زەفەری پێبردیت ،
نەمانزانی بۆ ئەورۆژانەی تۆ ڕووبەڕووی مەرگ دەبوویتەوە ! ترسنۆکانە کونجێک نەدەما خۆی لێ حەشاربدات . ئەوە چ نابەرابەرییەکە ئەزەل لەگەڵمان دەیکات، ئەی ئەوە چ نەگبەتییەکە یەخەی منی گرتووە کەناتوانم پێناسەی گەورەیی ئەو هەڵۆ بەرزەفڕە بکەم، نا ئەوە من نیم کەنەتوانم هەرچی وشەی ناو فەرهەنگی کوردی هەیە لەبارەی هەڵوێستەوە نەیانزانم وەلێ ئەو وشەو رستانەی کە شەرحی نەبەردی تۆ دەکەن هێشتا لەدایک نەبوون .
ئیدی وێنەکانت بۆمان مەراقێکە دەبێ هەتا ماوین بەدیارییەوە هەلکوڕمێین خاڵەگیان . ئیدی یادەکانت خورپە لە دڵ و جگەرمانەوە دێنێ ، سۆزو موحیبەت و سادە و ساکاریت برینێکە بەسەر دڵی هەرچی جارێک بینیبێتی . دڵە گەورەکەت ئێستا بووەتە قەتماخەیەک بەسەر برینێکی لەبن نەهاتووی جەستەمان هەر سات ناساتێک بێئەوەی ئاگاداربین هەڵی دەدەینەوە بۆ ئەوەی کوڵانەوەکەی سەبووریمان بدات بەڵام ئاخ هەزار ئاخ کە ئەم سەبوورییە تائەبەد نایەتەوە ونایەتەوە . ئەمە چ قەدەرێکی قێزەوەن بوو هەمووماني لە ناو دڵتەنگی لوولداو پێچایەوە، ئیتر پێکەنین و بیستنی قسەی خۆش و نوکتەی تازە بەبێ تۆ چ مانایەکی نەما ، ئیتر باسی شۆڕشی نوێ و پێشمەرگەو کارەساتی ئەنفال و داستانەکانی نەبەردی بەشێکی گەورەی قامووسەکەی خۆیان وون کرد ، ئێستا رۆژ رۆژی ئازاد هەورامی و کاک ئارام و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای رزگاری کوردستان و شۆڕشی نوێیە ئێستا هەموویان چواردەوریان داوی بەیادی جاران دەروێش عەبدوڵڵا و عەشق و ئازادیان بۆ دەچڕیتەوە. ئێستا باسی تۆمارکردنی گۆرانییەکانی فرمێک وکۆست و هەربایێ مەیۆیان بۆدەکەیت ، توخوا خاڵەگیان بیرت نەچێ لەنێو کۆڕی هاوڕێکانتدا جار بەجار باسی ئەوکەسەرە بکە وا لە دڵی ئێمەدا بەجێت هێشت توخوا خاڵەگیان بۆیان بگێڕەوە کەباسی ئەوانت دەکرد چۆن قوڵپی گریان لەگەرووتدا پەنگی دەخواردەوە، فریشتەیەکیش بنێرەوە تا نامەی دڵ بەخوێن و وێنەکانی سەرقەبران و مەراسیمی بەخاکسپاردن و حەوشی مزگەوتەکان و لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارەکان و دیمانەو ئەرشیفەکانت بۆ بنێرین تا وەک گوڵاڵە بۆنیان بکەی بلێی ئۆخەی رەنجم بەبانەچوو .

# شێرزاد سەرسپی:" حەمە جەزا هونەرمەندی برخودان بوو."



شێرزاد سەرسپی

**دیمانە: سەرباز سیامەند**

لەو دیمانە تایبەتەدا دەربارەی هونەرمەند حەمە جەزا، بەڕێوەبەری هونەرەکانی میوزیک لە شاری هەولێر شێرزاد سەرسپی، باسی یەکەم رۆژی گۆرانی وتنی حەمە جەزا لەسەر شانۆ، شیاوی دەنگی هونەرمەند بۆ گۆرانی وتن، گرتن و ئەشکەنجەکردنی جەزا لەلایەن ئەمنەکانی بەعس و فێستیڤاڵی رێزلێنانی حەمە جەزا دەکات. شێرزاد سەرسپی حەمە جەزا بە هونەرمەندی مقاوەمە باس لێوە دەکات و پێشی وایە، کە ئەو گۆرانیانەی کە لە ناو شارەکانی دەگوت زۆر سەختتر بوو لە پێشمەرگایەتی شاخ:

بەڕێوەبەری هونەرەکانی میوزیک لە شاری هەولێر شێرزاد سەرسپی، لە بارەی کۆچی دوایی هونەرمەندو پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ حەمە جەزا وەها هەستی خۆی هێنایە زمان:" بە داخو پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی ناوادەی مردنی خوالێخۆشبوو محەمەد جەزامان پێگەیشت. بەڕاستی دڵمان تەنگ بوو، زۆر پێمان ناخۆش بوو. ئامادەی رێورەسمی ناشتنی تەرمی پیرۆزی بە خاکی کوردستانی خۆشەویست کرا لەوێندەر ئامادەبووین. بەڕاستی خەڵکێکی زۆر ئامادە بوو."

**یەکەم دەرکەوتنی حەمە جەزا لەسەر شانۆی گۆرانی وتن**


سەرسپی لە بارەی یەکەم کاری هونەری حەمە جەزا لەسەر شانۆ کە لە هۆلی کشتوکاڵ کە دەکاتە هۆلی گەلی ئێستای شاری هەولێر لە ١٩٧٠ پێشکەشی کردووە وەها باس لێوە کرد:" ئەو هونەرمەندە ماوەی تەمەنی هونەری لە هەولێرەوە دەست پێکرد، یەکەم کەس من بووم کە مۆسیقام بۆ ژەنی، لەوکاتەوە یەکترمان ناسی تا دوا هەناسەی ژیانی هەر پێکەوەبووین. تەنانەت ئەوەندە ساڵەی کە لە دەرێش بوو کە دەهاتەوە بە پەلە سەردانی منی دەکردو یەکتریمان دەدیت."

**دەنگی حەمە جەزا**

شێرزاد سەرسپی لە بارەی شەرت و مەرجە هونەرییەکانی حەمە جەزا بەمجۆرە زانیاری دا:" محەمەد جەزا گۆرانیبێژو هونەرمەندێک بوو، کە لە راستیدا لەگەڵ هونەرمەندەکانی تر زۆر جیاوازی هەبوو. لە رووی ئەدائی گۆرانی مەساحەیەکی فراوانی دەنگی هەبوو. قوڕگی ئەو هونەرمەندە پڕ دەنگ و پڕ سۆز و پڕ مقاوەمەت بوو."

**حەمە جەزا باکی بە ئەشکەنجەو زیندان نەبوو**

شێرزاد سەرسپی باسی ئەوەشی کرد کە حەمە جەزا گۆرانیبێژێک بوو خاوەن هەڵوێست بوو کوردێکی تێکۆشەر بووەو هەمیشە باسی پێشمەرگایەتی و ئێش و ئازاری میللەتەکەی خۆی دەکردو گوتی:" کاتی پێکەوە دەبووین و لە کاتی ئاهەنگەکان بەشداریمان دەکرد. چەندین جار بە چاوی خۆم بینیم کە ئەمنە زاڵمەکانی سەردەمی سەدام حوسێن ئەو دیکتاتۆرە ئەو هونەرمەندەیان لە پێش چاوی ئەو هەموو هونەرمەندە رادەماڵی و دەیانبرد و چەندین مانگ لە بەندیخانە و لە ئەشکەنجەیان دەداو دەگەڕایەوە. کە دەگەڕایەوە دەهاتەوە کۆڕی گۆرانی و بە هەمان شێوە و بە هەمان هەڵوێست گۆرانی دەوت. ئەمە زۆر شتێکی گرنگە، یەکەم هونەرمەند ئەوە دەکات، هونەرمەندی مقاوەمە ئەو هونەرمەندەیە لەناو جەرگی دوژمن بتوانێت وشەکانی خۆی بڵێت و ئەوەی پێ بکرێت. من پێموایە حەمە جەزا کەمتەرخەمی نەکردو توانی ئەوەی لەسەر شانی بوو جگە لەوەی کە پێشمەرگە بوو، بەڵام ئەو گۆرانیانەی کە لە ناو شارەکانی دەگووت زۆر سەختتر بوو لە پێشمەرگایەتی. بۆیە من هەمیشە یادی دەکەمەوەو قەت لەیادم ناچێت."




**فێستیڤاڵی رێزلێنان بۆ هونەرمەندی گەورەی کورد حەمە جەزا**

کەمتر لە ساڵێک بەر لە کۆچی دوایی لە ٢٠٠٩/١٠/٢٦ لە هۆلی پێشەوا لە شاری هەولێر چالاکییەکی تایبەت بۆ حەمە جەزا بە ناوی (فێستیڤاڵی رێزلێنان بۆ هونەرمەندی گەورەی کورد حەمە جەزا) رێکخرا. هونەرمەند شێرزاد سەرسپی لەو بارەوەش وتی:" ئەوەی شانازی بەخۆم بکەم وەکو حەمە جەزا خۆشی لە کتێبەکەی خۆیدا باسی دەکات، من یەکەم کەس بوومە دەستم گرتو هێنامە سەر شانۆو دوا ئیش کە بۆم کردبێت رێزلێنانێکم لە ڕێگای وەزارەتی رۆشنبیری بۆ رێکخست، کە هەوڵێکی زۆرو ماندووبوونێکی زۆرم چەشت تاکو توانیم لەگەڵ برای بەڕێزم مامۆستا شێرزاد عەبدولرەحمانی سەرنووسەری گۆڤاری هەرێمی کوردستان لەگەڵ کاک عەبدوڵڵای هەمیشە هاوڕێی رەحمەتی، توانیمان رێز لێنانێکی ئەوتۆی بۆ بکەین، کە شایستە بێت بە خەباتی هونەری و کوردایەتی ئەو."

**لە فێستیڤاڵی رێزلێنان خەڵکی دەگریان!**

شێرزاد سەرسپی باسی لەوە کرد کە وەکو باپیرانمان وتەنی جەزا رەنگی مردنی پەڕیبووێ و گوتی:" لەو رێزلێنانەی کە بۆمان کرد هەموومان هەستمان دەکرد ئەو پیاوە خەریکە کۆتایی دێت. چونکە کە رێزلێنانێک دەبێت بە چەپلە رێزان و بە گۆرانی وتن و بە هەڵپەڕکێ و بە قسەی خۆش، بەڵام من هەندێک گۆرانییەکانی ئەوم تێکهەڵکێشا کرد لەگەڵ گروپی میوزیکی رەسەن پێشکەشمکرد، کە پێکهاتبوو لە کۆمەڵێک لە گۆرانییەکانی ئەو سەردەمی حەمە جەزا، کە پێشکەشمکرد خۆشی ئامادەبوو. کاتێک سەرم بڵندکردو تەماشام کرد لەوهۆڵەدا زۆربەی هەرە زۆری خەڵک دەگرییێت. شانازی بەخۆم دەکەم، کە توانیم تاکو لە ژیان دامابوو ئەو رێزلێنانەی بۆ بکەین. لێرە دەبێت سوپاسی وەزارەتی رۆشنبیری و بە تایبەتی مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی بکەین، کە زوو ئەو داواکارییەی قەبوڵکردو پشتگیریمانی کردو رێزلێنانمان بۆ ئەو هونەرمەندە کرد.



ئاهەنگی خەڵاتکردنی حەمە جەزا ٢٠١٠/١٠/٢٦ لە هەولێر


# حەسەن زیرەک

**بڵاوکراوەیەکی هونەریی تایبەتە بە یادی هونەرمەندی گەورەی کورد حەسەن زیرەک لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ**

بەسەرپەرشتی: دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن

**ژمارە ٧ - ١٤٨، ٢٠١٠/٩/٢٢ی زایینی**


# ساواک بۆچی "حەسەن زیرەک"ی کوشت!؟!



**لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەیی شیکارییە.**
**لێکۆڵەر: دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن**
**هەولێر: ٩/ ٢٠١٠**

## تێبینییەکی پێویست:

**هونەرمەند حەسەن زیرەک، بەهۆی ئەوەی کە ژیانێکی ئاسایی نەژیاوە و لە نێوان دەربەدەری و ئاوارەیی و هەڵاتن و بەندیخانە و برسییەتی و بێکاریدا ژیانی بەسەر بردووە، ژیانی ئەو هونەرمەندە لە نێو جوگرافیایەکی فراوان و ناجێگیر سووڕاوەتەوە زۆر رووداوی بەسەر هاتووە، لەگەڵ زۆر کەسایەتی جۆراو جۆر کەم و زۆر ژیانی بەسەر بردووە، هەروەها نەبۆخۆی نەهیچ کەس بۆی نەکراوە، ئەرشیفی ژیان و هونەری ئەم کەسایەتییە بە تەواوی کۆ بکاتەوە، بۆیە بە دڵنیاییەوە لەسەر ئەو باوەڕەین، کە زۆر رووداوی گەورە و نهێنی گرنگ لە ژیانی زیرەکدا ماون و هێشتا بڵاونەکراوەتەوە، ئەگەر هەموو بەڵگەکان لەبەر دەست بوونایە، لێکۆڵینەوەکە، زۆر لەوە گرنگترو دەوڵەمەندتر دەبوو، هەر بۆیە ئێمە لەسەر ئەو نووسین و بەڵگانە کارمان کردووە، کە دەستی ئێمە کەوتوون، چونکە لەوەش دڵنیاین کە هەموو ئەوەی لە بارەی ژیان و هونەری زیرەک نووسراوە، بە تەواوی دەست ئێمە نەکەوتووە، ئەوانەش کە هەن لە رووی مێژووی رووداوەکان پاش و پێشی تێکەوتووە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هەوڵمانداوە کە سەرەداوی ئەم "کوشتن"ەی زیرەک هەڵبکەینەوە و زۆرتر پشت بە بەڵگە نووسراو و گووتراوەکان ببەستین و ئەگەر لە جێگایەکیش بۆ چوونێکمان هەبێ، ئەوا لەسەر زەمینەی رووداوەکان و لە نێو فەزای بەڵگەکانەوە هەڵمانوێنجاوە.**
**ساواک بۆچی "حەسەن زیرەک"ی کوشت؟!**

**- منداڵێکی بەردەم رەشەبا:.**

زیرەک وەک هونەرمەندێکی ئاسایی نەژیاوەو ژیانیشی ژیانێکی ئاسایی نەبووە، ئەو لە ناخۆشترین رۆژگارەکانی کۆتایی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواری و لە خێزانێکی هەژار لە ناسکترین قۆناغی تەمەنی دا باوکی دەمرێ و دایکی شوو دەکاتەوە، ئەم زەمینە لاوازو پێشهاتە ناخۆشانە منداڵێکی هەشت نۆ ساڵە ناچار دەکات بکەوێتە کارکردن. کارکردنی "عەمەلە" وەک خۆی لە ژیاننامە شیعرییەکەیدا لە دیوانە شیعری هونەری "چریکەی کوردستان" دا باسی کردووە، ئەو هەژاری و دەربەدەری و بیکەسی و بەد بەختییەی زیرەک، بە نێو تونێلێکی تاریکی ژیاندا گوزەر دەکات ئەم گوزەرە قۆناغی ناخۆش و ناخۆش تر پێکیان دەبەستێتەوە، لە نێوان برسییەتی و بێکاری و بێ جێگەیی و نەخۆشی دا جێگۆڕکێ و ئازار و گۆڕی دەکات و پێیەکی لە هەڵاتن و یەکی لە بەندیخانە دەبێ، جەمێک نانێکی گەرمی بە ئاسوودەیی ناخواو

شەوێک لەسەر نوینێکی نەرمی ئاسوودەیی ناخەوێ، زیرەک ئەگەر لەم تەمەنە بچووکەی منداڵی ومێردمنداڵی و هەرزەیی و گەنجییەوە، بەکرێکاری و چاوساغی و قاوەچی و توتنچی و قاچاغچی و شاگردشوفێری و شاگرد کەبابچی و چایچی و شاگردی حاجی و مەیتەریی و پیاوی خان و چەتەیی و زۆرکاری تر کە لەم کارانە ناچاردەبێ شەڕ بکات و دزی بکات و گویی سوانان بڕوخێنێ و پێشهاتی نەخوازراوی بێتە رێ و لەوەر گەڕانی ماشێندا گەنجێک بکوژرێ و زیرەک ناچاربێ سەر هەڵبگرێ و خۆنەداتە دەست، دوا جار ناچار دەبێ خۆی رادەست بکاتەوە و بخرێتەوە بەندیخانە، هەرچەندە وەک خۆی دەڵێ: لە مردنی ئەم گەنجە "خەتام تیا نەبوو ە بیللا" دواجار ئەم هەموو سەراو و دەراوە زیرەک لە نێو جوگرافیایەکی فراوانی ناوچەییدا سەرەو خوارو سەرە و ژێر دەکات، لە بۆکان و تەواوی موکریان و گوندەکانی دەوروبەری شارەکانی مهاباد و سنە و سەقز و کرماشان و تەورێز و تاران و تا دەگاتە خۆزستان و بەسراو رەشەبای بەدبەختی غلی دەکاتەوە.
ئەگەر بێکاری و بێکەسی و ناچاری سەری پێ هەڵدەگرێ بۆ ئەوەی! ئەوا باری خراپی ئەوێندەریش ناچاری دەکاتەوە، روو بکاتەوە وڵات!؟
لەم هاتنەوەیەد سەر بەماڵە براو براژن و خزم و دادەگرێ! بەڵام، ئەوانیش رووێکی خۆشی نادەنێ! ناچار و بێ ئومێد روو بە دیوی عێراق دەپەڕێتەوە و لە "پێنجوین" بۆ "سلێمانی" و لە سلێمانییەوە بۆ "کەرکووک" و "هەولێر" و "موسڵ" و تا دەگاتە "بەغدا"ی پایتەخت. لە بەغدا دەبێتە شاگردی "هوتێل شیمال".
زیرەک لەم هەموو کارکردن و دێ و شارو وڵات گەڕانەدا، ئەگەرچی "بەخت" و "قەدەر" و "پێشهات"ەکانی باش نابن، بەڵام بەردەوام دوو سەرمایەی خودی خۆی هەبوو و بەکاری هێناوە. یەکەمیان: زیرەکی و لێهاتوویی، زیرەکی لە هەر کارێکدا کە کردوویەتی! هەتا ئەگەر بەناچاریش بووبێ، هەمیشە زیرەکی و لێهاتوویی خۆی نواندووە و سەرنجی خەڵکەکەی بۆ "ئازایی و زیرەکی" خۆی راکێشاوە، جا کارەکە چ شاگرد کەبابچی بووبێ! یان تفەمگچی و چەتەی خان! دووەمیان: دەنگخۆشی و هونەری گۆرانی گوتنەکەی، هەر لە دەو یازدە ساڵییەوە، لە هەر کوێ دەنگی هەڵێناوە دەوروبەری کڕو ئەبلەق کردووە و خەڵکەکە لە خۆشی دەنگ و توانایی ئەم منداڵە گەورە و بچووک دەکەونە پێدا هەڵگوتنی.
**"ئای ئای... کوڕە ئەمە چییە بۆ خاتری خوای؟!**
**خان و میوان خۆیان بۆ ناگیرێ و هاوار دەکەن: ئەڵڵاە... ئەڵڵاە... ئەڵڵاە و ئەکبەر.. ئادەمیزاد بەم رێکو پێکییە و بەم دەنگە خۆشە دەتوانێ ئەوها کەمەندی ئەفسانەی دەنگە خۆشەکەی خۆی بخاتە ئەستۆی گوێگرانی گۆرانییەکانی؟"**
**- هوتێل و ئێستگە:.**
بەم زیرەکی و لێهاتوویی و دەنگ خۆشییەوە، ئێستا زیرەک لە شاری بەغدای پایتەختی عێراقە

و شاگردی هوتێل شیمالە تەمەنی لە دەوری بیست و یەک بیست و دوو ساڵی دایەو چاکتر دەتوانێ زیرەکی بنوێنێ و خۆشتر دەنگی هەڵبێنێ! بۆ بەختی زیرەک و بەختی هونەری کوردی، ئەم هوتێل شیمالە جێگای کوردانە؟ کوردانی وشیارو چاوکراوە و سەر بە سیاسەتە! رەوشتی جوان و دەنگی زیرەک سەرنجیان رادەکێشێ و یارمەتی دەدەن و دەیبەنە ئێستگەی کوردی بەغدا، وەک خۆی دەڵێ: غەدری لێدەکەن و مانگانە بە "شەش" دینار دایدەمەزرێنن.
زیرەک هەفتانە ئاهەنگی تایبەت و راستەوخۆ بۆ رادیۆی بەغدا دەگێڕێ و لەوێوە دەنگی بە هەموو کوردستان وناوچەکەدا بڵاودەبێتەوە! ئەو زیرەکەی کە تا ئێستا، دەنگە خۆشەکەی هەر ئەوانە دەیانبیست کە رووبەروو و لە نزیکەوە ئەو گەنجە دەنگ خۆش و بێکەسەیان دەبینی! دەنگی زیرەک هەر لەو شوێنانە بوو، کە زیرەک خۆی لەوێ بوو. بەڵام ئێستا رادیۆی کوردی لە بەغدا دەنگی زیرەک دەگەینێتە هەموو ئەو شوێنانەی کە رادیۆ خۆی دەنگی دەگاتێ، بەتایبەت کوردستان و لەنێو کوردستانیش، ئەوانەی کە پێشتر بۆیان لوابوو دەنگی زیرەک لەسەر مەزرایی و لە مەیتەری و لەشاگردی و لە شایێ رووبەروو ببیسن! ئێستا ئەو دەنگە رۆژانە لە رادیۆی بەغداوە دەبیستن و کە بەردەوام بە دنیادا بڵاو و دەبێتەوە. ئێستا رۆژانە لە رادیۆی بەغدا دەنگێگ گویگرەکان سەرسام دەکات! ئەو دەنگە دەنگی گەنجێکە بە ناوی "حەسەن زیرەک".
حەسەن زیرەک، لە رادیۆی بەغدا هونەری خۆی دەنوێنێ و لەگەڵ هونەرمەندانی گەورەی



حەسەن زیرەک و میدیای زەندی لەگەڵ ئارەزوو

کوردی ئەوێ رۆژێ هونەرەندە گەورەکانی کورد مامۆستا "**عەلی مەردان**" و "**تایەر تۆفیق**" و "**رەسوول گەردی**" و "**حەسەن جەزراوی**" و "**شەمال سائیب**" و "**باکووری**" و "**نەسرین شێراوان**" و زۆری تر تێکەڵ دەبێ و ئاشنایەتیان لەگەڵ پەیدا دەکات و دەناسرێ و خەڵک دەناسێ.
ماوەی پێنج شەش ساڵێک لە ١٩٥٣ تا ١٩٥٨"کەو کەوبارِ دەخوێنێ. لە ئێستگەی رادیۆی کوردی" و حەسەن زیرەک بە "غەریبی و بێکەسی لەو بەغدایە"

دەگوزەرێنی. رۆژ بە رۆژ پتر ناو و هونەرەکەی بەنێو ئێران و عێراق و هەموو کوردستاندا بڵاودەبێتەوە و چاکتر دەناسرێ و "دۆست پەیدا دەکات" و "نێو پەیدا دەکا" لە ئەنجامدا جگە لە ئاهەنگ و دانیشتنە تایبەتەکان و جگە لە و ئاهەنگانەی کە هەفتانە راستەوخۆ لە رادیۆ گۆرانی دەگووت و گۆرانی و ئاهەنگانە تۆمار نەدەکران، بەڵام، دواجار لەم ماوەیەوەیە "٥٦" پەنجاو شەش گۆرانی بۆ ئێستگەی بەغدا تۆمار دەکات کە بەڕای ئێمە ئە و ٥٦ گۆرانییە، تەواوی گۆرانییەکانی ئەو ماوەیەی هونەرمەند "حەسەن زیرەک"نییە! چونکە توانای زیرەک زۆر لەوە زۆرترە لە ماوەی شەش ساڵ تەنیا ٥٦ گۆرانی تۆمار بکات!؟ و ساڵی ١٩٥٨ لەگەڵ گۆڕانی رژێمی پاشایەتی و لەبەرامبەر شەپۆلی "بمری و بژی" بێ سەروبەردا لەناچاری کۆتایی بە هونەری قۆناغی عێراق و ئێستگەی رادیۆی کوردی بەغدا دەهێنی و بە دڵێکی پڕ لە عەشق و هونەرو تاقیکردنەوەیەکی رادیۆی باش و باخەڵێکی بەتاڵ دەگەڕێتەوە ئێران.
**گەڕانەوە بۆ ئێران:-**
زیرەک کە ئێرانی بەجێ هێشت و رووی لە عێراق و بەغدا کرد، بێکەس و بێ کارو بێ ناو بوو کەس نەیدەناسی! ئێستا کە گەڕاوەتەوە ئێران، لە ئێران و عێراق لە هەموو کوردستان، لە نێو هونەرمەندان، زیرەک نەک هەر ناسراوە، بەڵگە هونەرمەندێکی گەورەی کوردە و لە ریزی پێشەوەی هونەرمەندانی هەرێمەکەیە. ئێستا کە زیرەک گەڕاوەتەوە ئێران، ئێران لە سەرو بەندی دامەزراندن و گەشەپێکردنی رادیۆکانی "تاران" و "کرماشان" و "تەورێز" و "مهاباد" و "سنە"یە.
زیرەک لەوێ، لەگەڵ باشترین و بەتواناترین مۆسیقارەکانی ئێران لە کورد و فارس ئاشنایەتی پەیدا دەکات و بە تایبەت مۆسیقارە کوردەکان "**حەسەن کامکار**" و "**موحتەبای میرزادە**" و "**محەمەد عەبدولسەمەدی**" و "**ئەکبەر ئیزەدی**" و "**بەهمەن یۆلکی**" و "**حەسەن یاحەقی**" و "**حەسەن کەسایی**" و "**جەلیل شەهنازی**" و "**جیهانگیر مەلەکی**" و "**ئەحمەد عەباوی**" سەرپەرشتی "**هەمایۆنی شەهردار**" و زۆرتر قۆناغێکی تر لە هونەری خۆی دەست پێدەکات

بەشێوەیەکی جیا لە شێوەی "رادیۆی بەغدا" قۆناغی تازەی هونەرەکەی خۆی بە ئاستێکی یەکجار بەرز لە شیعر و "دەنگ" و "ئاواز" و "گوتن" و "مۆسیقا" و "تۆمارکردن" داهێنانەکانی خۆی تۆمار دەکات و ئەمجارە دەنگی زیرەک لە دیوی ئێرانەوە لە رادیۆکانی "تاران و کرماشان و تەورێز" دا بەجوانترین شێوەو بەخۆشترین شێوە وەک بارانی هونەر، هونەری بەرزی کوردی، هونەری زیرەک دادەبارێ و رۆژ بە رۆژ زیاتر و چاکتر وڵات داگیر دەکات.
ئێستا "حەسەن زیرەک" نەک هەر تەنیا گۆرانیبێژێکە! بەڵکە هونەرمەندێک و کەسایەتیەکی دیار و ناسراوی ئێران و عێراق و ناوچەکەیە، لەو سەروبەندە "میدیای زەندی" دەناسێ و دەخوازێ و میدیا خانمیش دەکاتە گوێندەی رادیۆ و خانەوادەیەکی هونەری و رادیۆی پێکدێنێ و ئەو زیرەکە "بێ جێ و بێ مەکانە" لە کرماشان دەبێتە خاوەنی "ماڵ و ژن و منداڵ" و "کار" کاریش کاری هونەری، هونەریش لە بەرزترین ئاستی هونەر، لەو رۆژانە بوو زیرەک لە گۆرانی "کرماشان شاری شیرینم" دا دەڵێ: "کرماشان وەک بووک بۆم رازاوە، ماندووی من تێدا حەساوە" هەروەها دەڵێ: "بولبوول ئەو ساڵ من زۆر بەختیارم. ساحێبی مەهتاب گوڵی بەهارم" و دەچریکێنێ و دەڵێ: " چەندم پێ خۆشە ناوماڵ" و دیسان لە قسەکردنی کاسێتێکدا دەڵێ: "ژن و مێردێکی بەختەوەر بووین" بەڵام: لەبەختی زیرەک و لەبەختی کورد و هونەری کوردی، ئەم بەختیاری و ناوماڵ و ژن و مێردایەتیە! درێژە ناکێشێ و پێشهات بە جۆرێکی تر "دەرگای مەینەت" بۆ زیرەک دەکاتەوە و هەموو ئەمانەی لێدەسێنێتەوە و تەنیا هونەرەکەی نەبێ! هونەرەکەش دەکەوێتە قۆناغێکی ترو جیا لە قۆناغی رادیۆی بەغداو رادیۆی تاران و کرماشان و تەورێز، سەردەمێکی تری ئاوارەیی و دەربەدەری زیرەک دەست پێدەکات تا نێوگۆڕ بە دوایەوە دەبێت.
**- گەرمەی داهێنان:**
زیرەک کە لە رادیۆی کرماشان دادەمەزرێ و "میدیای زەندی" دەخوازێ و دەبێتە خاوەن

کارو خاوەن ماڵ و خاوەن خێزان، لەوەش خۆشتر لەگەڵ باشترین هونەرمەندانی مۆسیقا لە رادیۆی کرماشان یەکدی گردە بن و زیرەک بەو تاقیکردنەوەی کە لە رادیۆی کوردی بەغدا هەیبوو، ئێستا لە نێو وڵات و ماڵی خۆی زەمینەیەکی زۆر چاکی بۆ سازدەبێ و ئەویش تەواوی لێهاتوویی خۆی دەخاتە کارو باشترین گۆرانییەکانی خۆی بەجوانترین شێوە و لەگەڵ گەورەترین هونەرمەندانی مۆسیقا تۆمار دەکات و رادیۆش بەتوانایەکی باش و هەر بەگەرمی بە دنیایدا بڵاو دەکاتەوە، گوێگران لە هەر جێگایەکی کە دەنگی رادیۆی پێدەگات بۆ خۆی رادەکێشی و دەنگی زیرەک جەماوەرێکی زۆرە بۆ رادیۆ پەیدادەکات و گەرمییەکی جوانی هونەرو کارکردن دەخاتە نێو ماڵی رادیۆ، کە لەوەو پێش رادیۆ گەرمی بەم شێوەیەی بەخۆیەوە نەدیبوو.
زیرەک ئەگەر لە گۆرانی گوتندا هەمیشە تیپی مۆسیقای بەدوای خۆی رادەکێشا، ئێستا لەگەڵ تیپی مۆسیقا و بە گۆرانییە پڕ لە داهێنانەکانی تەواوی کارمەندانی رادیۆ و یەکەیەکی بەرنامەکانی رادیۆی بە دوای خۆیدا رادەکێشی و رادیۆش تەواوی کوردەکان، لە هەرکوێ هەن و دەنگی رادیۆ یان پێدەگات لە خۆی کۆدەکاتەوە. رادیۆی کرماشان دواجار لە سایەی دەنگی زیرەک و سەرکەوتنی بەرنامەکانی، لە رادیۆێکی ناوچەییەوە دەبێ بەرادیۆی هەموو میللەتی کورد، سنووری شاری کرماشان و ئێران دەبڕێ و بە هەموو کوردستان دا بڵاو دەبێتەوە.
ئێستاش کە ساڵی "٢٠١٠" ی زایینییە، هەموو ئەوانەی کە ئەو سەردەمەیان لەبیرە، خۆشییەکانی ئەو رۆژانەیان لەبیرماوە و بە شادییەوە یادی دەکەنەوە، دەزانن دەنگی زیرەک سەرتۆپی دەنگەکانی رادیۆی کرماشان و تاران بوو.
زیرەک هەرچەندە خۆی هونەرمەندێکی گەورەبوو، گوێگرو جەماوەرێکی زۆری خۆی هەبوو! بەڵام: کە لەگەڵ میدیا دەبن بە ژن و مێرد، هەر دووکیان خێزانێکی هونەری پێک دێنن و زیرەک وەک گۆرانیبێژ و کارمەندی رادیۆ، هەروەها بەهۆی "میدیای زەندی" خێزانی کە جگە لە گوێندەیی و خوێندنەوەی هەواڵ ئەویش واتە "میدیای زەندی" لە زۆر بەرنامەکان هاوبەشی دەکرد و هەروەها بەرنامەی "ئێمە و گوێگرەکان"ی پێشکەش دەکرد.
سەیرکە بەپێی بەڵگەکانی ساواک خۆی، کە لە کتێبی "جنبش چپ درایران بە روایت ساواک – جلداول" بڵاوکراوەتەوە، ساواک چۆن بە توندی چاو دێری هونەرمەند "حەسەن زیرەک" و "میدیای زەندی" و خێزانی کردووە. **لە بەڵگەنامەی ژمارە ٣١١/٧٦٣/ د- م ی رۆژی ٣٠/١٠/١٣٤٠- هەتاوی کە دەکاتە ١٩٦١ زایینی دا هاتووە. "بەرنامەی رادیۆی تاران، بووە بە ئامرازی پەیوەندی کردن بە کوردانی عێراقەوە، لەبەر ئەوەی رۆژی چوارشەممەی رابردوو لە ژێر ناونیشانی " ئێمە و گوێگرەکان" پەیامی حەسەن زیرەک لە رێگەی ژنەکەیەوە "میدیای زەندی" رەوانەکراوە بۆ کەسێکی عێراقی دانیشتووی شاری کەرکووک."ل٦٤**



تاریخ 1337/5/30
شماره/ 9/175ب2

مستخرجة از اطلاعیة شمارة 9/175ب2 - 37/5/30/2 ص 18-19

**جریان جب به روایت اسناد ساواک - جلد اول**
**حسن زیرک درمنزل مظفر حبیبي سئولاتي در مورد محبوبیت اعلیحضرت همایوني و نفوذ پارت دیموکرات کردستان ایران (و) عقاید مردوم نمودها است در برخوردها باید او رعایت احتیاط رانمود ضمنا اعمال اورا در تهران تحت نظر گرفت چون ممکن است به منزل دکتر شیرازی رفت و امد کند**

**حەسەن زیرەک لە بەڵگەنامەکانی ساواکدا**

ئەمە دەریدەخات کە "حەسەن زیرەک" و "میدیای زەندی" بەرنامەی "ئێمە و گوێگرەکان" کە میدیا خان پێشکەشی دەکرد، چەند بە وردی لە ژێر چاودێری ساواک بووەو ڕاپۆرت نووسەکان چۆن لێکدانەوەی گوماناوی و سیاسی و سیخوڕییان بۆ پەیوەندی گوێگرەکان بۆ ڕادیۆ و بۆ وەڵامدانەوەیان- لەلایەن میدیاوە بۆکراوە. ئەمە دەری دەخات کە ساواک هەر تەنیا لە حەسەن زیرەک بە گومان نەبووە، بەڵگە میدیای زەندیش ئەو گومانەی لەسەر بووە. هەر لە درێژەی ئەو ڕاپۆرتەی ساواک داهاتووە و دەنووسێ "**حەسەن زیرەک بەم دواییە لە ناوچەی کوردستان و بۆکان و مەهاباد، گەڕاوەتەوە و لەوسەفەرە پەیوەندی بە کەسانێکی گومان لێکراوی عێراقییەوە کردووە، چونکە کارمەندی ڕادیۆی تارانە، لەبەر ئەوە پێش کودەتای عێراق لە ڕاگەیاندنی عێراقی مووچە خۆر بووە، ئێستا هەمان مووچەی خۆی وەردەگرێ، خوشکی ئەو ژنی پیاوێکە کە هاوکاری پلەیەکی "قازی محەمەد" بووە. ئێستا لە شوورەوی ژیان بە سەردەبات، لە سەرەتای ساڵی ١٣٤٠ بەهۆی باڵیۆزخانەی شورەوی لە ئەنقەرە هاتۆتەوە تورکیا، هەروەها میدیای زەندی پێشکەشکاری ڕادیۆ زۆربەی شەو بەناوی ئەقوامی خۆی پەیام بۆ کوردستان دەنێری**"ل٦٤ ئەم چاودێرییە وردەو گومانە زۆرەی ساواک و شیکردنەوە سیخوڕیانەی هەڵسوکەوتی زیرەک و میدیای زەندی- لەلایەن ساواکەوە، هەموو گۆشەیەکی ژیان و هەموو هەڵسوکەوتێکی ئەم دووانەی گرتووەتەوە، سڵاوی ڕادیۆیی بۆ هونەرمەندێکی وەک حەسەن زیرەک و پێشکەش کارێکی وەک میدیای زەندی بۆ گوێگر و دۆست و خزم و ناسیاوان، کارێکی ئاساییە، بەڵام ئەوە ساواکی ئێرانە، هەموو ئەمانە بە گومان سەیر دەکات و سیخوڕیانە شییان دەکاتەوە.

زیرەک کە لە ڕادیۆی تاران مۆڵەت وەردەگرێ و دەگەڕێتەوە کوردستان، سنە و مەهاباد و بۆکان، ساواک هەر بەدوایەوەیەتی و سەردان و پەیوەندیەکانی تۆمار دەکات، زیرەک وەک هونەر مەندێکی گەورە، کە هەموو کوردێک لە هەرجێگایەک بووبێ حەزی کردووە، حەسەن زیرەک ببینێ و بناسێ، بەهۆی ئەوەش ماوەیەکی زۆر عێراق بووە، کوردی عێراقیش زۆر کەس زیرەکیان ناسیوە، ڕەوشە سیاسییەکەی کوردیش لە هەر دووڵا کوردی ئاوارەکردووە، جا ئەگەر زیرەک لەو سەفەرەی بۆ سنەو مەهاباد و بۆکان کوردێکی عێراقی- ئاوارەی دیبێ پێشتر ناسیبی یان نەیناسیبی، قسەیەکی لەگەڵ کردبێ، چایەکی لەگەڵ خواردبێتەوە، ساواک ئەوەی بە پەیوەندی و گومان بۆ زیرەک لێکداوەتەوە. ڕاپۆرت نووسەکە نووسیویەتی "**گەڕاوەتەوە و لە و سەفەرە پەیوەندی بە کەسانێکی گومان لێکراوی عێراقییەوە کردووە!!**" لەوەش **زیاتر ڕاپۆرت نووس، ئەو تاوانەشی بۆ زیادکردووە، کە نووسیویەتی "لەبەر ئەوەی پێش کودەتای عێراق لە ڕاگەیاندنی عێراقی موچەخۆر بووە، ئێستاش هەمان مووچەی خۆی وەردەگرێ!!**" لە کاتێکدا وەک مامۆستای هونەرمەند باکووری باس دەکات:

"لەپاش کودەتای ساڵی ١٩٥٨ زیرەک ترسا بیگرن. گەڕاوە ئێران" ئێستا ئەو حکومەتەی عێراق زیرەک لە ترسی ئەو هەڵاتووە، چۆن مووچەی بۆ دەنێرێتە ئێران؟!

هەروەها ڕاپۆرت نووس بەردەوام دەبێت لە زۆرکردنی گومان و گەورەکردنی گومان لەسەر حەسەن زیرەک ئەمجارە دەنووسێ "خوشکی ئەو ژنی پیاوێکە کە هاوکاری پلەیەکی قازی محەمەد بووە، ئێستا لە شوورەوی ژیان بەسەردەبات، لە سەرەتای ساڵی ١٣٤٠ ژ هەتاوی ١٩٦١ زایینی بەهۆی باڵیۆزخانەی شوورەوی لە ئەنقەرە هاتۆتەوە تورکیا" لێرە جارێکی تر گومان لەسەر زیرەک زۆرتر دەکات، بەهۆی ئەوەی کە خوشکی حەسەن زیرەک خێزانی پیاوێکە کاتی خۆی هاوکاری نزیکی پێشەوا قازی محەمەد بووە. واتە لێرە زیرەک هیچ تاوانێکی نەکردووە، بەڵام، بە هۆی خوشکی و زاواکەی گومانی زۆرتری بۆ دروست دەکرێ، ساواک جارێک بە جاسوسی عێراقی ناو دەبات و جارێکی تر وەک خزم و تێکەڵ بە بنەماڵەی قازی محەمەد تاوانباری دەکات.

هەر ڕاپۆرت نووس، جارێکی تر باسی "میدیای زەندی" دەکات و دەنووسێ "**هەروەها میدیای زەندی پێشکەشکاری ڕادیۆ زۆربەی شەو بە ناوی خزمەکانی خۆیەوە پەیام بۆ کوردستان دەنێرێ !!**" لە کاتێکدا زۆر ئاساییە لەو سەردەمەی کە میدیا لە ڕادیۆ بووە و بەرنامەی پێشکەش کردووە، خزم و ناسیاوی خۆشی نامەیان بۆ بەرنامەکەی ناردبێ ئەویش وەڵامی دابنەوە، بەڵام ئەوەیە حاڵی هونەرمەند و پێشکەشکاری کورد و لە ڕادیۆی تاران، کە هەتا ئەگەر لە ڕادیۆکەی ئەوانیش سەرکەون و خزمەتی ڕادیۆکە و بەرنامەکانیشیان بکەن! بەڵام، چونکە کوردن، ئەو خزمەت و سەرکەوتنەش جێگای گومانە!.

دیارە بۆ زیرەک میدیای زەندی، ئەو گومانانەی ساواک هەروەها نامێنێتەوە! دواجار ساواک ئەم سەرکەوتنە هونەری و پێشکەوتنە ڕادیۆییەی زیرەک و میدیای زەندی و ڕاداگرێ و خێزانە هونەریەکە لە باریەک هەڵدەوەشێنێ!!

ئەمە ئەگەر ڕاپۆرت نووس، ڕاپۆرتەکانی خۆی لە بارەی زیرەک و میدیا بۆ ساواک نووسیوە، لە سەردەمی دوای پێکهێنانی خێزان و دامەزراندنی هەر دووکیانە لە ڕادیۆ، خۆ پێش ئەمە و لەسەرەتای گەڕانەوەی حەسەن زیرەک لە عێراق، دیسان ساواک هەر چاو دێری زیرەکی کردووە ڕاپۆرتی خۆی لەسەر نووسیوە، **لە بەڵگەی ژمارە- ٩/١٧٥ب-م ڕۆژی ١٣٣٧/٥/٣٠** — **١٩٥٨ز داهاتووە "حەسەن زیرەک لە ماڵی موزەفەر حەبیب سەبارەت بە خۆشەویستی ئالیا حەزرەت هەمایۆنی و پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و بیروڕای خەڵک پرسیاری کردووە. بۆیە بەر خورد لە هەمبەر ئەمە پێویستە لەگەڵیدا تەواوی وریایی بگیرێتە بەرو کارو هەڵسوڕانی ئەو لە تاران بخرێتە ژێر چاودێری، چونکە دەگونجێ سەردان و هاتووچۆی ماڵی دکتۆر شیرازی بکات،** لەوەی کە ساواک گومان لە حەسەن زیرەک دەکات سەردانی ماڵی دکتۆر شیرازی بکات، ئەو "دکتۆر شیرازی"یە وەک بەڕێز "دکتۆر یاسین سەردەشتی" باسی کرد دکتۆر شیرازی زاوای پێشەوا قازی محەمەد بووە و هەروەها ئەندامی حزبی تودەی ئێرانی بووە، کە ئەم گومانانەی ساواک ئەوە دەسەلمێنی کە زیرەک خزمایەتی و پەیوەندی کۆمەلایەتی لەگەڵ کەسانی تێکۆشەر و نیشتمان پەروەر هەبووە.

لێرە بەدەر دەکەوێ کە زیرەک پاش گەڕانەوەی لە ماڵی "موزەفەر حەبیبی" ویستوویەتی ڕادەی خۆشەویستی خەڵک بزانێ، بۆ بنەماڵەی شای ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران. ئەمە زیرەک وەک کوردێک و نیشتمان پەروەرێک- هەر لە نێو خۆییدا ئەم پرسیارەی کردووە، چونکە هیچ بەڵگە و گێڕانەوەیەک باسی پەیوەندی زیرەکمان بۆ ناکات بە هیچ حزبێکەوە، هەتا حزبە کوردییەکانیش، هەروەها زیرەک لە کاسێتێکدا بەخۆی دەڵێ:

"نەحزبیمە و نە جاشم
نەتودەم نەیۆلداشم." و ناوی زۆر ڕێکخراو دێنی و دواجار دەڵێ کوردی بێ غەل و غەشم.

ئەوەی کە گرینگە، ئەوەتا ساواک لە بەڵگەی خۆیدا دەنووسێ "لە هەمبەر ئەمەدا پێویستە لەگەڵیدا تەواوی وریایی بگیرێتەوە و کارو هەڵسوڕانی بخرێتە ژێر چاودێری!!" دیارە هەموو لایەکیش ئەمە دەزانێ! کە ساواک دەنووسێ: "لە هەمبەر ئەمەدا پێویستە لەگەڵیدا تەواوی وریایی بگیرێتە بەر و کارو هەڵسوڕانی بخرێتە ژێر چاودێری!!" مانای چییە؟ دەزگایەکی سیخوڕی وەک ساواک ئەم دەستە واژانە هەروا بە خۆڕایی نانووسێ- تەواوی وریایی- بخرێتە ژێر چاودێری- ئەمانەش سەبارەت بە چ کەسێ دەنووسرێ؟! سەبارەت بە زیرەک.

**- کوردستان:.**

پاش دابەشکردن و پارچە پارچەکردنی خاکی کوردستان و داگیرکردنی هەر پارچەیەکی لەلایەن میللەتێک و حکومەتێکەوە، وڵاتی "کوردستان" و ناوهێنان و باسکردنی باجی سەری دەویست، پاش شکستی شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی میللەتی کورد لە پارچە جیا جیاکانی کوردستان و بە تایبەت شکستی شێخی نەمر و روخانی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدانی پێشەوا قازی ناو "کوردستان" لە هەموو کوردستان سڕایەوە و تەنیا لە ئێران بچووک کرایەوە و لە باری فەرمییەوە بۆ ناوی شاری "سنە- سنەندج" وەک "استان کردستان" بەکار دەهات و ئەمەش مەبەستێکی سیاسی دەوڵەتی ئێرانی لە پشت بوو، چۆن دەیویست، "میللەتی کورد" بە "هۆز" ناو ببات و "زمانی کوردی" بە "لەهجە" بناسێنی، ئاواش دەیوست هەموو وڵاتی کوردستان، لە سنووری شارێکدا بچووک بکاتەوە و لە مانای "وڵات" و "میللەت" و "زمان" دایانبڕێ و دواجار تاکی کورد لە تایبەتمەندییە نەتەوەییەکان بێ ئاگاو بێ هیوا بکات.

ئەگەر ئەمە حاڵی ئێران بوو، ئەوا لە پارچەکانی تری کوردستان حاڵی کورد لەمە باشتر نەبوو، لە تورکیا لە نەزەری حکومەتی تورک شتێک نەمابوو بە ناوی "میللەتی کورد" و "وڵاتی کوردستان" ئەوەی هەبوو تورکی چیابوو.

لە وڵاتی سۆشیالیستی سۆڤیەتی ئەوکات، "کوردستانی سوور" لە خوێن سوورکرا، لە سووریای عەرەبیش هەموو کوردستانی بەردەستی ئەو گرێی "پشتێنەی سەوز" ی لەگەرووی نزاو هەناسەی لێ بڕا، لە عێراقی برای عەرەبی چاوڕەشیش، "گوڵی کوردستان" دەدرایە بەر ڕێژنەی گوللە و بۆمبای ناپاڵم!! لەم ڕۆژگارەدا و لەم سەروبەندی خەفەقا نەدا، هونەرمەند "حەسەن زیرەک" بە دەنگە خۆش و ڕەسەنەکەی، بە ئاوازە بەسۆز و دڵگیرەکەی، بە زمانە جوان و ڕەوانەکەی، بە عەشقە گەرم و پاکەکەی، بە هەستە کوردانەکەی ڕۆژانە لە نێو گۆرانییە تازەو داهێنراوەکانی دا بە دەنگێکی بەرز کەو ئاسا دەیخوێند و بولبوول ئاسا دەیچریکاند، "سینگت پەنیری کوردی" و زوڵفت گیا بەند و خاوە، "سێ گەز بەگەزی کوردی" باسکت لەگەردەنم ئاڵێ و "سەر تۆپی کوردستانی" و بەردەوام "کورد" و "کوردستان" بە دەنگە خۆشەکەی و لە نێو گۆرانییە خۆشەکانی وەک بارانی ڕەحمەتی، درەنگە ساڵ، دەبارییە نێو دڵ و دەروونی یەک بەیەکی تاکی کوردو گوڵی هیوای دەگەشاندنەوە.

کوردستانی هونەرمەند حەسەن زیرەک، جیابوو لە "کوردستان"ی داگیرکەران، جیابوو لە ڕۆژنامەی "کردستان" ئێران کە هەردەبوایە تەنیا باسی "شیعر و جوگرافیا" بکات و ئەوەش بۆ چاو بەستە بوو!!

کوردستانی هونەرمەند حەسەن زیرەک، جیا بوو لە"استان کردستان"ی کەمەبەست لە "استان کردستان" بچووک کردنەوەو بێ ڕەواجکردنی "کوردستان"ی گەورە بوو، هەر بۆیە کوردانی شاری سنەش دڵیان زۆر بەم "کردستان"ە خۆش نەبوو، کەم بەکاریان دەهێنا کوردستانی هونەرمەند حەسەن زیرەک، کوردستانی هەموو کورد بوو، هەموو کوردستان بوو، کوردستانی مێژوو کوردستانی جوگرافیا و کوردستانی ئازادی و کوردستانی "ژیان" و "عەشق" بوو کوردستانی ڕابردوو و کوردستانی ئێستا و کوردستانی داهاتووی کوردستانی گەورە بوو. ئەم کوردستانە لە نێو زۆربەی گۆرانییەکانی زیرەک دا هەبوو، ڕۆژانە چەندین جار بە دەنگە خۆشەکەی بە دەنگێکی بەرز، بەبڵاو بوونەوەیەکی باش ئاسمانی کوردستانی و ڕۆژهەڵاتی دادگرێت و لە کوردستانیش گەرمێن و کوێستانی دەکردو دێ بە دێ و شارەو شار دەگەڕاو سەری بە هەموو ماڵێک دادەگرت و لە نێو هەموو دڵێک جێگای خۆی دەکردەوە،

**"ساڵان دەچوومە شاخی کوردستان**
**ئەمساڵ وشک بوو گشت باخ و بێستان"**

زیرەک هەموو جوانییەکانی کچ و ژنی کورد، هەموو جوانییەکانی سروشتی کوردستان، هەموو داب و نەریتەکانی کوردەواری، هەموو خەم و ئازارەکانی کوردەواری، هەموو هیواو ئاواتەکانی میللەتی کوردی لەناو ئەم وشەو ناوە پیرۆزەی "کوردستان" دا دەتواندەوەو بەخۆشترین ئاوازو بەرە سەنترین دەنگ و بە دڵسۆزترین مەبەست دەیکردە مەرهوم و برینی لە مێژینەی "کوردایەتی" و "دەردە کورد"ی پێ تیمار دەکرد.

زیرەک یەکەمین هونەرمەندە، کە لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردووی هەزارەی ڕابردوو بۆ ماوەی بیست ساڵ، زۆرترین جار وشە و ناوی "کورد و کوردستان" لەنێو گۆرانییەکانی خۆیدا بەکار هێناوە چ لە عێراق و چ لە ئێران.

هەربۆیە، گوێگرانی، حەسەن زیرەک، تەنیا گوێیان لە دەنگێکی خۆش و گۆرانییەکی دڵداری نەدەگرت، بەڵکە گوێیان لە دەنگێک دەگرت، بە بەرزترین هونەر، بەجوانترین هونەر باسی مێژوویێکی خوێناوی بۆ دەکردن:

**"ئەمساڵ بەهارمان کەبێ بارانە**
**گوڵاڵەی سورمان جەرگی یارانە.**
**لە هەرچوار لاوە شاییە بەڕێزە**
**خەنەبەندانمان خوێنی ئازیزە"**

لێرەوە بوو، گۆرانییەکانی زیرەک، ئەوەندەی کە گۆرانی عەشق و جوانی بوون، دوو هێندە، گۆرانی "کوردایەتی و سیاسەت"یش بوون، مامۆستا "محەمەد حەمە باقی" دەنووسێ: "بەڵێ ئازارەکانی ناو دەنگی بە سۆزی حەسەن زیرەک ئازاری هەموو هونەرمەندێکی کورد بوو ئازاری بێ کۆتایی هەموو نەتەوەی کورد بوو" ئەمەش وایکردبوو کە ڕۆژ بەڕۆژ گوێگر و لایەنگرو جەماوەری زیرەک و گۆرانییەکانی زیرەک زۆرترو بڵاوتر بێت. ئەوەتا مامۆستای نووسەر محەمەد حەمە باقی چۆن باسی زیرەکمان بۆ دەکات و سەیرکە زیرەک چەند ڕاستگۆیانە و لەناخەوە باسی عەشقی خۆی دەکات بۆ "کوردستان" و جوانییەکانی کوردستان کە دەفەرمووێ: "ئەگەرچی وشەکانم لە پلەی نەخوێندەواری و ساکاریمە و زۆر ساکارە گۆرانییەکانم ئەبیسترێن. بەڵام، ئەو سەری نیازم هەر ئەوگڕە میللییەیە کە دەروونی ئاگر تێبەرداوم و شەیدای خۆراکی جوانی و شارو بست بەستی کوردستانی کردووم و گۆرانیان پیا هەڵ دەکەم." گەوهەرێ.

زیرەک هەر تەنیا لەو شەو ناوی "کوردستان" دا باسی کوردستانی نەدەکرد، بەڵکە بست بەست خاکی کوردستانی ورد دەکردەوە، بەشارو شارە دێ و گوندو ئاوایی و کێو و شاخ و کانی و باخ و دەشت و ڕەزیش هەر باسی کوردستانی دەکرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە دەسەڵات، چ لە عێراق و چ لە ئێران! تەنیا وەک گۆرانیبێژو هونەرمەندێکی ئاسایی سەیری زیرەک نەکەن! بەڵکە بیخەنە ژێر چاودێرییەکی ورد و حیسابێکی وردی بۆ بکەن، لەگەڵ چاپکردنی کتێب و دیوانە شیعری "چریکەی کوردستان" ئەم حیسابە وردە گەیشتە قۆناغی هەڵوێست وەرگرتن و ڕووبەڕووبوونەوەی نا بەرامبەر.

بەڵێ! "چریکەی کوردستان" داهێنانێکی تری زیرەک بوو، لەو داهێنانەی کە لە خزمەتی "کوردستان" بوو، بەمانایەکی تر لە ڕستەیەکی کورتی هونەری ئەدەبی دا دیوانێکی شیعری هونەرمەند بووە تەواوکەری کارە دەنگییەکان، گۆرانییەکانی زیرەک و بەنێو کوردستاندا بڵاوبووەو پێشوازییەکی زۆر و گەرمی لێکرا لەلایەن خوێندەوارانی ئەو ڕۆژگارەی کوردستان، بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێم: دەبێ حیسابی دیوانە شیعرێکی ژیانە شیعر بۆ دیوانی "چریکەی کوردستان" بکەین کە هونەرمەندی شاعیر لە ساڵی ١٩٦٦ دا بڵاوی کردۆتەوە و ئەمەش دەرگای مەینەتی لێ دەکاتەوەو بەپەلە لە پرۆزێ هەڵدێ، هەر مامۆستای نووسەری ناودار "محەمەد حەمە باقی" کە لە دوای چاپکردنی "چریکەی کوردستان" و جارێکی تر دەربەدەر بوونی زیرەک. بۆ عێراق لە مانگی ١ی ساڵی ١٩٦٧ لە ڕێگای قلیاسان دەگیرێ، مامۆستا لەگەڵ هونەرمەند حەسەن زیرەک پێکەوە لە بەندیخانە بووەو خۆی لە زیرەکی بیستووە کە حکومەتی ئێران بە تایبەت "ساواک" زۆریان پێناخۆش بووە کە زیرەک ئەم دیوانە شیعریە- کتێبە کوردییەی چاپکردووە. مامۆستا عەبدولی حەمە باقی دەڵێ: **میدیای زەندی گووتی: کە زیرەک چریکەی کوردستانی چاپکرد ئێران فەرمانی گرتنی زیرەکی دەرکرد.**

هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ئێران- ساواک زیرەک ناچار بکات واز لە ڕادیۆ بێنی و ماڵ و مندال و میدیای زەندی بەجێ بێڵێ و دواجار هەموو ئەمانەی لە دەست بچێ و هەتا مردن یان ڕاستتر هەتا کوشتنەکەی بە دەستی ساواکەوە، نەک لە تارانی پایتەخت و کرماشان شاری گەورەی کوردستان و نەلە عێراق و بەغدا، خۆی گووتەنی: "لە هەموو ئێران و عێراق جێگای نەبووەوە" لە چایخانەی "کانی مەلا ئەحمەد"یش لەو سەر سنوورەش لێی نەگەڕان



**حەسەن زیرەک لە بەڵگەنامەکانی ساواکدا**

# هونەرمەندان بەحەسرەتەوە باس لە هونەرمەند و پێشمەرگە حەمە جەزا دەکەن



هێرش عومەر ڕەزا



هێرش عەبدولڕەحمان



نیاز نوری

**ئا/ هێمن جەمیل - سلێمانی**

### هێرش عەبدولڕەحمان، میوزیسیان

کۆچی ناوەختی هونەرمەند حەمەجەزا ئەسەفێکی زۆر گەورە بوو بۆ هونەرمەندان و بە تایبەت بۆ گەلی کورد، لەبەرئەوەی هونەرمەندێکی زۆر گەورە و گۆرانیبێژێکی زۆر بە توانا بوو، مرۆڤێکی زۆر پاک و دڵسۆز بوو، من وەک خۆم ماوەیەکی زۆر کارم لەگەڵ کردووە و خۆشترین کات ئەوەبووە، کە لەگەڵ کاکە حەمەدا کاری هونەری بکەیت و لەگەڵیدا کات ببەیتە سەر لەبەرئەوەی کەسێکی زۆر مرۆڤ دۆست بووە و میللەتی خۆی زۆر خۆشدەویست و هونەری لەلا پیرۆز بوو، من زۆر شانازی بەخۆمەوە دەکەم و زۆریش بەختەوەرم، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵ ئەو هونەرمەندە گەورەیە کارم کردووە و شەرەفێکی گەورە و شانازییەکە بۆ من لەگەڵ حەمەجەزا کارمکردووە، کۆچی ئەو کارەساتێکی زۆر گەورە بوو بۆ میللەتی کورد، حەمەجەزا شایەنی زۆر شتە، کە بۆی بکرێت و سوپاس بۆ خوا زۆریشی بۆ کراوە لەوەی کە مەراسیمێکی شایستەی بۆ کرا و دەخوازین ئەمە دوا کۆستی هونەری بێت و هونەرمەندانیش ڕێز لە هونەرەکەی کاکە حەمە بگرن.

### ئیبراهیم نەجمەدین، میوزیکژەن.


کۆچی ناوادەی حەمەجەزا ئەسەف و کەلێنێکی زۆر گەورەی لەنێو هونەری کوردیدا بەجێهێشت، حەمەجەزا مرۆڤێکی بێ زیان و قسە خۆش و خاوەن هەڵوێست بوو، بەداخەوە کەلێنێکی لەنێو هونەر و گۆرانی کوردیدا دروستکرد و بۆشاییەکی دوای خۆی جێهێشت، دەخوازم ساڵانە خەڵاتێکی هونەری بەناوی کاکە حەمەوە ببەخشرێتە هونەرمەندانی داهێنەر و ببێتە نەریتێکی ساڵانە لە کوردستاندا.

### عومەر هەمەوەندی، شانۆکار.


کۆچی حەمەجەزای هونەرمەند و پێشمەرگەی کوردستان خەسارەتێکی گەورە بوو بە هونەری کوردی و گەل و میللەت کەوت، چونکە حەمەجەزا هونەرمەندی میللەت بوو بەبێ جیاوازی خزمەتی بە هونەر دەکرد و هەموو ئاواتێکی ئازادی کورد و کوردستان بوو بەلەدەستدانی ئەو کەڵە هونەرمەندە خەمبارین و دەخوازم دوا ناخۆشی بێت بۆ گەلی کورد بە گشتی و هونەرمەندان بە تایبەتی.

### شەماڵ فەهمی، شانۆکار.


کۆچی ناوەختی ئەو هونەرمەندە گەورەیە بەڕاستی کارەساتێکی گەورە بوو، ئەو هونەرمەندە هونەرمەندی میللەت بوو، گۆرانی و سروودەکانی بۆ هەموو جەماوەر بوو، لە مەراسیمی بەخاک سپاردن و مزگەوتدا خەڵکی بەشەرەفی کوردستان بە گشتی ئەوەیان سەلماند کە بەراستی هونەرمەند حەمەجەزا هونەرمەند و بوو لە گۆرانیبێژ و مەقامزانەکانی کورد و یەکێک بوو لەوانەی زۆر بە زیرەکانە و بوێرانە توانی جێگای خۆی لەهونەری کوردیدا بکاتەوە، حەمەجەزا نەک تەنها لەناو هونەرمەندانداا، بەڵکو لەناو خەڵکی هەر چوار پارچەی کوردستاندا جێگای خۆی کردبۆوە و یەکێک بوو لەو کەسانەی توانی مەقامەکانی بەشێوەیەکی زۆر زیرەکانە و لە شوێنی خۆیدا بڵێت و ئەو گۆرانییەی دەیوت هەمووی لە ناخ و دڵ و دەروونی میللەتەوە هەڵدەقوڵا و ئەیزانی چ گۆرانییەک میللەت ئەیەوێت ئەو ئەو گۆرانییەی دەوت، بۆیە چەند بوترێت لەسەر هونەرمەند حەمەجەزا هێشتا کەمە و تەنها ئەوەندە ئەڵێم کە کاکە حەمە لە کاتێکی زۆر جواندا کۆچی کرد، یەکەم ڕۆژی هەینی بوو دووەم ڕۆژی جیهانی میوزیک بوو، کە ئەو هەمیشە لەو ڕۆژەدا بەشداری لە چالاکییەکاندا دەکرد، بۆیە ئەو ڕۆژە جوانترین ڕۆژە بۆ حەمەجەزا و هیوادارم کە ڕۆژی میوزیکی جیهانی بکرێتە ڕۆژی میوزیکی کوردی و هەر لەو ڕۆژەدا جوانترین ڕێز لەو هونەرمەندانە بگیرێت، کە خزمەتیان کردووە بە هونەری کوردی، هەروەها حەمەجەزا زۆر تامەزرۆی هونەر بوو، بەو توانا ماددییە زۆرەی هەیبوو وازی لە هەموو شتێک هێنابوو تەنها خزمەتی بە گۆرانی و هونەری کوردی دەکرد و دوای خۆی شانازییەکی بێ وێنەی جێهێشت و هونەرێکی ڕەسەنی جێهێشت.



جەبار مەعروف



شەماڵ فەهمی



نەجم هۆگر

### نیاز نوری، میوزیسیان.

بێگومان کۆچی حەمەجەزای هونەرمەند سوێیەکی گەورەی لە دڵی من بە تایبەتی و ویژدانی هەموو گەلی کورد و هونەرمەندانداا دروستکرد، کۆچی هونەرمەند و کەسایەتییەکی وا بێگومان کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر گۆڕەپانی هونەری کوردی، ئەو هونەرمەندەی بە کارە جوانەکانی و گۆرانییە سیاسییەکانی بە هەڵوێستە نیشتیمانپەروەرەکانی توانیبووی بۆخۆی پانتاییەکی باش لەسەر گۆڕەپانی هونەری کوردی داگیربکات، کارەکانی بەسەر خانەی گۆرانی سیاسی و خانەی هونەری بەرگرییەوە زۆرینەن و بەشێکی دیکەی دەچێتە خانەی دروستکردنی بەردی بناغەی گۆرانی و میوزیکی کوردییەوە، ئەوەی کە زیاتر جێگەی داخە کاتی نەبوو بۆ کۆچی دوایی کاک حەمەجەزا و ئەگەر مەرگ مەودای بدایە دەیتوانی کاری باشتر و جوانتر بکات و هەگبەکەی کاری جوانتری تێدابوو، بەڵام بەداخەوە مەرگ ڕێگەیەکە بۆ هەموومان، ئەگەر بمانەوێت حەمەجەزا لەڕووی هونەرییەوە پێناسە بکەین دەتوانین بە دەنگێکی ڕاستگۆی نیشتیمانپەروەری خاوێنی خۆڕسک بدەینە قەڵەم، کە توانیوێتی خۆی بۆ خۆی پەرە بە خۆی بدات و گەشە بەدەنگی خۆی بدات و لە بوارەکانی دانانی شیعر و ئاوازیشدا کاری زۆر چالاک و زۆر باشی هەبووە و ئەگەر مێژووی هونەری کوردی بەڕاستی و دروستی بنووسرێتەوە کارەکانی دەبنە بەردێکی سەنگینی بناغەی هونەری گۆرانی کوردی.

### هێرش عومەر ڕەزا، میوزیسیان.

ناسینی من بۆ هونەرمەند و پێشمەرگە حەمەجەزا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی حەفتاکان، کە من منداڵ بووم و بەهۆی هاوڕێیەتی لەگەڵ براکەمدا، کارەکانی حەمەجەزا هەمیشە بە زیندوویی ماوە و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خۆی بە زیندوویی ماوە لەگەڵماندا، هونەرمەند هەرچەندە خوێندنی میوزیکی نەخوێندبوو، بەڵام بە هەوڵ و توانای خۆی و خوێندنەوەی خۆی یەکێک بوو لە ئەستێرە بەناوبانگەکانی هونەری گۆرانی و میوزیکی کوردی و خەسارەتێکی گەورە بوو لە هونەری کوردی کەوت، پێم خۆشە قسە لەسەر ئاوازەکانی ئەو هونەرمەندە بکەم، حەمەجەزا وەک مەقامبێژێک ستایلێکی تایبەت بەخۆی هەبوو، وەکو ئاوازدانانیش کۆمەڵێک ئاوازی هەمیشە زیندووی داناوە، کە ئاوازەکانی تەمەنیان کورت نەبوو، ئەو ئاوازانەی کە دایدەنان تەمەنیان درێژبوو، چونکە بەبەردەوامی مرۆڤ حەز دەکات گوێیان لێبگرێتەوە، حەمەجەزا کەسێکی زۆر ڕۆح سووک زۆر قسە خۆش بوو، بەیەکەم دانیشتن دەچووە دڵی بەرامبەرەکەیەوە و ڕێزی هەموو کەسێکی دەگرت، کە دائەنیشتین لەگەڵیدا هەمیشە وەک گەنجێک مامەڵەی دەکرد، بۆیە بەلەدەستدانی ئەو خەسارەتێکی زۆرمان بەرکەوت.

### جەبار مەعروف، شانۆکار.

کۆچی دوایی حەمەجەزای هونەرمەندی گەورەی کورد کۆستێکی گەورە بوو لە هونەری کوردی کەوت، چونکە ئەو جیا لەوەی هونەرمەندێکی بەتوانای گەورەی کورد بوو، لەهەمانکاتدا کەسێکی شۆڕشگێڕ و نیشتیمانپەروەر بوو، کەسێک بوو بەڕاستی هونەرەکەی زۆر خۆشدەویست و لەهەمانکاتدا نیشتیمانەکەیی و گەلەکەی و کوردی خۆشدەویست و خزمەتکارێکی گەورەی گەلەکەی بوو، کە هەموو ژیانی لەپێناوی هونەر و خزمەتی نیشتیمانەکەیدا بەسەربرد، زۆر بەداخەوە بۆ ئەو کەڵە هونەرمەندانەی بۆ خۆیان ناژین و بۆ هونەرەکەیان و گەل و نیشتیمان ئەژین و سەرەخۆشی لە هەموو هونەرمەندان و بنەماڵەکەیان بێت و دوا ناخۆشی کورد و هونەرمەندانی بێت.


گۆرانیبێژی میللەتە، هەربۆیە بەناوی ئەندامانی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کوردەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ڕادەگەیەنین بە خانەوادە و هونەرمەندان و بەهیواین دوا کۆستی بنەماڵەکەیان و دوا ناخۆشی بێت بۆ هونەرمەندان.

### نەجم هۆگر، دەرهێنەر.

لەدەستدانی هونەرمەندێکی گەورەی وەک حەمەجەزای گۆرانیبێژ، کۆستێکی گەورەیە بۆ هونەری گۆرانی و میوزیکی کوردی، حەمەجەزا جگە لەوەی وەک گۆرانیبێژ دەنگێکی زوڵاڵی هەبوو، کەسێکی بە هەڵوێست و نیشتیمانپەروەر بوو، هونەرمەندێکی زۆر بە توانا بوو، ئەوەندەی من بزانم کەسێکی زۆر دڵفراوان بوو، زۆر یارمەتی کەسانی دیکەی داوە و هاوکاری هونەرمەندانی کردووە، زۆر بەداخەوەم کە کەسێکی وەک هونەرمەند حەمەجەزامان لێ دوور کەوتەوە و هیواداریین ڕێبازەکەی ون نەبێت و جێگەی بەهەشتی بەرین بێت.

### سەردار خدر، میوزیکژەن.

هونەرمەندی گەورە حەمەجەزا یەکێک بوو لە کەڵە هونەرمەندەکانی هونەری کوردی، بەراستی خەسارەتێکی گەورە بوو بۆ هونەری کوردیمان و یەکێک



سەردار خدر



عومەر هەمەوەندی



ئیبراهیم نەجمەدین

## بۆ حەمە جەزا



سلێمانیت لە ئامێز گرت...
یان ئەو لە باوەشی گرتی
عومرێکە نازی هەڵئەگری...
وا ئەویش نازی هەڵگرتی

ئێستا لە گەڵ سلێمانی
تاهەتایە دەست لە ملانی
ئیتر بە جێمان ناهێڵی و...
بۆ هەمیشە لە گەڵمانی

تۆ مەقامێکی نەمری...
لە قەتار و سەفەر ئەچی
وەکو شارەکەت سەربەرزی..
هەر لە گۆێژە و ئەزمەڕ ئەچی

تۆ بۆ ئێمە ژیای،نامری
پێشمەرگە هونەرمەندەکە
لە پاش مەرگت چەند
غەمبارن...
تۆ تەماشای ئەم کوردەکە

بمبەرەوە بۆ هەشتاکان...
بە سرودێ ،بە مەقامێ
ئەو ڕۆژانەی بە نهێنی...
شریتی تۆیان ئەدامێ

ئەو ڕۆژانە زۆر جوان بوون،جوان
وەک پۆستەری شەهیدەکان
وەک دروشمی سەردیوار و...
وەک ئیختیفای پێشمەرگەکان

ئەو ڕۆژانە هەرهەموومان...
ئامانجمان سەر فرازی بوو
سەروەت و سامانەکەمان
هەر دڵسۆزی و گیانبازی بوو

وەک چۆن تیپی کارزان نامرێ
سروودی ئەی ڕەقیب نامرێ
حەمە گیان تۆش نامری قەت
ئەژیت لە دڵی گەلەکەت

**ئیسماعیل محەمەد**

**٢٠١٠/١٠/٤ ،سلیمانی**


بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای راپەڕین ژمارە سفری لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

- خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس: حەمید ئەبوبەکر بەدرخان (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)
- بەڕێوەبەری نووسین: عەبدولڕەحمان مەعروف (٠٧٥٠٤٦٣٨٥٤١)
- ستافی کارا: کازم عومەر دەباغ، هێمن جەمیل، هەوراز محەمەد، محەمەد فەتاح، مەسعودی مەلا هەمزە.
- نەخشەساز: یەعقوب یوسف ئەبوبەکر
- بەشی کۆمپیوتەر: ئەیوب یوسف ئەبوبەکر
- سەرپەرشتیاری سایت: فەرهاد پاپیر - ئەڵمانیا

- ڕاوێژکاری زمانەوانیی: د.وریا عومەر ئەمین
- ڕاوێژکاری ڕووناکبیریی: د. ئازاد حەمە شەریف
- ڕاوێژکاری کەلتووری: د. ئیسماعیل محەمەد قەرەداغی
- ڕاوێژکاری مێژوو: د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور
- ڕاوێژکاری هونەری: محەمەد زادە
- ڕاوێژکاری یاسایی: پارێزەر حوسامەددین یاسین سەرداری



ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری

نۆرماڵ: ٠٦٧٩ ٢٥١ ٦٦ ٩٦٤ +
مۆبایل: ٩٦٤ ٧٥٠ ٤٥٥ ٥٨٧٨ +

www.bedxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com